


گوڵان

ساڵی بیست و نۆیەم (١٣٤٠)- (٧)ی تشرینی دووەم ٢٠٢٢


# کوردستانی دوای کۆنگرەی ١٤

## گێڕانەوەی متمانە.. نوێکردنەوەی ئومێد.. پیشاندانی ئیرادەی بڕیاردان




# ڕێکخستنەوەی پارتی پێش ڕاپەڕینی ١٩٩٠

## ٤١

لە هەلومەرجی ئەو کاتدا، بڕیاری پارتی بریتی بوو لە تەرخانکردنی هەموو هێزو تواناکان لە چوارچێوەی بەرەی کوردستانیدا لە لایەک و، لە ئاستی ناوخۆی پارتییشدا ڕێکخستنەوەی کاروباری ناوخۆ بەپێی توانا و دەرفەتە بەردەستەکانمان. بۆ ئەو مەبەستە لە ماوەی نێوان ١ هەتا ٩ی کانوونی دووەمی ١٩٩٠ مەکتەبی سیاسیی پارتی زنجیرە کۆبوونەوەیەکی گرنگی بەست و تێیاندا بارودۆخەکەی بە وردی و بە شێوەی بابەتییانە هەڵسەنگاند و ئەم زنجیرە کۆبوونەوانە چەندین بڕیاری گرنگی لێ کەوتەوە کە بریتی بوون لە:

١) – کاراکردنی زیاتری ڕێکخستنەکانی پارتایەتی لە ناو پەنابەران لە شارەکانی ئێران لە ڕێگای لقی هەشتی پارتییەوە.

٢) – نوێکردنەوە و ڕێکخستنەوەی هەڤاڵانمان لە کەمپەکانی تورکیا، ئینجا سێ سەرکردایەتییان بۆ دابنرێت.


٣) – فرەوانکردنەوەی هەوڵە سیاسی و دیپلۆماسییەکان لە دەرەوە.

٤) – دووبارە ڕێکخستنەوەی سەربازی و ئامادەکردنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە مەبەستی گەڕاندنەوە و ڕەوانەکردنەوەی مەفرەزەکانی پێشمەرگە بۆ ناو خاکی کوردستان، ئەویش لە کاتی گونجاودا، دوای کۆتاییهاتنی وەرزی سەرما و کرانەوەی ڕێگاوبانەکان.

هاوتەریب لەگەڵ ئەوانەدا، پەیوەست بە کاروباری بەرەی کوردستانییش، ئەندام و لایەنەکانی ناو بەرەی کوردستانی بە باشی پابەندی ئەو پرس و بابەتانە بوون کە لە چوارچێوەی سیاسەت و کاری گشتیی بەرەی کوردستانیدا دەستنیشان کرابوون.

لە ڕاستیدا بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، کارەسات و بارودۆخی سیاسیی نالەباری ساڵی ١٩٨٨، هیچی کەمتر نەبوو لە بارودۆخی ١٩٧٥. بەڵام بوونی بەرەی کوردستانی و هاوکاری و تەبایی و یەکڕیزی لایەنەکان خاڵێکی یارمەتیدەر و پۆزەتیڤ بوو و، بەباشی بووە فاکتەرێک بۆ کەمکردنەوەی قورسایی و زام و شکانی ئێش و ئازارەکانی ساڵی ١٩٨٨. هەموو لایەنەکان پێکەوە شانیان دایە بەر بەرپرسیاریەتی، نەک ئەوەی بکەونە تاوانبارکردنی یەکتر، ئەمەش لە ڕاستیدا خۆی سەرکەوتن و دەستکەوت بوو.

# چاپکراوی نوێ




چاپی یەکەمی کتێبی (فەرهەنگی ڕەش - کوردی- کوردی پیتی: ئەلف) لە نووسینی مامۆستا و نووسەر و چیرۆکنووس و ڕۆماننووس (عەزیزی مەلای ڕەش) بە بەرگێکی ناوازە و لە دووتوێی (٣٨٥) لاپەڕەدا وەك فەرهەنگێکی دانسقە کتێبخانەی کوردیی دەوڵەمەند کرد.

مامۆستا عەزیزی مەلای ڕەش دەربارەی ئەم فەرهەنگە نووسیویەتی کە لەساڵی ٢٠٠٤ ەوە هەتا ساڵی ٢٠٢٠ خەریکی ئامادەکردن و نووسینی ئەم فەرهەنگە بووە بەو شێوەیە بەچاپی گەیاند، دوای جارێك خوێندنەوەی دەیان هەڵەی زەقی کەوتووەتە بەر چاو، هاوکات دەڵێت: بەداخەوە لەبەر بێشنگی و جەستەی و مرانی هەڵوێستی نەیتوانی جاری دووەم بیخوێنێتەوە، تاکو خۆی لە قەرەی فەرهەنگە بە پێزەکان بدات، ئەمەش بۆ تاوانی کێشەکە دەگەڕێتەوە، ئەگەر نا لەگین بوو لەو ماوە زۆرەدا ئاوێزانی پیتەکانی دیکەش ببوایە.

مامۆستا عەزیز لە پێشەکیەکەدا باس لە بەسەرهات و سەرگوزەشتەی خۆی و تەندروستی و ستایلی ژیان و ئاوێتەبوونی لەگەڵ نووسین دەکات و دەیان بەسەرهاتی تراژیدی دەهێنێتەوە و بە حەسرەتەوە، هەمیش ڕاستگۆیانە ئاماژەیان پێ دەکات.

ئەو هەوڵ و ماندووبوونەی مامۆستا نەك هەر جێگەی ڕێز و پێزانینە، بەڵکو وا پێویست دەکات ببێتە سەرچاوەیەك بۆ ئەوانەی بایەخ بە زمانی ڕەسەنی کوردی دەدەن، چونکە لەم هەوڵەدا کەس نییە شان لە شانی بدات و بەم شارەزاییە ئەو وشە ڕەسەن و زاراوانە لەم فەرهەنگەدا بنووسێت، کە لە بواری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی جێگەی خۆیان کردووەتەوە. ئەو هاتووە فەرهەنگەکەی بە(ئا) دەست پێ کردووە و دەیان واتای بۆ نووسیوە، دواجاریش بە(ئێهێ) کۆتایی پێ هێناوە..

شایانی باسە مامۆستا عەزیزی مەلای ڕەش بە درێژایی تەمەنی کۆمەڵێك بەرهەمی ناوازەی لە شیعر و چیرۆک بۆ منداڵان و ڕۆمان بڵاوکردۆتەوە. نەخشەی ناوەرۆك لەلایەن هاوکارمان(شاخەوان جەعفەر)و بەرگەکەش لەلایەن ئاکار جەلیل کاکە وەیس ئەنجام دراوە.

دەستخۆشی لە نووسەری ئەم فەرهەنگە دەکەین و هیوای تەمەندرێژی و تەندروستی بۆ دەخوازین.

# چاپکراوی نوێ




« لە هەر زامەی خوێنێک» ناونیشانی کتێبێکی تازەی بەرزان هەستیارە کە کۆبەرهەمی چاپکراوی شاعیرە و حەوت دیوانە شیعر لە خۆ دەگرێت.

بەرزان هەستیار یەکێکە لە شاعیرانی ناسراوی کورد کە بە هەست و ویژدانێکی زیندووەوە سەرەدەری لەگەڵ وشە دەکات و لە قالبێکی پڕ لە جووڵەیەکی بەردەوام دایدەڕێژێت..شاعیر توانیویەتی خۆی لە خەیاڵ و پەیڤی ناسکی شاعیرانە و هەست و نەستی سۆزدارانەی دوور لە واقیعی ژیان بە دوور بگرێت، بەڵام تەکنیك و لۆژیك و تازەبوونەوە سیماو ستایلی ئەم پەیڤانەیە.

کە سەیری ئەم کۆبەرهەمە دەکەین دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە یەکێك لە وەزیفەکانی شیعری نوێ کە شاعیریش یەکێکە لەو داهێنەرانە، ئاراستەی ئایینـدە دەکات و پشت لە ڕابردوو دەکات و کەرەستەی نوێ بەکار دەهێنێت لە دەقەکاندا زمان دەتەقێتەوەو خەیاڵ ئازاد دەبێت، ئیستاتیکای زمانی شیعر لە زۆریی بیرو هێزی قووڵ لە ڕێگای وشەو ڕستەی کورت و سادە جوانتر گوزارشت دەکرێت.



تێکەڵکردنی وشە بە ژیاندۆستی و خۆشەویستی دوو ڕەگەزی مرۆڤانەی نێو شیعرەکانی بەرزان هەستیارن، ئەو هاتووە دڵەڕاوکێ و نیگەرانی لە بابەت و مژارەکانی کۆمەڵگە و خەمەکان ناشارێتەوە، بەڵام لە ڕێگای شیعرەکانییەوە ئەم نیگەرانییانە بەرجەستە دەکات.

لە سیمای هونەریی دەقە شیعرەکانی بەرزان هەستیار کەرەستەی هونەری و شیعری لە داڕشتن و بنیاتنانی پەیڤەکان بەردەستن، بۆیە هەموویانی بە جوانی و لە شوێنی مەبەستی خۆیان بەکاریان دەهێنێت.

لە درێژەی زنجیرە کتێبی گۆڤاری گوڵاندا، «کتێبی لە هەر زامەی خوێنێک»ی بەرزان هەستیار لە دوو توێی شەش سەد و چل و هەشت لاپەڕەدا وەک کۆبەرهەم چاپ و بڵاو دەبێتەوە.

ئەم کۆبەرهەمە بریتییە لە هەر ئەو حەوت دیوانە شیعرەی کە ساڵانی پێشتر بەم ناوانەوە بڵاوی کردوونەتەوە:


١- نەوەیەک پیرە منداڵ .٢- بەتەنیشت فەنابوونەوە. ٣- ساڵێک لە نیگەرانی.٤- گوناهەکانی دڵنیایی. ٥ - من خەون دامئەگیرسێنێ .٦- پیر ئەبین کەسەکەم.

٧- سپێدەیەکی ڕەنگپەڕیو.

شاعیر بەرزان هەستیار سوپاسی کاک فەرهاد محەممەدی سەرنووسەری هەفتەنامەی گوڵان و هاوکارانمان خەلیل بلەیی و شاخەوان جەعفەر و هونەرمەند مەریوان جەلال دەکات کە کە هەر یەکە بە جۆرێک جێ دەستیان لە بەچاپگەیاندنی ئەم کۆبەرهەمەدا هەیە.

جێگەی ئاماژە پێ کردنە ڕۆژی چوارشەممە ٢٠٢٢/١١/٩ بە ئامادەبوونی شاعیرو ژمارەیەکی زۆری نووسەرو ڕۆشنبیران، لە هۆڵی شەهید مەهدی خۆشناو لە لقی هەولێری یەکێتیی نووسەرانی کورد ڕێوڕەسمێکی شایستە بۆ ناساندنی کۆبەرهەمی «لە هەر زامەی خوێنێک» ی شاعیر بەڕێوەدەچێت، لەم کۆبوونەوە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەدا زۆر لە شاعیرو نووسەران بەشداریی لە گفتوگۆکردن و شرۆڤەکردنی دەقەکانی نێو ئەو کۆبەرهەمە دەکەن.

لە کۆتاییدا دەستخۆشی و پیرۆزبایی لە شاعیر بەرزان هەستیار دەکەین بۆ ئەم بەرهەمە جوانە، کە کتێبخانەی کوردی پێ دەوڵەمەند بووەو بەهیوای بەرهەمی زیاتر.




■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
سالّح عومەر
شەماڵ نوری
د. شیبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی سالّح
کارزان کانەبی
رێبین رەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێری و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان رەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی

بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی رۆکسانا - هەولێر
ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری
Web: www.gulanmedia.com

د. محەمەد شەریف :



سەرۆک بارزانی ئومێدێکی گەورەیە بۆ ئایندەی گەلی کوردستان

دکتۆر هێمن میرانی :



هاووڵاتی خۆی بە بەشدار لە پاراستنی ئاسایشی ناوخۆی وڵات دەزانێت و هاوکاریی پێویستی دامەزراوەکان دەکات

ئولریک بروکنەر :



رووسیا و چین بەرژەوەندییەکانیان لەوەدا یەک دەگرێتەوە کە ئەورووپا بەرەو لاوازی بچێت

ستیڤن زونێس :



باسکردن لە ئەگەری شەڕی ئەتۆمی مایەی دڵەڕاوکێ و نیگەرانییە



لاڤان ئەحمەد :

**پێویستە کەسانێک بێنە پێش کە ئاشنا بن بە گرفتی یاریزانەکان**

مامۆستا مەلا سەید غەفوور بیارەیی:



**مەلا مستەفا بارزانی ڕێز و ڕۆڵێکی گەورەی بە مەلا و مامۆستایانی ئایینی دابوو**



ڕێناس خدر محەمەد

**سوپاس بۆ خوا توانیومە باڵانسێک لە نێوان کارەکەم و دایکایەتی و ماڵەوەمدا ڕابگرم**


**کاتی گونجاو بۆ بەکارهێنانی ڤیتامینەکان**




**کۆنترۆڵی گەیمی ئەلکترۆنی لەشێوەی دەمانچە**



## (بـــاکــــووری)
## زیاتر لە نیو سەدە خزمەتکردنی هونەری ڕەسەنی کوردی







# کوردستانی دوای کۆنگرەی ١٤

## گێڕانەوەی متمانە.. نوێکردنەوەی ئومێد.. پیشاندانی ئیرادەی بڕیاردان



**ئەگەر حزبی سیاسی هەست بە بەرپرسیارێتی ئەو قۆناخە نەکات کە میللەتەکەی پێیدا تێدەپەڕێت، ئەوا پرۆسەی پەرەپێدان نەک هەر سەرکەتوو نابێت و وەرناچەرخێت بۆ پرۆسەی پەرەپێدانی بەردەوام، بەڵکو کارەسات بۆ نەتەوە دروست دەکات**

**نەخشە دارشتن بۆ کۆنگرەی ١٤ بەرهەمی شەونخوونی و بیرکردنەوەی زیاتر لە پێنج ساڵی سەرۆک مسعود بارزانی- یە کە دوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ بە تەواوەتی پەتای «هەستنەکردن بە بەرپرسیارێتی لەناو حزبەکانی کوردستاندا» ریشەکێش ناکرێت**

**پەتای هەستنەکردن بە بەرپرسیارێتی لای ئەو حزبە سیاسییانەی پاشگری «کوردستان»یان هەڵگرتووە بە هەموو ئایدیۆلۆژییە سیاسییەکانەوە رەگ و ریشەیەکی دێرینی هەیە**

لە دوای ساڵی ٢٠١٤وە کە رووسیا کریمای داگیر کرد و پاشانیش تیرۆریستانی داعش «دەوڵەتی خەلافەتی ئیسلامی لە عێراق و شام»ی راگەیاند، لە شوباتی ٢٠١٥ لە کۆنگرەی میونشن بۆ ئاسایشی نێودەوڵەتی، ئەو راپۆرتەی بۆ ئەو کۆنگرەیە ئامادە کرابوو کە بۆ ماوەی سێ رۆژ لەسەر ئاستی هەموو دەوڵەتانی جیهان وتووێژی لەسەر بکەن و چارەسەرێك بۆ ئاسایشی جیهان بدۆزنەوە لە ژێر ئەم ناونیشانە: «لەبەریەکهەڵوەشانی سیستەمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی و نەبوونی ئامادەباشی و دوودڵیی پارێزەرانی - Collapsing Order، Reluctant Guardians».

بێگومان ئامانج لە دامەزراندنی «کۆنگرەی میونشن بۆ ئاسایشی نێودەوڵەتی» لە ساڵی ١٩٦٣وە هەتا ئێستا کە ساڵانە کۆنگرەی خۆی گرێ دەدات، بۆ بەدیهێنانی دوو ئامانجی سەرەکییە لە کۆمەڵگەی رۆژئاوای لیبراڵ دیموکراتیدا کە بریتین لە:

١. پاراستنی سیستەمی لیبراڵ دیموکراتی لە دەوڵەتانی رۆژئاوادا (ئەورووپا و ئەمریکا) و ئەو دەوڵەتانەشی کە لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی بە هاوکاریی رۆژئاوا بونیاد نراونەتەوە.

٢. پاراستنی سیستەمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی کە لە دوای ساڵی ١٩٤٥ەوە بە سەرۆکایەتیی ئەمریکا دەوڵەتانی رۆژئاوا لە بەرانبەر یەکێتی سۆڤیەتی پێشان بەرگرییان لێ دەکرد و دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو لە ١٩٩١، رۆژئاوا سیستەمی لیبراڵی نێودەوڵەتی ناو لێنا: «سیستەمی نوێی جیهان».

لێرەوە ئەگەر جارێکی دیکە بگەڕێینەوە بۆ ناونیشانی راپۆرتەکەی کۆنگرەی میونشن، ئەوا خۆیان زۆر راشکاوانە دانیان بەوەدا ناوە، ئەو دوو ئامانجە کۆتاییان هاتووە و هۆکاری ئەم شکستە گەورەیەش «شکستهێنانی حزبی سیاسییە»، ئەمەش لەبەر ئەوەیە کۆمەڵگەی رۆژئاوای لیبراڵ دیموکراتی، کۆمەڵگەی فرەحزبی و بەرهەمی بیرکردنەوەی حزبی سیاسییە بۆ شێوازی حوکمرانی و پاراستنی دەوڵەت و سیستەمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی»، ئەوجا لەبەر ئەوەی حزبە سیاسییەکان لەسەر ئاستی رۆژئاوا و جیهان ناتوانن دیدگا و بیرکردنەوەی گونجاو بەرهەم بهێنن بۆ حوکمرانییەکی باش و سەقامگیر، ئەوا ناشتوانن پارێزگاری لە سیستەمی لیبراڵیی نێودەوڵەتیش بکەن.

لە دەوڵەتانی رۆژئاوا و ئەو دەوڵەتانەشی کە کۆپیی حوکمرانیی رۆژئاوایان کردووە، هەیکەلەی حزبی سیاسی یەکسانە بە هەیکەلەی دەوڵەت، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەگەر سیستەمی دەوڵەت پەرلەمانی بێت، ئەوا سەرۆك وەزیران سەرۆکی حزبە و ئەگەر سیستەمەکەش سەرۆکایەتی بێت، ئەوا سەرۆکی دەوڵەت سەرۆکی حزبە، هەر بۆیە کاتێك هەیکەلەی حزبی سیاسی تووشی شڵەژان دەبێت، ئەوا هەیکەلەی دەوڵەتیش تووشی شڵەژان دەبێت و سەرەنجامیش لەبەر ئەوەی ئەم دەوڵەتە شڵەژاوانە ئەندامانی ئەو هاوپەیمانییەن بۆ پاراستنی سیستەمی لیبراڵیی نێودەوڵەتی، ئەوا سیستەمە نێودەوڵەتییەکەش وەك خۆیان پێش هەشت ساڵ بەر لە ئێستا دانیان پێدا ناوە بەرەو «لەبەریەکهەڵوەشان چووە».

هۆکاری ئەم شکستە گەورەیەی رۆژئاوا کە راستەوخۆ پەیوەندیدارە بە شکستی حزبی سیاسییەوە، راپۆرتەکە لە چەند خاڵێکدا چڕی کردوونەتەوە:

- نەبوونی مەزندەکردن بۆ پێشهات و رووداوە گەورەکان لە جیهان و لە ناوی دەوڵەتەکانیشدا.
- نەبوونی ئیرادەی بڕیاردان بۆ رووبەڕووبوونەوەی کێشە و تەحەددییەکان.

ئەگەر لەسەر ئەم دووخاڵە کە زۆر بە وردی دەستنیشان کراون، پرسیارێك بوروژێنین و بپرسین: ئەگەر کۆی دەوڵەتانی رۆژئاوا خاوەنی هەزاران ناوەندی توێژینەوە و لێکۆڵینەوە «Think Tanks» بن، بۆچی ئەو ناوەندانەش توانای بیرکردنەوە و مەزندەکردنیان بۆ پێشهات و رووداوە گەورەکان نامێنێ؟ وەڵامی ئەم پرسیارە ئەوەیە کە بەشی هەرە زۆری ئەو «سینك تانکانە» لەلایەن ئەو وەزیر و دیپلۆمات و راوێژکارانەوە بەڕێوە دەبرێن کە پێشتر بەشێك بوون لە حکومەت و پەرلەمان و خۆیان ئەندامی یەکێك لەو حزبە سیاسییانە بوون کە حکومەتی بەڕێوە بردووە، هەر بۆیە ئەم ناوەندانە لەبری ئەوەی ناوەندێك بن بۆ بیرکردنەوە لە چارەسەرکردنی کێشەکان و مەزندەکردن بۆ پێشهات و رووداوە گەورەکان، لە بنەڕەتدا سەرقاڵی ئەوەن چۆن

وەڵامی حزبە سیاسییەکان بدەنەوە، هەر بۆیە کە حزبی سیاسی شڵەژانی تێ دەکەوێت، ئەوا بیرکردنەوە و مەزندەکردنی ئەو ناوەندانەش کۆتایی پێ دێت و وەك ئێستا لە میانەی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەکانیانەوە سەرنج دەدەن، هەموویان مۆژدەی «دەیەیەکی مەترسیدار»مان پێ دەدەن، نەك چۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکان.

## ● کۆتاییهاتنی مۆدێلە کۆنەکەی حزب و بیرکردنەوە لە نوێکردنەوەی حزب بە مۆدێلێکی تازە

فرانسیس فۆکۆیاما لە پەنێڵکیدا لەسەر کتێبی «لەبەریەکهەڵوەشانی سیاسیی- Political Decay» پرسیارێکی زۆر گرنگ دەوروژێنێت و دەپرسێت: «پەرەپێدان چییە؟ - What›s Development?». لە وەڵامی ئەم پرسیارشە پێمان دەڵێت: «پەرەپێدان» لە بنەڕەتدا زاراوەیەکی «بایۆلۆژی»یە و لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو هاتووەتە ناو کایەی سیاسی و حوکمڕانی، ئەوجا بۆ ئەوەی لە ڕووە سیاسییەکەی مانای «پەرەپێدان» تێبگەین، ئەوا دەبێت بگەڕێینەوە بۆ ڕووە «بایۆلۆژی»یەکەی. ئەگەر سەرنج لەسەر «پەرەپێدان» لە ڕووە بایۆلۆژییەکەی بدەین، ئەوا پەرەپێدان ئەو پەرەپێدانەیە لە ئاکامی «هێلکەیەکی پیتێنراو» دێتە ئاراوە و گەشە دەکات و دەبێتە کۆرپەلە، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا چی وادەکات ئەم پەرەپێدانە شانەکان بگۆڕێت بۆ مرۆڤ، یان گیانداریك؟ فۆکۆیاما پێمان دەڵێت: نهێنیی ئەم وەرچەرخانە پەیوەندی بە «کۆدی جینی» ناو کرۆمۆسۆمەکانی مرۆڤ، یان گیاندارەکەوە هەیە و ئەو «کۆدە جینی»یە ئاراستەی پەرەپێدانەکان و شێوە و هەیکەلی مرۆڤ، یان گیاندارەکە دیاری دەکات.

لێرەوە فۆکۆیاما ئەم نەخشەی پەرەپێدانە بایۆلۆژییە دەگوازێتەوە بۆ کایەی سیاسی و حوکمڕانی و پێمان دەڵێت: «پرۆسەی پەرەپێدان پەیوەندیی ڕاستەوخۆی بە پیادەکردنی حوکمڕانیی باش و هەستکردنی حزبە سیاسییەکان بە بەرپرسیاریەتیی دیموکراتی هەیە».

ئەو بیرمەندە لەم چەند وشەیەدا ڕاشکاوانە ئەوەمان پێ دەڵێت، کە هەستکردنی حزبی سیاسی بە بەرپرسیاریەتی -کۆدی جینی- پەرەپێدانە لە کۆمەڵگەدا، ئەگەر حزبی سیاسی هەست بە بەرپرسیاریەتی ئەو قۆناخە نەکات کە میللەتەکەی پێیدا تێدەپەڕێت، ئەوا پرۆسەی پەرەپێدان نەك هەر سەرکەوتوو نابێت و وەرناچەرخێت بۆ پرۆسەی پەرەپێدانی بەردەوام، بەڵکو کارەسات بۆ نەتەوە دروست دەکات، ئەمەش هەر وەك چۆن ئەگەر «کۆدی جینی»ی کرۆمۆسۆمەکان دەربێنین، پەرەپێدانی بایۆلۆژییش بێجگە لە پارچە گۆشتێکی بێ کەڵك هیچی دیکەی لێ دروست نابێت.

لای فۆکۆیاما کۆی حزبە سیاسییەکانی کۆمەڵگەی لیبراڵ دیموکراتی «کۆدی جینی» واتە هەستکردن بە بەرپرسیاریەتییان تێیدا نەماوە، هەر بۆیە «پرۆسەی پەرەپێدان لە تەواوی کۆمەڵگەکانی کۆمەڵگەی لیبراڵ دیموکراتی نەك هەر نەبووەتە خۆشگوزەرانی و کامەرانی بۆ هاووڵاتیانی، بەڵکو دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی لیبراڵ دیموکراتی بوونەتە هۆکاری شێواندنی ناسنامەی هاووڵاتی و شکاندنی کەرامەتی مرۆڤ و هەڵچوونی خەڵك و دانەمرکاندنەوەی».

ئەم دەستنیشانکردنە وردەی فۆکۆیاما بۆ نەمانی هەستی بەرپرسیاریەتی لای حزبی سیاسی، پەیوەندی بە دەوڵەتانی پێشکەوتوو و دواکەوتوو، یان ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتەوە نییە و، کاتێك حزبی سیاسی لە هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی داماڵدرا و نەیتوانی بەرپرسیاریەتی قۆناخە هەستیارەکانی نەتەوە هەڵبگرێت، ئەوا ئەو حزبە سیاسییە لە کۆمارە ئازادەکەی ئەمریکا بێت، یان لە بەریتانیا، یان هەر دەوڵەتێکی یەکێتیی ئەوروپا، یان لە دەوڵەتێکی جیهانی سێیەمیش بێت، ئەوا شڵەژانی هەیکەلی حزبی سیاسی دەبێتە هۆکاری دروستبوونی پاشاگەردانی و نەمانی متمانە لە کۆمەڵگە و کەمکردنەوەی بەها مرۆییەکان.

لێرەوە ئەگەر بە نموونەی زیندوو هەڵوەستە لەسەر پەتای نەمانی بەرپرسیاریەتی لای مۆدێلە کۆنەکەی حزبی سیاسی بکەین، دەبینین لە کاتێکدا سیاسەتمەداران نەتوانن، یان دەستەوەستان دەبن لەوەی خۆیان لە جوغزی ئەو چوارچێوە کۆنە ڕزگار بکەن، یان هەوڵ دەدەن، بەڵام ناتوانن بڕیاری ڕاست و دروست لە چوارچێوەی بەرژەوەندیی نەتەوەیی بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە بدەن، ئەوا نەتەوە تووشی کارەساتی گەورە

مقاوەمەت و بەرگری و سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان لەو شەڕە سەخت و نابەرابەرەی چیای خواکوڕکدا هێندە گەورە بوو، یەکێک لە سەرکردەکانی بەرەی کوردستانی گوتبووی «شۆڕش و بەرگری تەنیا بە کوڕی مەلا مستەفا دەکرێت»

سەردەمی بەرەی کوردستانی، لەگەڵ ئەوەی بارودۆخە مەترسیدارەکەی ئەو سەردەمە فەرزی کردبوو، بەڵام گەورەترین دەستکەوتی بەدوای خۆیدا هێنا، کە ئەویش ڕاپەرینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١ی گەلی کوردستان بوو

دووبارە گەڕانەوەی پەتای هەستنەکردن بە بەرپرسیاریەتی لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٢، سیستمی «فیفتی فیفتی» دروست کرد کە هەتا ئێستاش بە دەست ماکە خراپەکانیەوە دەناڵێنین



دەکەن، هەروەك چۆن پارتی کۆماریی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠١٦ ویستیان لە ڕێگەی دۆناڵد ترەمپەوە لەو جوغزە کۆنەی حزبی سیاسی بێنە دەرەوە و بە شێوازێکی دیکە وەڵامی هەڵچوونی خەڵکی ئەمریکا بدەنەوە کە لە ساڵی ٢٠١٠ بۆرسەی «وۆل ستریت»یان لە نیویۆرك سووتاند، بەڵام لەبەر ئەوەی کەسایەتیی ترەمپ ئەو سەرۆکە کاریزمایە نەبوو کە شان بداتە بەر ئەو ئەرکە قورسە، ئەوا وەك لە سەرەتای بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا وەك «پەتایەکی گلۆباڵی» و لە ئاکامی کێشەیەکی بچووك لە نێوان پۆلیس و هاووڵاتیەکی ڕەشپێستدا، کار گەیشتە ئەوەی نەك هەر ئەمریکا، بەڵکو بەریتانیاش گڕ بگرێت و هەڵچوون و تووڕەیی هاووڵاتیان گەیشتە ئەو ئاستەی لە ئەمریکا هێرش بکرێتە سەر پەیکەرەکانی باوکانی دامەزرێنەی «کۆماری ئەمریکای ئازاد»! لە بەریتانیاش هێرش بکرێتە سەر پەیکەری وینستۆن چەرچل کە بەریتانییەکان وەك گێڕانەوەی شکۆ و پاڵەوانی بردنەوەی شەڕی دووەمی جیهانی سەیریان دەکرد!



کێشەی پەتای «نەمانی بەرپرسیاریەتی لای حزبی سیاسیی» بە گۆڕینی سەرۆکی ئەمریکا لە کۆمارییەوە بۆ دیموکراتی، یان سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا لە پارێزگارانەوە بۆ کرێکاران، چارەسەر نابێت، بەڵکو ئەو کێشانەی لە سەردەمی ترەمپ ئەمریکا رووبەرووی دەبووەوە، زۆر کەمترن لەو کێشانەی لە سەردەمی بایدن رووبەرووی دەبێتەوە، ئەوجا چۆن پارتی کۆماری لە سەردەمی ترەمپ هیچ چارەسەرێکی دروستی بۆ کێشەکانی ناوخۆ و کێشەکانی ئەمریکا لەگەڵ جیهانی پێ نەبوو، بە هەمان شێوە پارتی دیموکراتیش بە سەرۆکایەتیی جۆزیف بایدن نەك هەر هیچ چارەسەرێکی بۆ هیچ کێشەیەکی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی نەبووە، لە هەمان کاتدا خەریکە جارێکی دیکە نەك هەر شەڕێکی ساردی دیکە، بەڵکو خەریکە شەڕێکی گەورەی دیکەی جیهانی دەست پێدەکاتەوە و بۆ یەکەمجارە لە دوای شەڕی دووەمی جیهانییەوە لەسەر خاکی ئەوروپا شەڕێکی گەورەی وەك شەڕی «ڕووسیا و ئۆکرانیا» دروست دەبێت و

نزیکەی ماوەی ساڵێکە ئەم شەڕە بەردەوامە و هیچ ئاسۆیەکیش دیار نییە، ئەم شەڕە بە چ شێوازێك کۆتایی دێت.

مانەوەی چارەسەرنەکردنی پەتای «نەمانی بەرپرسیارێتی لای حزبی سیاسی» لە دەوڵەتانی ڕۆژئاوا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ڕۆژئاوا سیستمی لیبراڵ دیموکراتی وەك «کەلتووری دیموکراتییەتی کریستان»ی سەیر دەکات و پیرۆزییەکی بە سیستمەکە داوە کە ناتوانن بە ئاسانی گۆڕانکاری تێدا بکەن، ئەمەش هەر وەك چۆن حزبە ئیسلامییە سیاسییەکان پیرۆزیەکیان بە حزبەکەیان داوە و ناتوانن دەستکاری بکەن، باشترین نموونەش بۆ ئەوەی ڕۆژئاوا بە دیدێکی ئایینی سەیری «سیستمی لیبراڵ دیموکراتی» دەکات، ئەوەیە کە ڤیکتۆر ئۆربان سەرۆکی هەنگاریا ڕایگەیاند «دیموکراتییەتی کریستانی» لیبراڵ دیموکراتی نەبووە و چیدیکە ئێمە بە بنەماکانی لیبراڵ دیموکراتییەوە پابەند نابین و دەگەڕێینەوە بۆ «دیموکراتییەتی کریستیانی»، هەروەها چۆن جۆرج دەبلیو بۆشی کوڕ لە لە ساڵی ٢٠٠١ و دوای هێرشکردنە سەر هەر دوو تەلاری بازرگانیی جیهانی لەلایەن تیرۆریستانی ڕێکخراوی ئەلقاعیدەوە و لە یەکەم کاردانەوەیدا ڕایگەیاند: ئەمە «شەڕی خاچپەرستانە - Cru-sade War»، لەمەش زیاتر کاتێك یۆڤاڵ نوح هەراری بیرمەندی جوو کە بەراوردی نێوان «یاساکانی حامورابی و لائیحەی مافەکان لە بەیانی سەربەخۆیی ئەمریکا» دەکات، زۆر ڕاشکاوانە بەوە گرێی دەداتەوە چۆن حامورابی بۆ هەر بڕگەیەك لە یاساکانی پشتی بە خواوەندێکی ئەو سەردەمەی خۆی بەستووە، بە هەمان شێوە دامەزرێنەرانی کۆماری ئەمریکاش بۆ دیاریکردنی هەر مافێك پشتیان بە دەقەکانی ئایینی کریستیانی بەستووە.

سەبارەت بەم حاڵەتەی هەیکەلەی مۆدێلە کۆنەکەی حزبی سیاسیی لە ناو سیستمی لیبراڵ دیموکراتی لە سەرانسەری جیهان دروستی کردووە، گەواهییەکی زۆر گەورەیە کاتێك بیرمەندێکی وەك فرانسیس فۆکۆیاما دەڵێت: «چیتر ناتوانین بڵێین دیموکراتی لیبراڵی لەسەر ڕێگا ڕاستەکەی مێژووە و پارتی کۆمۆنیستی چین لەسەر ڕێگە هەڵەکەی مێژووە».

### • کۆنگرەی ١٤ لە ڕیشەوە هەڵکێشانی پەتای هەستنەکردن بە بەرپرسیارێتی

١٤یەمین کۆنگرەی پارتی دیموکراتی کوردستان، تەنیا بریتی نەبووە لەو سێ ڕۆژەی کۆنگرەکەی تێدا ئەنجام درا و پەیڕەو پرۆگرامی تازە پەسەندکرا و سەرکردایەتییەکی نوێ هەڵبژێردرا، بەڵکو نەخشە دارشتن بۆ کۆنگرەی ١٤ بەرهەمی شەونخوونی و بیرکردنەوەی زیاتر لە پێنج ساڵی سەرۆك مسعود بارزانی-یە کە دوای کارساتی ١٦ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٧ بە تەواوەتی پەتای «هەستنەکردن بە بەرپرسیارێتی لەناو حزبەکانی کوردستاندا» ڕیشەکێش ناکرێت، هەر بۆیە لەناو کۆنگرەش ڕاشکاوانە ئەوەی باس کرد «دەبێت لەم کۆنگرەیە فاتیحە لەسەر ئەوانە بخوێنرێت کە دەیانویست فاتیحە لەسەر پارتی بخوێنن».

پەتای هەستنەکردن بە بەرپرسیارێتی لای ئەو حزبە سیاسییانەی پاشگری «کوردستان»یان هەڵگرتووە بە هەموو ئایدیۆلۆژییە سیاسییەکانەوە ڕەگ و ڕیشەیەکی دێرینی هەیە، ئەوجا لەبەر هەر هۆکارێك بێت کە نەتوانراوە چارەسەرێك بۆ ئەم پەتایە بدۆزرێتەوە، ئەوا هەرگیز نەتوانراوە بە چاوی ئومێدەوە سەیری ئایندەیەکی گەش بۆ کوردستان بکەین.

سەرۆك مسعود بارزانی و ئیدریسی هەمیشە زیندوو لە ساڵی ١٩٨٦ تەواو گەیشتبوونە ئەو قەناعەتەی کە هاوسەنگیی هێز لە شەڕی «عێراق –ئێراندا» بەلای عێراقدا شکاوەتەوە و پشتگیریی نێودەوڵەتیش بەو ئاراستەیەیە کە شەڕەکە بۆ بەرژەوەندیی عێراق یەکلایی بکەنەوە، لەمەش زیاتر پێشبینیی ئەوەیان کردبوو ئەگەر ئاراستەی شەڕەکە بە لای عێراقدا بشکێتەوە، ئەوا سەدام حوسێن هێندە غروور دەبێت کە بیر لە کۆمەڵکوژیی هەموو گەلی کوردستان بکاتەوە، بۆیە بیریان لەوە کردەوە کە هیچ ڕێگەیەکی دیکە لەبەردەمدا نییە بێجگە لەوەی پرۆژەیەك ئامادە بکرێت بۆ ئەوەی تێکڕای حزبە سیاسییەکانی شاخ بەرپرسیارێتی ئەم قۆناخە مەترسیدارە مێژووییە هەڵبگرن و چیدیکە بیر لە بەرژەوەندیی تەسکی حزبایەتی نەکرێتەوە. ئەم هەنگاوەی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئاشتبوونەوە لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەستی پێ

**سەرۆک مسعود بارزانی لە ماوەی ڕێبەرایەتیکردنی هەر لە (١٩٧٩ تا ئێستا) ڕێگای ڕاستی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی گەلی کوردستان دەستنیشان کردووە، ئەو ڕێگا ڕاستەش ئەوەیە کە بە هەر نرخێک بێت و هەتا ئەگەر لەسەر حیسابی ماف و بەرژەوەندییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بێت، ئەوا هەر دەبێت پەتای «نەبوونی بەرپرسیارێتی لای حزبی سیاسی لە کوردستان» لە ڕیشەوە هەڵبکێشرێت**

**تەنیا لە ماوەیەکی کەم و لە چەند مانگدا هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە ڕابەرایەتیی سەرۆک بارزانی نەک هەر ئەفسانەی تیرۆریستانی داعشی تێکشکاند، بەڵکو پێشمەرگە بووە سیمبول و پاڵەوانی شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش لە تەواوی جیهاندا**

کرد و، لەگەڵ ئەوەی دوای ئەو ئاشتبوونەوەیە بە چەند مانگێك ئیدریسی هەمیشە زیندوو بەجێی هێشتین، بەڵام بیرکردنەوە و مەزندەکانی بۆ پێشهات و ئەو قۆناخە مەترسیدارانەی کوردستان ڕووبەرووی دەبێتەوە لە بەهاری ١٩٨٧ (ساڵێك پێش ڕاگەیاندنی کۆتاییهاتنی شەڕی عێراق-ئێران)» بینیمان چۆن ڕژێمی بەعس و سەدام کەوتنە بەکارهێنانی چەکی کیمیایی دژی خەڵك و هێزی پێشمەرگەی کوردستان و پاشانیش پرۆسە بەدناوەکەی ١٠ ئەنفال دەستی پێ کرد و، تەواو ئەو ڕاستییەی سەلماند، ئەوەی پێشتر سەرۆك بارزانی و ئیدریسی هەمیشە زیندوو پێشبینییان دەکرد و لێی دەترسان بە کردەیی بەسەر کوردستاندا هات و تەواوی کوردستان «بێجگە لە ناوەندی هەر سێ پارێزگای سلێمانی، هەولێر و دهۆك» بوونە خاکی سووتماك.

لەم قۆناخە هەستیار و ناسك و پڕمەترسییەدا و دوای دامەزراندنی بەرەی کوردستانی، سەرۆك بارزانی بەرپرسیاریەتی سەرکردایەتیکردنی بەرەی خستە سەر شانی خۆی، لە هەمانکاتدا هێزی پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستانی بۆ هەر ئەگەرێك ئامادە کردبوو، هەر بۆیە کاتێك هێزە غرورەکەی سەدام حوسێن پیلانی بۆ ئەوە دادەنا، چیای «خواکورك»یش بگرێت و تەواوی کوردستان داگیر بکاتەوە، هێزی پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ڕابەرایەتیی سەرۆك بارزانی نەك هەر تەنیا هێرشەکەیان تێکشکاند، بەڵکو غروری سەدام حوسێنیشیان تێکشکاند کە پێی وا بوو، هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەرەی نەماوە و لە بەرەکانی شەڕ هەڵدێت، هەر بۆیە مقاوەمەت و بەرگری و سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان لەو شەڕە سەخت و نابەرابەرەی چیای خواکورکدا هێندە گەورە بوو، یەکێك لە سەرکردەکانی بەرەی کوردستانی گوتبووی «شۆڕش و بەرگری تەنیا بە کوڕی مەلا مستەفا دەکرێت».

دروستبوونی هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی لای حزبە کوردستانییەکانی سەردەمی بەرەی کوردستانی، لەگەڵ ئەوەی بارودۆخە مەترسیدارەکەی ئەو سەردەمە فەرزی کردبوو، بەڵام گەورەترین دەستکەوتی بەدوای خۆیدا هێنا، کە ئەویش ڕاپەرینە مەزنەکەی بەهاری ١٩٩١ی گەلی کوردستان بوو، لە بەرانبەردا دووبارە گەڕانەوەی پەتای هەستنەکردن بە بەرپرسیاریەتی لە هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٢، سیستمی «فیفتی فیفتی» دروست کرد کە هەتا ئێستاش بە دەست ماکە خراپەکانییەوە دەناڵێنین، دوای ئەمەش شەڕی شوومی ناوخۆی بەدوای خۆیدا هێنا، کە ئەزموونی حوکمڕانی هێنایە لێواری هەڵدێر.

سەرۆك مسعود بارزانی لە ماوەی ڕێبەرایەتیکردنی هەر لە (١٩٧٩ تا ئێستا) ڕێگای ڕاستی بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی گەلی کوردستان دەستنیشان کردووە، ئەو ڕێگا ڕاستەش ئەوەیە کە بە هەر نرخێك بێت و هەتا ئەگەر لەسەر حیسابی ماف و بەرژەوەندییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بێت، ئەوا هەر دەبێت پەتای «نەبوونی بەرپرسیاریەتی لای حزبی سیاسی لە کوردستان» لە ڕیشەوە هەڵبکێشرێت و زەمینیەك دروست بکات کە هەموو حزبەکان پێکەوە شان بدەنە بەر ئەو بەرپرسیاریەتییەی کە نەتەوەکەمان داوامان لێ دەکات، بۆ ئەمەش ڕێککەوتنی ستراتیژی لەگەڵ مام جەلال ئیمزا کرد، بۆ ئەوەی هەموو پێکەوە شان بدەنە بەر بەرپرسیاریەتیی ئەو قۆناخە و ئایندەیەکی گەش بۆ گەلی کوردستان دابین بکرێت.

ئیمزاکردنی ڕێککەوتنی ستراتیژی لە نێوان «پارتی و یەکێتی» دەستکەوتێکی گەورە بوو و وەك بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش لە ڕێوڕەسمی کردنەوەی «دامەزراوەی سەرۆك مام جەلال» پێش ماوەیەك ئاماژەی پێ کرد «قۆناخێکی زێڕین بووە و دەستکەوتی گەورەی بۆ گەلەکەمان بەدەست هێنا»، بەڵام لێرەدا دەبێت ئاماژە بەو ڕاستییە بکەین، کە مانەوەی ئەم ڕێککەوتنە هەتا کۆتایی ساڵی ٢٠١٠ لەسەر حیسابی ماف و بەرژەوەندییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە و، هەموولایەك ئاگادارن کە لە دوای ساڵی ٢٠٠٥ یەکێتی نیشتمانی کوردستان بووە دوو بەش و ئاکامی هەڵبژاردنەکانی هەڵبژاردنی ٢٠٠٩ش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە لیستی کوردستانی «پارتی و یەکێتی» پێکەوە تەنیا ٥٩ کورسییان هێنا، بزووتنەوەی گۆڕانیش وەك

دوای کۆنترۆڵکردنەوەی ئەو بارودۆخە شێواوەی بزووتنەوەی گۆڕان لە کوردستان دروستی کرد بوو، لەگەڵ هەستکردن بە بەرپرسیارێتی لای فەرماندە سەربازییەکانی یەکەی ٧٠ی سەر بە یەکێتی، سەرۆک بارزانی زۆر جوامێرانە توانی ڕێبەرایەتیی هێزی پێشمەرگە بکات و لە ٢٠ی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٦ پەیامی سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگە و کۆتاییهاتنی شەڕی دژی داعشی لە بەرەی کوردستانەوە ڕاگەیاند

ئەوەی تەواو تەواو سەرۆک بارزانی نائومێد کرد، خۆداماڵینی هەست بە بەرپرسیاریەتیکردن بوو لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٧ لە کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر، هەروەها خۆداماڵینی تەواوی حزبە سیاسییەکان لە بەرپرسیارێتی بەرانبەر حکومەت و ئایندەی هەرێمی کوردستان

باڵی لێکترازاوی یەکێتی بە سەرۆکایەتیی خوالێخۆشبوو نەوشیروان مستەفا بە تەنیا ٢٥ کورسی هێنا.

دیدو تێڕوانین و بیرکردنەوەی سەرۆك مسعود بارزانی دوای دووبارە سەرهەڵدانەوەی پەتای هەستنەکردن بە بەرپرسیاریەتی، بەو شێوەیە بوو «مادام مام جەلال پابەندە بە ڕێککەوتنی ستراتیژی و ڕێز لە ئیمزاکەی خۆی دەگرێت و نیوەی یەکێتیشی لەگەڵ ماوە، ئەوا بەرژەوەندیی کوردستان وادەخوازێت چاوپۆشی لە زۆر ماف و بەرژەوەندییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بکرێت، بەڵام دوای نەخۆشکەوتنی جەنابی مام جەلال و دووورکەوتنەوەی کردەیی لە پرۆسەی سیاسی، ئەوەی جێگەی سەرسوڕمان بوو، جارێکی دیکە ئەم پەتایە ڕووی لە یەکێتیش کردەوە، بۆ ئەمەیان دید و تێڕوانینی سەرۆك بارزانی وا بووە کە بە هەر نرخێك بێت «یەکێتیی دوای مام جەلال» بگێڕێتەوە بۆ پابەندبوون بە ڕێککەوتنەکەوە، بەڵام سەرکردایەتیی یەکێتی یەکلایەنە خۆیان لە ڕێککەوتنەکە هێنایە دەرەوە و ڕایانگەیاند کە بە لیستی جیاواز بەشداریی هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٣ دەکەن و هەر واشیان کرد و بەمەش بوون بە حزبی سێیەم لە کوردستان.

لە دوای هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٣ و هەوڵەکان بۆ پێکهێنانی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بیرکردنەوەی سەرۆك بارزانی بۆ پێکهێنانی حکومەت بەو جۆرە بوو، بۆ ئەوەی حزبەکان هەست بە بەرپرسیاریەتی بکەن، داوای کرد حکومەتێکی بنکە فراوان پێك بهێنرێت و هەموو ئەو حزبە سیاسییانەی کورسیی پەرلەمانیان بەدەست هێناوە، بەشداریی حکومەت بکەن و تەنانەت هەتا ئەگەر ڕەچاوی ئیستیحقاقی هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی کوردستان نەکرێت، لەمەش زیاتر بە نییەتێکی پاك دەستی هاوپەیمانی بۆ خوالێخۆشبوو نەوشیروان مستەفا درێژ کرد و دوای پێکهێنانی کابینەی هەشتەم و بۆ بەشداریی کورد لە حکومەتی د.حەیدەر عەبادی هەموو دەسەڵاتێکی بە شەخسی خوالێخۆشبوو نەوشیروان مستەفا بەخشی و گردی زەرگەتە بووە سەنتەری بڕیاردان لە چۆنیەتی بەشداریی لایەنی کوردستانی لە حکومەتی عێراقدا.

ئەم ئاشتەوایی و تەبایی و هەستکردن بە بەرپرسیاریەتییە کەمتر لە ساڵێکی خایاند، بەڵام پرسیار ئەوەیە لە ماوەی ١١ مانگی هەستکردن بە بەرپرسیاریەتی لای حزبە سیاسییەکان، ئیرادەی خەڵکی کوردستان چ موعجیزەیەکی دروست کرد؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بە چەند خاڵێك دەدەینەوە:

١. کابینەی هەشتەم لە حوزەیرانی ٢٠١٤ متمانەی پێ درا و تا ئایاری ٢٠١٥ سەقامگیر و بێ کێشە بوو.

٢. لە دوای ١٠ی حوزەیرانی ٢٠١٤ ڕاگەیاندنی دەوڵەتی بەناو خەلافەتی ئیسلامی داعش، نزیکەی دوو ملیۆن پەنابەر ڕوویان کردە کوردستان و ڕێژەی دانیشتووانی کوردستان لەناکاو زیاتر لە ٣٠٪ زیادی کرد و بەرگەشمان گرت و سەرکەوتین.

٣. لە ٢ی ئابی ٢٠١٤، تیرۆریستانی داعش هێرشیان کردە سەر کوردستان و چەندین ناوچەی گرنگی کوردستانیان گرت، تەنیا لە ماوەیەکی کەم و لە چەند مانگدا هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە ڕابەرایەتیی سەرۆك بارزانی نەك هەر ئەفسانەی تیرۆریستانی داعشی تێکشکاند، بەڵکو پێشمەرگە بووە سیمبول و پاڵەوانی شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش لە تەواوی جیهاندا.

٤. لە شوباتی ٢٠١٥ بۆ یەکەمین جار سەرۆك بارزانی وەك فەرماندەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بانگهێشتی کۆنگرەی میونشن بۆ ئاسایشی جیهان کرا.

٥. لە ئایاری ٢٠١٥ بە فەرمی بانگهێشتی سەرۆك بارزانی و شاندێکی باڵا بۆ ئەمریکا کرا، شاندە باڵاکە کە پێکهاتبوو لە ئەندامانی «پارتی و یەکێتی و گۆڕان» لە حکومەتدا و زۆر بە گەرمی لەلایەن سەرۆك ئۆباما و ئیدارەی ئەمریکاوە پێشوازی کران و سەرۆك بارزانی بە ئامادەبوونی شاندەکە لەگەڵ سەرۆك ئۆباما باسی سەربەخۆیی کوردستانی کردبوو.

دوای بەدەستهێنانی ئەم دەستکەوتە گەورانە و سەردانە سەرکەوتووەکەی بۆ کۆشکی سپی، قەناعەتی سەرۆك بارزانی بەو جۆرە بوو کە ئیدی پەتای «هەستنەکردن بە بەرپرسیارێتی لای حزبەکان» کۆتایی هاتووە و کاتی ئەوەیە هەموو پێکەوە سەربەخۆیی کوردستان بکەنە پرۆسەیەکی

**کۆنگرەی چواردەی پارتی دیموکراتی کوردستان شایەنی ئەوەیە پێی بگوترێت «کۆنگرەی سەرۆک مسعود بارزانی» بۆ بنبڕکردنی نەبوونی هەستی بەرپرسیارێتی لای حزبە سیاسییەکانی کوردستان و لەئەستۆگرتنی هەموو بەرپرسیارێتییەک لەلایەن شەخسی سەرۆک بارزانی-یەوە**

**پەیامی کۆنگرەی چواردەیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان نەک هەر تەنیا بۆ ئەندام و کادرانی پارتی، بەڵکو بۆ تەواوی گەلی کوردستان و عێراق و دەوروبەر و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش ڕوون و ڕاشکاو بوو، پەردەی لەسەر ئەو ڕاستییە هەڵماڵی کە لێرە بەدواوە پارتی دیموکراتی کوردستان لە ڕوانگەی هەستکردن بە بەرپرسیارێتییەوە مامەڵە لەگەڵ هەموو لایەنەکان دەکات، بە حکومەتی عێراقیشەوە**






**هەموو ئەو سەرکردە و سیاسەتمەدارانەی لایەنەکانی کوردستانیش گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی لە ژێر سایەی ڕابەرایەتیی سەرۆک مسعود بارزانی، لە پەتای هەستنەکردن بە بەرپرسیارێتی ڕزگاریان دەبێت، نەک تەنیا دەرگای پارتی بۆیان کراوەیە، بەڵکو خۆیان خاوەنی پارتین و ئێمە لەگەڵ ئەوان فاتیحە لەسەر ئەو لایەنانە دەخوێنێن، کەە دەیانویست فاتیحا لەسەر پارتی بخوێنن**

نیشتمانی و، هەموو پێکەوە شان بدەنە بەری، بەڵام ئەوەی بینیمان لە واقیعدا زۆر زۆر پێچەوانە بوو، لەبری ئەوەی پێشوازی لە هەوڵەکانی سەرۆك بارزانی بکرێت، لە کۆبوونەوەی ٢٣ی حوزەیرانی ساڵی ٢٠١٥ی پەرلەمانی کوردستان، هەر چوار لایەنی سیاسیی بەشداری ناو هاوپەیمانیی پێنج قوڵی بۆ پێکهێنانی حکومەت، ڕێککەوتبوون کە لە گەرمەی شەڕی دژی تیرۆریستانی داعشدا سەرۆك بارزانی لە سەرۆکایەتیی هەرێم و فەرماندەیی هێزی پێشمەرگەی کوردستان دوور بخەنەوە، بۆ ئەمەش لە ٢٣ی حوزەیران سەرکەوتوو بوون و توانییان خوێندنەوەی یەکەم بۆ هەموارکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بکەن، بەڵام لە ١٩ی ئابی ساڵی ٢٠١٥ پەرلەمان نیسابی بۆ تەواو نەکرا، بەمەش کۆتایی بە سەقامگیریی سیاسی و حکومڕانی لە کوردستان هات و، دەست کرا بە پیلاندانان بۆ ئەوەی کوردستان بسووتێنن، تەنانەت لە ڕۆژی ١٥ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٥ سەرۆك بارزانی ناچار بوو، ڕێککەوتنی پێکهێنانی کابینەی هەشتەم لەگەڵ گۆڕان هەڵبوەشێنێتەوە و وەزیرەکانیان بنێرێتەوە بۆ ماڵەوە.

دوای کۆنترۆڵکردنەوەی ئەو بارودۆخە شێواوەی بزووتنەوەی گۆڕان لە کوردستان دروستی کرد بوو، لەگەڵ هەستکردن بە بەرپرسیارێتی لای فەرماندە سەربازییەکانی یەکەی ٧٠ی سەر بە یەکێتی، سەرۆك بارزانی زۆر جوامێرانە توانی ڕێبەرایەتیی هێزی پێشمەرگە بکات و لە ٢٠ی کانوونی یەکەمی ساڵی ٢٠١٦ پەیامی سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگە و کۆتاییهاتنی شەڕی دژی داعشی لە بەرەی کوردستانەوە ڕاگەیاند.

بەڵام ئەوەی تەواو تەواو سەرۆك بارزانی نائومێد کرد، خۆداماڵینی هەست بە بەرپرسیاریەتیکردن بوو لە ١٦ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٧ لە کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر، هەروەها خۆداماڵینی تەواوی حزبە سیاسییەکان لە بەرپرسیارێتی بەرانبەر حکومەت و ئایندەی هەرێمی کوردستان.

ئەوە بوو لەو ساتەوە سەرۆك بارزانی بڕیاری دا، بە شەخسی خۆی بەرپرسیارێتی پاراستن و ئایندەی کوردستان هەڵبگرێت، بۆ ئەمەش لە دوای ١٦ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٦وە، دوای ئەوەی هێزی سێ دەوڵەتی شکاند و داستانەکانی



پردێ و مەحموودییە و سحێلای تۆمار کرد و، هەرێمی کوردستانی لە هەڵدێرێکی گەورە پاراست، لە ماوەی شەش مانگیشدا پارتی دیموکراتی کوردستانی بە شێوەیەك ڕێکخستەوە کە لە هەڵبژاردنەکانی ئایاری ساڵی ٢٠١٨ بووە حزبی یەکەم لەسەر ئاستی عێراق، لە دوای ئەویش لە هەڵبژاردنەکانی ئەیلوولی هەمان ساڵدا پارتی کردە حزبی فەرمانڕەوا لە کوردستاندا.

لەسەر پاشخانی ئەم مێژووە تاڵە، کۆنگرەی چواردەی پارتی دیموکراتی کوردستان شایەنی ئەوەیە پێی بگوترێت «کۆنگرەی سەرۆك مسعود بارزانی» بۆ بنبڕکردنی نەبوونی هەستی بەرپرسیارێتی لای حزبە سیاسییەکانی کوردستان و لەئەستۆگرتنی هەموو بەرپرسیارێتییەك لەلایەن شەخسی سەرۆك بارزانی-یەوە.

پەیامی کۆنگرەی چواردەیەمی پارتی دیموکراتی کوردستان نەك هەر تەنیا بۆ ئەندام و کادرانی پارتی، بەڵکو بۆ تەواوی گەلی کوردستان و عێراق و دەوروبەر و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش ڕوون و ڕاشکاو بوو، پەردەی لەسەر ئەو ڕاستییە هەڵماڵی کە لێرە بەدواوە پارتی دیموکراتی کوردستان لە ڕوانگەی هەستکردن بە بەرپرسیارێتییەوە مامەڵە لەگەڵ هەموو لایەنەکان دەکات، بە حکومەتی عێراقیشەوە، لەمەش زیاتر هەموو ئەو سەرکردە و سیاسەتمەدارانەی لایەنەکانی کوردستانیش گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی لەژێر سایەی ڕابەرایەتیی سەرۆك مسعود بارزانی، لە پەتای هەستنەکردن بە بەرپرسیارێتی ڕزگاریان دەبێت، نەك تەنیا دەرگای پارتی بۆیان کراوەیە، بەڵکو خۆیان خاوەنی پارتین و ئێمە لەگەڵ ئەوان فاتیحە لەسەر ئەو لایەنانە دەخوێنین، کە دەیانویست فاتیحا لەسەر پارتی بخوێنن.

● **کۆنگرەی ١٤ و ڕاگەیاندنی ڕابەرایەتیی قۆناخی داهاتووی سەرۆك بارزانی**

لە دوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٧ کە هەڵوێستی دۆستەکانیشمان جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ هەڵوێستی دوژمنەکانمان نەبوو، سەرۆك بارزانی بە دروشمی «چیاکان دۆستمانن» شانی دایە بەر بەرپرسیاریەتییەکی زۆر گەورە و، بە تەنیا خۆی بڕیاری مقاوەمەت و پاراستنی قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان و پاراستنی گەلی کوردستانی دا و، لە ماوەی تەنیا شەش ڕۆژدا لایەنی بەرانبەری ناچار کرد

**ئاستی ئاسایش و سەقامگیری لە هەرێمی کوردستاندا بەراورد بە ئاستی ئاسایش و سەقامگیری لە عێراق و وڵاتانی دەوربەر، گەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە وەبەرهێنانی ناوخۆیی و دەرەکی بگاتە ئاستێکی زۆر بەرز، کە ئامانج ئەوەیە بگاتە لووتکە**

دەستبەرداری هێرشەکانیان بۆ سەر کوردستان ببن و مل بۆ دیالۆگ و دانوستاندن بدەن.

لەو ساتەی سەرۆك بارزانی شانی دایە بەر ئەم بەرپرسیارێتییە مێژووییە، جیا لەوەی گەلی کوردستان هەستیان بە نائومێدی دەکرد، لە هەمان کاتدا حزبە سیاسییەکانیش پشتیان لە بەرپرسیارێتی کردبوو و چەپڵەیان بۆ داگیرکەران لێ دەدا و، داوای ڕووخانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دامەزراندنی حکومەتی «ئینقازی نیشتمانی»یان دەکرد.

لەم ساتەوەختەوە و دوای نائومێدبوونی لەوەی «حزبەکان هەست بە بەرپرسیارێتی بکەن»، قۆناخی تازەی ڕێبەرایەتیی سەرۆك بارزانی دەستی پێ کردووە و، جیا لەوەی پارتی لە هەر سێ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی «عێراق و کوردستان» جار لە دوای جار خەڵکی کوردستان زیاتر متمانەیان پێ داوە و، ژمارەی دەنگ و کورسییەکانی هەڵکشانی گەورەی بە خۆیەوە بینیوە، ئەم باڵادەستییەی پارتیشی تەرجەمە کردووە بۆ خزمەتکردنی زیاتری خەڵکی کوردستان و گێڕانەوەی ئومێد بۆ هەموو هاووڵاتیانی کوردستان.

لە دوای هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان لە ئەیلوولی ساڵی٢٠١٨ بوونی پارتی بە پارتی فەرمانڕەوا، سەرۆك بارزانی بە شەخسی خۆی هەر دوو بەڕێزان «نێچیرڤان بارزانی و مسرور بارزانی» کاندید کردووە بۆ پۆستەکانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆك وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

لە ماوەی ئەم پێنج ساڵەی دوایی ڕابەرایەتیی تازەی سەرۆك بارزانی ئەو کێشە و تەحەددییانەی ڕووبەڕووی کوردستان بوونەوە، زۆر گەورە بوون، لەوانە: بوونی ئەقڵییەتی سیاسیی شۆڤێنی لە بەغدا بەرانبەر بە هەرێمی کوردستان و بەردەوامبوونیان لە بڕینی بەشە بودجەی هەرێمی کوردستان و دژایەتیی حزبە سیاسییەکان بۆ هەوڵەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ڕاگرتنی گەندەڵی و، هەروەها بڵاوبوونەوەی پەتای کۆرۆنا و دابەزینی داهاتی ناوخۆ و دابەزینی نرخی نەوت بۆ ژێر سفر، بەڵام توانراوە تەنیا بە پشتبەستن بە ئیرادە و هێزی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەم وەرچەرخانە گەورانە لە کوردستاندا بێتەدی، کە لێرەدا ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین:

١. ئاستی ئاسایش و سەقامگیری لە هەرێمی کوردستاندا بەراورد بە ئاستی ئاسایش و سەقامگیری لە عێراق و وڵاتانی دەوروبەر، گەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە وەبەرهێنانی ناوخۆیی و دەرەکی بگاتە ئاستێکی زۆر بەرز، کە ئامانج ئەوەیە بگاتە لووتکە.

٢. هێزی پێشمەرگەی کوردستان بە هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ هاوپەیمانان لە ڕێکخستنەوەیەکی تەواودایە و، یەکەی هەشتا خراوەتە سەر وەزارەتی پێشمەرگە و نزیکەی ٨٠ هەزار پێشمەرگە لە ناو لیواکاندا ڕێکخراون و حیسابی بانکییان بۆ کراوەتەوەو، ئێستا لە قۆناخی دروستکردنی فیرقەی سەربازیدان.

٣. سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بووەتە چەتری کۆکردنەوەی هەموو هێز و لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان و، هەوڵەکانی بۆ نووسینەوەی دەستووری کوردستان خراونەتە گەڕ، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان توانیویەتی لە هەموو بوارەکاندا ڕۆڵێکی هێجگار گەورە لە پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستان و عێراقدا بگێڕێت.

٤. لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، بە سەرۆکایەتیی بەڕێز مسرور بارزانی، جیا لەوەی وەرچەرخانێکی گەورەی لە شێوازی حکومڕانیی هەرێمی کوردستاندا کردووە، لە هەمان کاتدا بە هەماهەنگی لەگەڵ سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان، کابینەی نۆیەم توانیویەتی بۆشاییەکی گەورەی نێوان حکومەت و هاووڵاتیان پڕ بکاتەوە.

٥. لە بواری دابینکردنی خزمەتگوزاری بۆ هاووڵاتیان، لە کابینەی نۆیەمدا لە شاری هەولێر پڕۆژەی شەقامی ١٢٠ مەتری تەواو کراوە و، پڕۆژەی شەقامی ١٥٠ مەترییش قۆناخێکی گرنگی تەواو بووە و، دوو قۆناخی دیکە لە تەواوبووندان، لە سلێمانی پڕۆژەی شەقامی ١٠٠ مەتری دەستی پێ کردووە و، ڕێگەی نێوان هەولێر – زاخۆش بووەتە ڕێگەیەکی دووساید بە ستاندەری نێودەوڵەتی.

٦. حزب بۆی نییە دەست بخاتە کاروباری

**سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بووەتە چەتری کۆکردنەوەی هەموو هێز و لایەنە سیاسییە کوردستانییەکان و، هەوڵەکانی بۆ نووسینەوەی دەستووری کوردستان خراونەتە گەڕ، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان توانیویەتی لە هەموو بوارەکاندا ڕۆڵێکی هێجگار گەورە لە پرۆسەی سیاسیی هەرێمی کوردستان و عێراقدا بگێڕێت**

**توانراوە دەست بە چاکسازییەکی ڕیشەیی بکرێت و، گەندەڵی ڕابگیرێت و، سەرچاوەکانی داهات زیاد و هەمە چەشن بکرێت، هەنگاو بۆ حکومەتی دیجیتاڵی هەڵبگیرێت کە بڕیارە لە ساڵی ٢٠٢٥ کۆتایی بێت**



حکومەتەوە و، ئەمەش لە پارتی دیموکراتی کوردستانەوە دەستی پێ کراوە و، سنووریش بۆ ئەو حزبانە دانراوە کە هاوپەیمانن بۆ پێکهێنانی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٧. لەگەڵ ئەوەی حکومەتی بەغدا بەردەوامە لە بڕینی پشکی کوردستان لە بودجەی عێراق و، بەردەوامە لە بڕینی مووچەی فەرمانبەران، حکومەتی هەرێمی کوردستان توانیویەتی هەر ٣٠ ڕۆژ جارێك مووچە بدات.

٨. توانراوە دەست بە چاکسازییەکی ڕیشەیی بکرێت و، گەندەڵی ڕابگیرێت و، سەرچاوەکانی داهات زیاد و هەمە چەشن بکرێت، هەنگاو بۆ حکومەتی دیجیتاڵی هەڵبگیرێت کە بڕیارە لە ساڵی ٢٠٢٥ کۆتایی بێت.

٩. توانراوە لەگەڵ حکومەتی عێراقی ئێستادا لەسەر چارەسەری کۆی کێشەکانی نێوان هەولێر و بەغدا ڕێککەوتنێکی کۆنکرێتی ئیمزا بکات و، ئەم ڕێککەوتنە وەك دیکۆمێنت لە پەرلەمانی عێراق پەسەند کراوە.

١٠. توانراوە ژێرخانێکی پتەو بۆ سێکتەرەکانی (کارەبا، نەوت و گاز، پیشەسازیی گەورە و مام ناوەند و بچووك، کشتوکاڵ و بەپیشەسازیکردنی کشتوکاڵ، گەشتیاری، پەروەردە و فێرکردن و خوێندنی باڵا و .. هتد) دابڕێژێت و، لەگەڵ ئەوەی لە ماوەی سێ ساڵی کابینەی نۆیەمدا بەرهەمی ئەم هەنگاوانە دەبینرێن و هەستی پێ دەکرێت، بەڵام لە ساڵانی داهاتوو باشتر ئاکامەکەی دەبینرێت.

ئەمانەی ئاماژەمان پێ کردن بەشێکن لەو گۆڕانکارییە گەورە و سەرکەوتووانەی لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردووی ڕابەرایەتیی سەرۆك بارزانیدا کوردستان بە خۆیەوە بینیوە و، وەك هەموو جارێك سەرۆك بۆ پێناسەی پارتی دەڵێت: «پارتی لە هەناوی نائومێدیدا، ئومیدی بۆ گەلی کوردستان هێنایەوە»، بە کردەییش لە ماوەی ئەم پێنج ساڵەی دوایی ڕابەرایەتیی بارزانیدا، جارێکی دیکە پارتی توانی لە هەناوی نائومێدی دوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠١٧ بە جۆرێك ئومێد بۆ خەڵکی کوردستان نوێ بکاتەوە، کە هەموو خەڵکی کوردستان بە چاوی گەشبینی و ئومێدەوە سەیری ئایندەی کوردستان و خۆشگوزەرانی و کامەرانیی هاووڵاتیانی بکەن.

کەواتە کۆنگرەی چواردەی پارتی ڕاگەیاندنی ڕابەرایەتیی داهاتووی سەرۆك بارزانی-یە بۆ پاراستن و پێشخستنی هەرێمی کوردستان و، ڕاگەیاندنی دەستکەوتەکانی شاندانە بەر بەرپرسیارێتییە کە، بێجگە لە پارتی دیموکراتی کوردستان هیچ لایەنێکی دیکە نەیتوانی هەست بە بەرپرسیارێتی بکات.



**ماموٚستا مەلا سەید غەفوور بیارەیی**

**شارەزا لە بواری شەریعەت و فقهی ئیسلامی بوٚ گوڵان:**

# مەلا مستەفا بارزانی ڕێز و ڕوٚڵێکی گەورەی بە مەلا و ماموٚستایانی ئایینی دابوو

**مامۆستا مەلا سەید غەفوور بیارەیی پیاوێکی تێکەڵ بە ڕۆحی عیرفان و تەسەوف، زانا و مودەڕیس و کەسایەتییەکی شارەزا لە شەریعەت و فقهی ئیسلامییە، ڕۆڵێکی کارای لە بڵاوکردنەوەی پەیامی ئیسلام و میانڕەوی هەیە و لە ڕووی خزمەت و ڕەوشی زانستی چەندین فەقێ و مەلا و مامۆستای ئایینی پیرۆزی ئیسلام لەسەر دەستی ئەو بڕوانامەیان وەرگرتووە. مامۆستا لەم دیدارەی گۆڤاری گوڵاندا وەڵامی چەند پرسیارێکی سەبارەت بە ڕۆڵی مەلا و مامۆستایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام لە شۆڕش و خەباتی نەتەوەیی داوەتەوە، لێرەدا پوختەی وتەکانی بڵاو دەکەینەوە.**

*** بەو پێیەی مامۆستا و مەلای کورد بە شارەزایی و خۆشەویستی بۆ دین و خوداپەرستی ناسراون و بەردەوام لە خزمەتی کۆمەڵگەدا بوون، ئایا ئەم شارەزاییە لە ئایین و قورئانی پیرۆز و دووری لە توندڕەوی بۆچی دەگەڕێنیتەوە؟**

- بە ناوی خوای گەورە و میهرەبان. خودای گەورە و میهرەبان کاتێك دەفەرموێت: «وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلا رِحْمَـةً لِلْعَالَمِـينَ»، خودای گەورە پێغەمبەرمان (د.خ) بەبیر دەهێنێتەوە کە ئایینی پیرۆزی ئیسلام و قورئانی پیرۆزی بۆ ڕەحم و بەزەیی بۆ هەموو بەشەرییەت هێناوە. ئێمەی مامۆستایانی ئایینی و مەلا و مامۆستایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلامی کورد لە ئێستا و لە ڕابردووشدا شارەزاییەکی زۆر باشمان لە ئایین و قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر (د.خ) هەبووە و هەیە. هەموو ئەو گوناح و کردەوە هەڵە و لادەرانەی کە بە ناوی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە لێرەو لەوێ دەکرێت و لە دەرەوەی سنوورەکانەوە بیری توندوتیژی و لادەرمان بۆ هێنراوە و توندوتیژی و ئازاردانی خەڵکی لێکەوتووەتەوە، هەر هەمووی ئیسلامی پیرۆز لێی بێبەرییە وشەی «إِلا رِحْمَـةً» بۆ ئەم ڕەحم و بەزەییە و بۆ ڕەتکردنەوەی توندوتیژییە هاتووە، کورد دینداری بۆ خۆی و خودای خۆی دەکات و خودای گەورە و میهرەبانیش هەر ئەوەی پێ فەرمووە کە خێر و خۆشی بۆ بەشەرییەت تێدایە. ئێمەی مامۆستا و مەلا و زانایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلامیش میراتگری پێغەمبەرین (د.خ) و لەسەر پەیام و فەرموودەکانی ئەوان دەڕۆین، لەمەشدا هەموومان وەکو یەك نین و هەر کەسەو بەپێی توانا و شارەزایی خۆی لە تەواوی شەریعەت و فقهی ئیسلامی دەزانێت، هەر یەکەو لە بوارێکدا شارەزایە و کار دەکات هەر لە قازی و موفتی و مامۆستا و مودەڕیسی تەواوی زانستی ئیسلامی و ئیمام و گوتارخوێن و پێشنوێژ و تا.. دوایی. مامۆستا و مەلای کورد دیندار و شارەزا بوون و لە حەرام بە دوور بوون و بەردەوام لەگەڵ نەتەوەکەیان لە خۆشی و ناخۆشیدا بەشدار بوون و تێکەڵاوی خەڵکی بوون و پەیام و گوتاریان بۆ بەرژەوەندیی خەڵك بووە. توانای خۆیان سەرف کردووە تاوەکو خەڵکی لە دین تێبگات و مرۆڤ دەستبەرداری گوناح و تاوان بێت.

پێشینانی ئێمە بەردەوام زکر و یادی خودایان کردووە، بە تایبەتی مامۆستایانی نەقشبەندی هەر وەکو پێغەمبەرمان (د.خ) دەفەرموێت: «خير الناس أنفعهم للناس»، واتا باشترین مرۆڤ ئەوەیە باشترینیانە بۆ مرۆڤایەتی.

*** ئایینی پیرۆزی ئیسلام تا چەند لەگەڵ ئەوەدایە کورد بەرگری لە خۆی بکات و لە پێناو خاك و نیشتمان و نەتەوەکەیدا خەبات بکات؟ ئایا ئەو نەتەوە و ڕژێمانەی کە موسڵمانن تا چەند لە دەقی قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر لایان داوە، کاتێك هێرش دەکەنە سەر کورد و بە ناوی ئیسلامەوە کۆمەڵکوژی دەرهەق ئەنجام دەدەن؟**

- پێغەمبەرمان (د.خ) دەفەرموێت: «مَـنْ قُتِـلَ دُونَ مالـهِ فهُـو شَـهيدٌ، ومَـنْ قُتِـلَ دُونَ دمِـهِ فهُـو شَـهيدٌ، وَمَـنْ قُتِـلَ دُونَ دِينِـهِ فَهـو شَـهيدٌ، ومَـنْ قُتِـلَ دُونَ أَهْلِـهِ فهُـو شَـهيدٌ»، واتا خۆت و ماڵ و ناموست ئەوەندە گەورەن کە ئەگەر لە پێناویدا بڕۆیت، دەرەجەی شەهیدت هەیە، ئەمەش بابەتێکی نوێ نییە و لەگەڵ ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا هاتووە، بەتایبەتی ئەوەی زوڵملێکراو بێت. محەمەد پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت: «أَلا أُخْبِرُكُـمْ بِأَهْـلِ الجَنَّـةِ قالـوا: بَلَـى، قـالَ صَلَّـى اللَّـهُ عليـه وسـلَّمَ: كُلُّ ضَعِيـفٍ مُتَضَعِّـفٍ..»، واتا پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت: ئایا پیشانتان بدەم کێ

**هەموو ئەو گوناح و کردەوە هەڵە و لادەرانەی کە بە ناوی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە لێرەو لەوێ دەکرێت و لە دەرەوەی سنوورەکانەوە بیری توندوتیژی و لادەرمان بۆ هێنراوە و توندوتیژی و ئازاردانی خەڵکی لێکەوتووەتەوە، هەر هەمووی ئیسلامی پیرۆز لێی بێبەرییە**

**کاتێک مسعود بارزانی میللەتەکەی بەرەو ڕیفراندۆم برد، ئەوە مافێکی میللەتی کورد بوو، هەر کەسێکیش پێچەوانەی ئەوە قسە دەکات، ئەوا لە ترسان پەشیمان بووەتەوە، چونکە ئەو کات هەمووان ئامادە بوون و دەنگیشیان بە سەربەخۆیی دا**

ئەهلی بەهەشتە؟ دەڵێن: بەڵێ. پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت: هەموو کەسێکی زەعیف و نەخۆش و زوڵملێکراو ئەهلی بەهەشتە، ئێ باشە ئەگەر نەتەوەیەك بچەوسێتەوە و زوڵملێکراو و بێ دەسەڵات بێت، ئەویش ئەهلی بەهەشتە. هەر ئەمەشە وای کردووە مامۆستایان و مەلا و زانایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام پاڵپشتی و پشتگیریی گەلەکەیان کردووە بۆ خەبات لە پێناو ئازادی و بەدەستهێنانی سەربەخۆییدا.

*** ئاماژەتان بە خەبات و ڕۆڵی مامۆستایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام کرد، ئایا هەر ئەمەش بوو وای کردبوو لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلولدا مەلا و مامۆستایانی ئایینی کورد لە دەوری مەلا مستەفا بارزانی بن و بگرە ئیعتیباری شۆڕشەکەیان ڕاگرتبوو؟**

- ڕۆڵی مامۆستایان و مەلای کورد لە شۆڕشی ئەیلول زۆر بە چاوێکی قورس و سەنگین سەیر دەکرێت، هەر شۆڕش و خەباتێك بکرێت، سەرەتا زانستی دەوێت، دواتر توانای پێویستە، مەلا مستەفا بارزانی ئەمەی باش زانیوە کە ڕۆڵی مامۆستا و مەلای کورد بۆ هوشیاری و بەهێزکردنی گەلەکەی چەند پێویستە هەر خۆیشی ئەهلی مزگەوت بووە، بۆیە ڕێزێکی زۆری لە مەلا و مامۆستایانی ئاینی گرتبوو، مەلای کورد ئەهلی زانست و زانیاری و شارەزایی بوون. پێش مەلا مستەفا بارزانی، شێخ سەعیدی پیران و شێخ مەحموود و قازی محەمەدیش ڕێز و خۆشەویستییەکی زۆریان بۆ مەلای کورد هەبووە. تۆ سەیری شێخ عەبدوڵای نەهری بکە، چەندین مەلای لەگەڵدا کوژراوە، ئەمە لای خودا و لای خەڵکی جێگای فەخر و شانازییە کە مەلای کورد لەگەڵ زوڵملێکراوان و چەوساوەدا دژی زاڵمان خەباتیان کردووە و هەمووان لە دەوری سەرکردە مێژووییەکانی کورد کۆبوونەتەوە و ڕێنما و هاوکار بوون لە خەبات و شۆڕشدا، هەر شۆڕش و خەبات و کارێك لە بێدەسەڵاتیدا فەرامۆشمان کرد، ئەوا بە تەئکید دەرئەنجامەکەی باش نابێت. شێخ عوسمانی بیارە دەیفەرموو: من دونیا دەگەڕێم لەبەر خاتری کورد، بۆ ئەوەی خەڵکی بزانێت کورد چی بەسەردا هاتووە و بۆچی هەر وا بێ دەسەڵات و زوڵملێکراوە. مامۆستا مەلا حەمە ئەمینی کانی سانان لە بەیانییەوە تا عەسر وانەی دەوتەوە. جارێکیان فەرمووی: مەلا مستەفا بارزانی دەرەجەی عالی بێت ناردی بە شوێنما من لە (کانی سانان) بووم لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و شەو هاتم بۆ ساوجی. مەلا مستەفا بەخێرهاتنێکی گەرمی لێکردم و وتی: ئیتر ئەمشەو کەس نابینم، مامۆستا میوانمە. هەر خۆی مەلا مستەفا بارزانی عادەتی وابوو، شەو زۆر کەم دەخەوت. دوای نوێژی بەیانی کەمێك دەخەوت. مەلا مستەفا بارزانی فەرمووی وەڵاهی حکومەتی مەرکەزی کار بە شەریعەتی ئیسلام بکات و کار بە قورئان بکات ئیفتخار دەکەم ببمە دەرگاوانی. بۆیە مەلا مستەفا بارزانی ڕێزی زۆری لە مامۆستا و مەلای ئایینی ئیسلامی پیرۆزی کورد دەگرت. جارێکیان پیاوێك قسەی ناشیرینی بە مەلا عارفی پێنجوێن وتبوو. مەلا مستەفا بارزانی وتبووی برۆن بیهێنن و ببەستنەوە تا ئێوارە. مەلا مستەفا بارزانی پێی وتبوو تۆ نازانیت ئەو مەلایە بە لانی کەمەوە پەنجا جار خەتمی قورئانی پیرۆزی کردووە. ئێمە شانازی بەوە دەکەین کە زۆربەی ڕابەر و سەرکردەکانی گەلەکەمان بە مەلا و کەسایەتیی ئایینی دەورە درابوون و ئەوانیش ڕێز و تەقدیری زۆریان بۆ مامۆستا و مەلای کورد هەبووە. هەر خۆی دامەزراندنی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان و کۆکردنەوەی ئەو هەموو زانا و مەلا و مامۆستای ئایینییە لەناو ئەو ڕێکخراوەدا بۆ یەکخستن و بەهێزکردنی ڕۆڵی مامۆستایانی ئایینی بووە لە ناو گەلەکەیان. خۆ ئەگەر ئەمریکا و عێراق و ئێران لە جەزائیر یەکیان نەگرتایە و لەبەر چاوی بێدەنگیی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەو دژایەتییەی ئەم میللەتە مەزڵوومەیان نەکردایە، هەرگیز ئەو شۆڕشە ڕانەدەگیرا. مەلا مستەفا بارزانی لەبەر ئەگەری لەناوچوونی گەلی کورد ناچار بوو بۆ ماوەیەك دەستبەرداری شۆڕش بێت.

*** تاچەند ریفراندۆم و داواکاری مافی نەتەوەیی کورد بۆ سەربەخۆیی لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام ڕەوایەتی پێ دراوە؟**

- خودای گەورەو میهرەبان دەفەرموێت: «يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَى وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ». واتا خودا بە هۆز و تیرەی جیاوازی خەڵق کردووین، تاوەکو تەعاروف بکەین. کاتێك مسعود بارزانی میللەتەکەی بەرەو

**مەلا مستەفا بارزانی ئەمەی باش زانیوە کە ڕۆڵی مامۆستا و مەلای کورد بۆ هوشیاری و بەهێزکردنی گەلەکەی چەند پێویستە**

**لای خودا و لای خەڵکی جێگای فەخر و شانازییە کە مەلای کورد لەگەڵ زوڵملێکراوان و چەوساوەدا دژی زاڵمان خەباتیان کردووە و هەمووان لە دەوری سەرکردە مێژووییەکانی کورد کۆبوونەتەوە**

**ئێمە شانازی بەوە دەکەین کە زۆربەی ڕابەر و سەرکردەکانی گەلەکەمان بە مەلا و کەسایەتیی ئایینی دەورە درابوون و ئەوانیش ڕێز و تەقدیری زۆریان بۆ مامۆستا و مەلای کورد هەبووە**

ڕیفراندۆم برد، ئەوە مافێکی میللەتی کورد بوو، هەر کەسێکیش پێچەوانەی ئەوە قسە دەکات، ئەوا لە ترسان پەشیمان بووەتەوە، چونکە ئەو کات هەمووان ئامادە بوون و دەنگیشیان بە سەربەخۆیی دا، ئێمەش زوڵممان بەرانبەر کراوە و خودای گەورە و میهرەبان و ئیسلام لە زوڵمکردن نەهی کردووە.

*** مەلای کورد بەردەوام پارێزگارییان لە ئاشتیی کۆمەڵایەتی و نەهێشتنی دووبەرەکی و فیتنە و ئاشووب کردووە، پرسیاری ئێمە ئەوەیە ئایا تا چەند ئەرکی مامۆستایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام قورستر بووە لە ڕێگەگرتن لە ئاشوب و فیتنە؟**

- «وَالْفِتْنَةُ أَشَدُّ مِنَ الْقَتْلِ». خوای گەورە و میهرەبان نەهی لە ئاشوب و فیتنە کردووە و دەفەرموێت: «إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَالْإِحْسَانِ وَإِيتَاءِ ذِي الْقُرْبَىٰ وَيَنْهَىٰ عَنِ الْفَحْشَاءِ وَالْمُنكَرِ وَالْبَغْيِ يَعِظُكُمْ لَعَلَّكُمْ تَذَكَّرُونَ». لە زۆر ئایەتی قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەر(د.خ) باس لە یەکگرتوویی و دوورکەوتنەوە لە فیتنە و ئاشوب و دووبەرەکی کراوە. ئەوەی دەبێت بەم کارەش هەڵسێت، سەرکردەی نەتەوەییە. هەر کۆمەڵ و نەتەوەیەك بەیعەتی نەبێت، ئەوا ناحاڵی و ناشارەزایە. پێغەمبەرمان (د.خ) دەفەرموێت: مرۆڤ ئەگەر بەیعەتی نەبوو، ئەوا جاهیل و نەفامە. مامۆستایەکمان ڕێی کەوتبووە ئاواییەك بۆ ئەوەی ببێتە مەلای ئەو گوندە و شەو بە خەڵکەکەی وتبوو، حەز دەکەم گەورەتان و ڕیش سپیتان بناسم. کەچی پێیان وتبوو قوربان گشتمان ڕیش سپین و جیاوازیمان نییە، مەلاکەش بۆ بەیانی ڕاست باری کردبوو، وتبووی ئەمە چ ئاواییەکە هەر هەموویان خۆیان بە گەورە دادەنێن و هەر کەسەو حیساب بۆ کەسی دیکە ناکات. باشە لە کاتی بوونی کێشە



و بڕیاری قورس و بوێر و یەکلاکەرەوە چۆن دەبێت هەر کەسەو گرووپێك و کۆمەڵەیەك بە ئارەزووی خۆی بکات؟ ئەمە بێسەروبەری و بشێوی پێ دەوترێت و عاقیبەتی باش نابێت. تۆ سەیر بکە ڕەونەقترین و باشترین سەردەمی موسڵمانان ئەو سەردەمانە بووە کە خەلیفە و سەرکردەی هەبووە، لەناو نەتەوەشدا زۆربەی نەتەوەکانی دونیا مەلیکی دروستی کردوون، لای خۆشمان هەر کەسەو گرووپ و حزبێك لە ئاوازێك بخوێنێت، ئەوا میللەتی موسڵمان دەخەینە بەر مەترسییەکی گەورەوە، پێشتر وا نەبوو، دەوترا فڵانە کەس وای دەوت و هەمووان بە قسەیان دەکرد.



**د. محەمەد شەریف**

**بیرمەند و شرۆڤەکار بۆ گوڵان:**

# سەرۆک بارزانی ئومێدێکی گەورەیە بۆ ئایندەی گەلی کوردستان

# زۆر گەشبینم بە حوکمڕانیی مسرور بارزانی و ئەگەر لێی بگەڕێن خۆبژێوی و بووژانەوەیەکی گەورە لە کوردستاندا دەبینین

**بارودۆخی عێراق و مێژووی پڕ لە ئاشوب و پشێویی ئەو وڵاتەی بە زۆر بەیەکەوە لکێنراوە، جگە لە خوێندنەوە سیاسییەکەی، شرۆڤە و خوێندنەوەیەکی هزرییش هەڵدەگرێت، کوردەکان لە شۆڕشی ئەیلوولەوە بە ڕابەرایەتیی مەلا مستەفا بارزانی و، لە ئێستاشدا لە لایەن مەرجەعی کورد سەرۆک بارزانی لە خەباتێکی بەردەوامدان، بۆ ئەوەی ئەو هاوبەشییە جێبەجێ بکرێت کە لەسەر ئەو بنەمایە عێراقی نوێ و عێراقی کۆنی لەسەر بونیاد نراوە، بەڵام زۆر لە عەرەبە بەناو قەومی و مەزهەبییەکانی ئێستا لە دژی ئەم هاوبەشییەن، لەم ڕووەوە گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ دکتۆر محەمەد شەریف شرۆڤەکار و سەرۆکی کۆڕبەندی هزری ئیسلامیی کوردستان ئەنجام دا، لێرەدا پوختەی وتەکانی بڵاودەکەینەوە.**

*** خوێندنەوە و شرۆڤەکردنی مێژوو، کارێکی گرنگە بۆ بەرچاوڕوونی لە واقیعی ئێستا و پێشبینیی ئایندە، بەپێی ئەزموون و شارەزایی ئێوە ئایا تا چەند ئەم بارودۆخەی ئێستای عێراق ڕەنگدانەوەی مێژووی لە سەرە و، ئایا دەکرێت دەستەبژێر و سیاسەتمەدارەکانی ئێستا بتوانن لە و واقیعە تاڵەی ڕابردوو دەربازیان ببێت؟**

- هەر چەندە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە خوێندنەوەیەکی قووڵی پێویستە، بەڵام بەپێی تەمەنم و ئەو ئەزموونەی کە لە عێراقدا تێیدا ژیاوم، دەتوانم تا ڕاددەیەك وەڵامێکی ئەو پرسیارە بدەمەوە. من دووساڵی سەردەمی مەلیکیم بینیوە و دواتریش سەردەمی شۆڕشی ١٤ی تەموز و عەبدولکەریم قاسمیشم بینی، عێراق لە سەردەمی مەلەکیدا تا ڕاددەیەك لە ڕووی سەقامگیری و ئەو دیموکراتییەتەی کە ئێستا زۆربەی پێکهاتەکانی عێراق بانگەشەی بۆ دەکەن، بارودۆخێکی باشی بوو، تەنانەت دوو ساڵی یەکەمی حوکمی عەبدولکەریم قاسمیش خراپ نەبوو، ئەو سەردەمە کورد و عەرەب و سوننە و شیعە و کریستیان هەبوون، بەڵام هەستت بە کێشەیەکی ئەوەندە قووڵ و ئاڵۆز و توندوتیژ نەدەکرد، کورد و عەرەب پێکەوە لە شەقامی ڕەشید دەسووڕانەوە و زۆربەی ئەفسەرەکانی سوپا و پلە بەرزەکانیش کورد بوون وەکو سەعید قەزاز.

کاتێك عێراق بووە حوکمی قەومی، کاریگەریی جەمال عەبدولناسر و حزبی بەعس پێش ئەوەی بێتە سەر حوکم، عێراقیان فەوتاند، بارودۆخەکە بە شێوەیەك گۆڕدرا تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، ڕاست نەبووەتەوە، بەعسە قەومییەکان لە ناو سوپادا ئەفسەری زۆریان هەبوو، مامەڵەیان زۆر توندوتیژ و خوێناوی و خراپ بوو. کوردیان بە هاوبەش و هاووڵاتی ڕاستەقینە نەدەزانی و حیسابیان بۆ نەدەکرد. هەرکاتێك ئارەزوویان لێ بووایە ئازاریان دەدایەن، هەر ئەم ستەمکارییە لە سەردەمی سەدام حوسێندا بە ڕوونی دەرکەوت و کوردیان قەتڵوعام کرد و هەموو مافێکیان لێ زەوت کرد. مێژوونووسان و شارەزایانی ئەم بوارە ئەم وێرانی و توندوتیژییەی عێراق بۆ مێژوویەکی دوورتر دەبەنەوە و پێیان وایە دوو سەد ساڵ لەمەوبەر بارودۆخی عێراق هەر خوێناوی و ناسەقامگیر بووە و عەجەم و فارس و تورك حوکمیان کردووە، تەتەر هاتووە هەمووی ڕاماڵیوە، بەم شێوەیە توندوتیژی لە مێژووی عێراقدا میراتییەکی خراپی بۆ بەجێهێشتووین.

**کاتێک عێراق بووە حوکمی قەومی، کاریگەریی جەمال عەبدولناسر و حزبی بەعس پێش ئەوەی بێتە سەر حوکم، عێراقیان فەوتاند، بارودۆخەکە بە شێوەیەک گۆڕدرا تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، ڕاست نەبووەتەوە**

**لە ئەوروپاش ٣٠٠ ساڵ پێش ئێستا هەردوو مەزهەبی کاسۆلیک و پرۆتستان بە دۆخێکی خراپ و خوێناویی تێپەڕ بوون، تەنیا لە یەک شەودا ٣٠ هەزار کەسیان لە شارێکدا کوشتووە**

**غەریزەی مرۆڤ و زاڵنەبوون بەسەر شەڕانگێزی و خۆپەرستی لەلایەن قەومییەکانی عەرەبەوە، وای کردووە نەتەوە و پێکهاتەکانی دیکە قبووڵ نەکرێت**

**هەرچەندە دین بنەمایەکی سەرەکییە بۆ سەقامگیریی مرۆڤایەتی، بەڵام مەزهەبەکان تێیدا بوونەتە هۆکاری تەفرەقە و پشێوی**

**چەند گرژی و ناکۆکی لە نێوان یەکێتی و پارتیدا هەبێت، دەرئەنجام دۆخەکەی نێوانیان ئاسایی دەبێتەوە، بەڵام وەرە شیعە و سوننە ڕێک بخەرەوە**

**پێش ڕووخانی ڕژێمی بەعس هەموو خراپەکاری و خوێنڕێژی لە یەک کەس کورت دەکرایەوە کە سەدام حوسێن بوو، بەتایبەتی دژی کورد کۆمەڵکوژی و زوڵمێکی زۆری کرد، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٥ و ٢٠٠٦ بە هەزاران کەس تەنیا لەسەر ناوی عومەر لە بەغدا کوژران**

*** مێژووی مرۆڤایەتی پڕیەتی لە شەڕ و ماڵوێرانی و توندوتیژی، عێراقیش بە هەمان شێوە، بەڵام ئایا ناکرێت هاوشێوەی ئەوروپییەکان و زۆر لە میللەتانی دیکەی جیهان ئەو دۆخ و میراتییە تێپەڕێنین و سەردەمێکی زێڕین دەست پێ بکەین؟**

- ڕاستە عێراق هیچ کاتێک یەک میللەت و مەزهەب نەبووە، خۆ لە ئەورووپاش ٣٠٠ ساڵ پێش ئێستا هەردوو مەزهەبی کاسۆلیك و پرۆتستان بە دۆخێکی خراپ و خوێناویی تێپەڕ بوون، تەنیا لە یەك شەودا ٣٠ هەزار کەسیان لە شارێکدا کوشتووە، ئەو شەڕ و ماڵوێرانییەی ئەوان هەرگیز بەراورد ناکرێت بە دۆخی مێژوویی عێراق، بەڵام ئەوان گەیشتنە سەردەمی ڕێنیسانسی بزووتنەوەی ڕۆشنبیری و شۆڕشی پیشەسازی، بەڵام عێراق هەر لە بازنەیەکی داخراودا دێت و دەچێت. من پێم وایە غەریزەی مرۆڤ و زاڵنەبوون بەسەر شەڕانگێزی و خۆپەرستی لەلایەن قەومییەکانی عەرەبەوە، وای کردووە نەتەوە و پێکهاتەکانی دیکە قبووڵ نەکرێت و وەکو پەرچەکردارێك ئێمەش ئەوانمان پێ قبووڵ ناکرێت، ئەمەش پێچەوانەی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و قورئانی پیرۆزە، ئایینی ئیسلام بۆ کۆنترۆڵکردنی غەریزەکان و خێر و خۆشی بۆ بەشەرییەت هاتووەتە خوارەوە. لە مێژووی ئیسلامدا نموونەی زۆرمان هەیە، تەنانەت ئەم بۆچوونە لە ناو بیروبۆچوون و ئایدیۆلۆژیەتی چەقبەستوودا هەیە، لە ناو بیری شیوعییەکاندا باس لە برای یەکتر دەکرا، کەچی کاتێك چوونە سەر حوکم بە هەزاران کەسیان کوشت، ستالین وەکو نموونە، بۆیە من زۆر بە زەحمەتی دەزانم وا بە ئاسانی ئەم بیروبۆچوون و ئایدیۆلۆژیا و بەرژەوەندییانە ڕێگە بدەن غەریزەی مرۆڤایەتی لە شەڕ و ئاشوب ڕزگار ببێت.

*** بەڵام بوونی ئەو هەموو مەزهەب و حزبە ئیسلامی و تائیفییە هاندەر بووە بۆ زیاتر تەشەنەکردنی توندوتیژی، بە دیوێکی دیکەدا ئایا هەڵسووڕاوانی حزبە ئیسلامی و مەزهەبییەکانیش هاندەر نەبوون بۆ هێورکردنەوەی دۆخەکە؟**

- هەرچەندە دین بنەمایەکی سەرەکییە بۆ سەقامگیریی مرۆڤایەتی، بەڵام مەزهەبەکان تێیدا بوونەتە هۆکاری تەفرەقە و پشێوی، گرفتەکە لێرەدایە کە هەموو دووبەرەکی و ناکۆکییەك قابیلی چارەسەرە، دووبەرەکی و دژایەتیی دینی نەبێت. ئەوەتا چەند گرژی و ناکۆکی لە نێوان یەکێتی و پارتیدا هەبێت، دەرئەنجام دۆخەکەی نێوانیان ئاسایی دەبێتەوە، بەڵام وەرە شیعە و سوننە ڕێك بخەرەوە. پێش ڕووخانی ڕژێمی بەعس هەموو خراپەکاری و خوێنڕێژی لە یەك کەس کورت دەکرایەوە کە سەدام حوسێن بوو، بەتایبەتی دژی کورد کۆمەڵکوژی و زوڵمێکی زۆری کرد، بەڵام لە ساڵی ٢٠٠٥ و ٢٠٠٦ بە هەزاران کەس تەنیا لەسەر ناوی عومەر لە بەغدا کوژران، لە بەرانبەردا قین و تۆڵەی سوننە ئەوەندە بەهێز بوو ڕوویان کردە داعشی توندڕەو و ئەوانیش قەتڵوعامیان دەرهەق بە شیعەکان ئەنجام دا، دواتر شیعەکانیش بە هەمان شێوە تۆڵەیان کردەوە.

*** بەڵام ئێستا ئومێدێك هەیە محەمەد شەیاع سودانی کەمێك ئەو ململانێ و ناسەقامگیرییە هێور بکاتەوە و ئاهێك بە شەقامی عێراقی و خواست و ویستی هاووڵاتیاندا بێت و، کورد و سوننە و شیعە جۆرێك لە حوکمی فیدڕاڵییەکی زیاتر و تا کۆنفیدڕاڵییان پێ بدرێت، ئایا ئەم پێشبینی و بۆچوونە تاچەند لە ڕووی پراکتیکییەوە جێبەجێ دەکرێت؟**

- هەرگیز دەستوور وەکو خۆی جێبەجێ ناکرێت و ئیجتیهاداتی زۆر هەڵدەگرێت و گرفت و کێشە هەر دروست دەبێتەوە. من لە بیرمە لە خولی یەکەمی پەرلەمانی عێراقدا لەوێ بووم، یەك شیعە باوەڕی بەو دەستوورە نەبوو، واتێگەیشتبوون ئەمریکا و کورد ئەو دەستوورەیان بە زۆر بەسەریاندا سەپاندووە، هەر ئەمەش بوو وای کرد لە خولی یەکەمی پەرلەمانی عێراقدا نەتوانن یاسای نەوت و غاز دابنێن، لە دەستووردا دەڵێت: هەرێمەکان خۆیان ئیدارەی نەوتی خۆیان بکەن و داهات چەند زیاد بوو، ئەو کات دەیدەنەوە بە ناوەند، تا ئێستاش داهاتی هەرێم لەو بودجەیە کەمترە کە عێراق دەستی دەکەوێت، بۆیە لەسەر ناردنی ٢٠٠ ملیار دینارەکە ڕێککەوتین، کەچی ئەویش بە پچڕ پچڕ و نارێکی ناردیان و بە درێژایی ئەمساڵ دووجاریان ناردووە .

ئەوەی من دەیبینم هەمووان ماندوون و پشوویەکی کەم دەدەن، تا ئێستا شیاع سودانی ڕووبەڕووی تەحەددییەکان نەبووەتەوە، باشە گریمان شەیاع سودانی ویستی کاری باشی هەبوو، ئایا پێی دەکرێت و دەتوانێت دەستوور وەکو خۆی جێبەجێ بکات و واز لە کورد بهێنێت سامان و داهاتی خۆی بەڕێوە ببات؟ خۆ هەر لە ئێستاوە سوودانی دەڵێت هەرچی دادگای فیدراڵی دەیلێت دەبێت وەکو خۆی جێبەجێ بکرێت، ئەمەش پێچەوانەی ویست و خواستی ئێمەیە، باشە سەرۆك وەزیرانی نوێ دەوێرێت ماددەی ١٤٠ وەکو خۆی جێبەجێ بکات، کە جێبەجێنەکردنی ئەم ماددەیە وەکو ئەوە وایە بەشێکی گەورەی خاکی کوردستانمان لەدەستدابێت. ئایا پێشێلکردنی مافەکانی دارایی و شایستە داراییەکان و قەرەبووی قوربانیانی ئەنفال و وێرانکردنی گوندەکان جێبەجێ دەکرێت؟ هەر خۆمان بڕوامان بەوە نییە بەو عەقڵییەتە ئاخنراوە بە دژایەتیی کورد ئەو ماددە دەستوورییانە جێبەجێ بکرێت کە لە بەرژەوەندیی کوردایە، کورد پێکهاتەیەکی سەرەکییە لە عێراقدا و دەبێت هاوبەشیی ڕاستەقینە لەم وڵاتەدا پەیڕەو بکرێت و بۆ دەربازبوون لەو عەقڵییەتە دەبێت کورد دەسەڵاتەکانی لە فیدڕاڵی لە ئاستی کۆنفیدڕاڵییەتدا بێت.

*** ئایا دەستێوەردانەکانی ئێران لە ناو بارودۆخی عێراقدا تا چەند بارودۆخەکە هەڵدەسووڕێنێت و دەیشێوێنێت؟ کورد دەبێت چی بکات بۆ ئەوەی لە گفتوگۆکانی لەگەڵ حکومەتی نوێ بەهێز بێت؟**

- ئێران کێشەی بۆ هەموو ناوچەکە و جیهان دروست کردووە و بووەتە بەشێکیش لە ململانێی جەنگی نێوان ڕووسیا و ئۆکرانیا، ئەمریکا و هاوپەیمانەکان لێی بێزار بوون، ڕەنگە یەکێك لە هەڵوێستەکانی ئەمریکا ئەوە بێت لەم قۆناغەدا لە کوردستان و عێراق بمێنێتەوە و ئێستا هەولێر بە ناوەندێکی سیاسیی ناوچەکە هەژمار دەکات و بۆ ڕووسیا و ئێرانییەکانی بەجێی ناهێڵێت. ئەگەر دەستتێوەردانەکانی ئێران لە هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لە ناوچەی سلێمانی کە ئێران بە موڵکی خۆی دەزانێت، کەم بکرێتەوە، ئەوا بارودۆخەکەمان باش دەبێت، ئێران دەیەوێت کورد بکاتە شیعە و هەر هیچ نەبێت ژێردەستە و گوێڕایەڵیان بێت، بۆیە لەم دۆخەدا تەنیا فریادڕەسی کورد سەرۆك بارزانییە.

*** ڕۆڵی سەرۆك بارزانی بۆ بەهێزکردنی تۆوی پێکەوەژیان و هێورکردنەوەی بارگرژییەکان لە عێراق و کوردستاندا چۆن هەڵدەسەنگێنیت؟**

- جەنابی سەرۆك بارزانی هەروەکو چۆن ئومێدی گەورەیە بۆ گەیشتن بە کەناری ئارامی بۆ گەلی کوردستان، بە هەمان شێوە ڕۆڵێکی سەرەکیی هەبووە بۆ کەمکردنەوەی بارگرژییەکان و پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق. سەرۆك بارزانی باش دەزانێت تێکچوون و درێژەکێشانی ئەم دۆخە ئاڵۆزەی عێراق بۆ ئێمەی کوردیش باش نییە، ڕۆڵی گەورەی سەرۆك بارزانی لە عێراقدا زۆر لە کێشەکان چارەسەر دەکات، ئەگەر هەندێك لە کوردەکانی خۆمان لێی بگەڕێن کە بەردەوام کاریان فیتنەیە و دژایەتیکردنی کورد لە سەرۆك بارزانیدا دەبیننەوە.

*** یەکێك لە دەستکەوتەکانی گەلی کوردستان کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، بەڵام بەردەوام گرفت و ئاستەنگی بۆ دروست دەکەن، ئایا دەکرێت حکومەتی هەرێم خاڵی بەهێزی کورد بێت لە دانوستانەکان و چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدادا؟**

- من زۆر گەشبین و دڵگەشم بەرامبەر سیاسەت و کاری ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەگەر لێی بگەڕێن دوو ساڵی دیکە نابات خۆبژێوی و بووژانەوەیەکی گەورە دەبینین، بەتایبەتی ئەو جووڵە و سیاسەتەی بۆ پەرەپێدانی کەرتی کشتوکاڵ و پیشەسازی و نەوت و وزە بە گشتی دایناوە، کارگە و پیشەسازیی زۆر گەورە لە کوردستان دەبینم، هەرچەندە فۆکسی میدیایی زۆر کەم لەسەرە، وا بڕوات ئێمە وەکو دەوڵەتی ئەمری واقیع مامەڵەمان لەگەڵ دەکرێت، تەنیا ئەوەندەمان ماوە هاوشێوەی فەڵەستینییەکان نوێنەرمان لە نەتەوە یەکگرتووەکان هەبێت و وەکو ئەندامێکیش دەنگمان هەبێت.

**له خولی یەکەمی پەرلەمانی عێراقدا لەوێ بووم، یەک شیعە باوەڕی بەو دەستوورە نەبوو، واتێگەیشتبوون ئەمریکا و کورد ئەو دەستوورەیان بە زۆر بەسەریاندا سەپاندووە**

**هەر لە ئێستاوە سوودانی دەڵێت هەرچی دادگای فیدراڵی دەیلێت دەبێت وەکو خۆی جێبەجێ بکرێت، ئەمەش پێچەوانەی ویست و خواستی ئێمەیە**

**ئێران کێشەی بۆ هەموو ناوچەکە و جیهان دروست کردووە و بووەتە بەشێکیش لە ململانێی جەنگی نێوان ڕووسیا و ئۆکرانیا**


**ئەگەر دەستتێوەردانەکانی ئێران لە هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لە ناوچەی سلێمانی کە ئێران بە موڵکی خۆی دەزانێت، کەم بکرێتەوە، ئەوا بارودۆخەکەمان باش دەبێت**

ئولریك بروكنەر پرۆفیسۆری دیراساتی ئەورووپییە لە زانكۆی ستانفۆرد لە بەرلین. پێشتر مامۆستا بووە لە بەشی زانستە سیاسییەكان لە زانكۆی بەرلینی ئازاد، هەروەها وانەبێژ بووە لە زانكۆی فودان لە شانگهای و زانكۆی سابانجی لە ئەستەنبول و زانكۆی لیوبلیانا لە سلۆڤینیا. گوڵان دیمانەیەكی لەگەڵدا ئەنجام دا كە تەوەرە سەرەكییەكانی پەیوەست بوون بە شەڕی ڕووسیا و ئۆكرانیاوە، بە تایبەتی ڕەنگدانەوەی ئەم شەڕە لەسەر ئاسایش و وزەی ئەوروپا.

ئولریک بروکنەر

پڕۆفیسۆری دیراساتی ئەورووپی لە زانكۆی ستانفۆرد بۆ گوڵان:

# ڕووسیا و چین بەرژەوەندییەكانیان لەوەدا یەک دەگرێتەوە كە ئەوروپا بەرەو لاوازی بچێت




*** ئاشکرایە کە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا کاریگەری و لێکەوتەی لەسەر سەرجەم جیهان هەبووە، لە ڕووی بەرزکردنەوەی نرخی وزە و خۆراکەوە، لە هەمان کاتدا ئەم شەڕە بە شێوەیەکی تایبەتی و دیاریکراو کاریگەری لەسەر ئاسایشی وزەی ئەورووپا بووە، لە هەمووشیان زیاتر لەسەر وڵاتی ئەڵمانیا، ئێوە چۆن لەم پرسە دەڕوانن و چ شرۆڤەکارییەکی بۆ دەکەن؟**

- لە ڕاستیدا ئێمە لەم ڕووەوە گوتار و هەڵوێستی جیاواز بەدی دەکەین، بەڵام ئەوەی پەیوەست بێت بە وڵاتی ئەڵمانیاوە، ئەوا ئاشکرایە ڕاوێژکاری ئەڵمانیا، ئۆلاف شۆلتز باسی لەوە کردووە کە جیهان لە ئاڵوگۆڕدایە و بە خاڵی وەرچەرخاندا تێپەڕیوە و ئێستا جیهان پێی ناوەتە نێو سەردەم و ڕۆژگارێکی نوێوە، دواتر ڕەهەند و ڕواڵەتەکانی ئەم ڕۆژگارە نوێیە هەر چییەك بن، ئەوا بە دڵنیاییەوە ئەمە جیهانێکی جیاوازە کە ئێمە تێیدا دەژین و، هەموو ئەم پەرسەندنە نوێیانەش بوونە هۆی ئەوەی گفتوگۆ و مشتومڕێکی نوێ بێتەئاراوە لە پەیوەندی بە ڕۆڵی نوێی ئەڵمانیا و بگرە ڕۆڵی نوێی خودی یەکێتیی ئەورووپا لە چوارچێوەی ستراتیژیەتە جیهانییەکەدا. ئەوەی تا ئێستاش ئاماژەی پێ کراوە و باس کراوە، ناوی لێ نراوە: قیبلەنمای ستراتیژی (Strategic Compass)، کە ئەڵمانیا ڕۆڵێکی پێشەنگ و سەرەکی تێدا دەبینێت. ئەمەی ئاماژەمان پێ کرد تا ئێستا لەسەر ئاستی گوتار و تیۆر ماوەتەوە و نازانین چ ئاکام و لێکەوتەیەکی لەسەر ئەرزی واقیع لێ دەکەوێتەوە. بۆ نموونە ڕاستە لە ئەڵمانیا بڕیاری زیادکردنی ١٠٠ ملیار یۆرۆ دراوە بۆ نوێکردنەوەی سوپای ئەو وڵاتە، بەڵام دیار نییە کە ئەمە لە واقیعدا چ دەرهاویشتەیەکی لێ دەکەوێتەوە،

**ئەگەر تێکڕای جیهان گۆڕابێت، ئەوا ناکرێت ئەوروپا تەنیا سەرقاڵ بێت بە خۆڕێکخستنی ناوخۆیی و دروستکردنی بازاڕێکی یەکگرتووەوە، بەڵکو دەبێت بە چەشنێک کار بکات و خۆی ڕێکبخاتەوە کە ببێتە گەمەکار و ئەکتەرێکی جیهانی**

**ڕووسیا دەیەوێت دابەشبوون و دووبەرەکی لە نێو ئەورووپادا دروست بکات بۆ ئەوەی سیاسەت و کارنامەی خۆی بباتەسەر**

**هەر هەڵوێست و سیاسەتێکی یەکگرتووی نێوان هاوپەیمانە ئەوروپییەکان لە ئاست پێشێلکردنی یاسای نێودەوڵەتی لەلایەن ڕووسیاوە خزمەت بە کار و کارنامەکانی سەرۆک پوتین ناکات**

**ڕەنگە بەرژەوەندییەکانی ڕووسیا و چین وەک یەک نەبن لە هەموو کاتێکدا، بەڵام هەر دوو بەرژەوەندییەکانیان لەوەدا یەک دەگرێتەوە کە ئەوروپا بەرەو لاوازی بچێت**

بۆ نموونە ئایا دەبێتە هۆی ئەوەی لە ئایندەدا سوپای ئەڵمانیا بە چەشنێکی جیاوازتر، یان بۆ ئامانجێکی جیاوازتر لەوەی ئێستا بەکار بهێنرێت. کەواتە ڕەنگە هێشتا زوو بێت، بۆ ئەوەی ئەمە یەکلا بکرێتەوە، چونکە ئەمە بە چەشنی شۆڕشێك بوو بەلای ڕای گشتیی ئەڵمانیاوە، کە لەسەر ئەو قەناعەتە گۆش کراوە کە وڵاتەکەی پێویستی بەوە نییە بچێتە نێو شەڕەوە، لەبەر ئەوەی پارێزراوە بەهۆی ئەو زەمانەتە ئەمنییەی لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوە دەستەبەر کراوە، کە تێچوویەکی کەم دەکەوێت لەسەر ئەڵمانیا. هەر لە پەیوەندی بە شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیاوە، ئەوا ئاشکرایە کە ڕۆژگارێکی دوور و درێژ بوو شەڕ لە ئەورووپا ڕووی نەدابوو، بەڵام ئێستا و بە هۆی ئەم شەڕەوە ئەوا ئەو بۆچوونە دروست بووە کە لەبەر ئەوەی شەڕ بەردەگای پێ گرتووین، ئەوا پێویستە خۆمان ئامادە بکەین بۆ بەرگریکردن و بەرگری لەخۆکردنیش لە ناو ماڵ و وڵاتی خۆتەوە دەست پێدەکات.

*** کەواتە ئەم شەڕە تا چ ڕاددەیەك وڵاتانی ئەورووپا ناچار دەکات کە پێداچوونەوەیەکی ڕیشەیی و قووڵ بکەن بۆ حیساباتی پەیوەست بە ئاسایشی وزەوە، بە تایبەتی کە دەزانین ڕووسیا وزەی کردووەتە چەك و کارتێکی گوشار لەسەر ئەم وڵاتانە؟**

- بە تێڕوانینی من ئەم شەڕە هەموو شتێکی گۆڕیوە و کارێکی کردووە پێویست بەوە بکات پێداچوونەوە بە هەموو حیساباتەکاندا بکرێت و، پێم وا نییە زۆر لە ڕاستی دوور کەوتبێتینەوە ئەگەر بڵێین: ئەمە خاڵی وەرچەرخانە، چونکە ئەگەر تێکڕای جیهان گۆڕابێت، ئەوا ناکرێت ئەورووپا تەنیا سەرقاڵ بێت بە خۆڕێکخستنی ناوخۆیی و دروستکردنی بازاڕێکی یەکگرتووەوە، بەڵکو دەبێت بە چەشنێك کار بکات و خۆی ڕێکبخاتەوە کە ببێتە گەمەکار و ئەکتەرێکی جیهانی، ئەگەر ئەم کارە نەکات، ئەوا مەرجەکانی بەسەردا دەسەپێنرێت. بەڵام هەروەك پێشتریش باسم کرد، ئەمانە هێشتا لەسەر ئاست و چوارچێوەی تیۆری ماونەتەوە و پێویستە ئەم وڵاتانە بڕیار بدەن کە هەنگاوەکانیان لەسەر ئاستی کرداری و لە ئەرزی واقیعدا چی و چۆن دەبێت. چونکە ئێمە دەزانین وڵات هەیە لە کیشوەری ئەورووپا کە نیگەرانی ئەوەیە ئەویش تووشی داگیرکاری ببێتەوە، یان ببێتە ئامانجی هێرشێکی ناوکی، بە تایبەتی دوای ئەوەی سەرۆکی ڕووسیا ڤلادمیر پوتین ئاماژەی بەوە کرد کە لێدوانی ئەوان لەم بارەیەوە تەنیا هەڕەشەیەکی بەتاڵ نییە و دەکرێت ئەم هێرشە ناوکییە ئەو وڵاتانەش بگرێتەوە کە بەشدار دەبن لە شەڕەکەدا. کەواتە ئێستا وڵاتانی ئەورووپا لە بەردەم دووڕێیانێکدان، یان ئەوەتا دەبێت بکەونە خۆیان و ئامادەکاری بکەن و دۆخەکە هەڵسەنگێنن و بڕیاری پێویست بدەن، یان ئەوەتا دەستەوەستان بمێننەوە و ئومێدی ئەوە بکەن کە لەم دۆخە سەلامەت و بێ زیان دەرچن. دید و تێڕوانینی من لەم ڕووەوە ئەوەیە کە ناکرێت ئەورووپا، یان وڵاتانی ئەورووپا تەنیا سیاسەتی چاوەڕوانی بگرنەبەر، چونکە لە ئێستادا چەندین پێشهات و پەرەسەندن و گۆڕانکاری ڕوو دەدەن کە لە بەرژەوەندیی ئەم کیشوەردا نین، لەبەر ئەوە پێویستە کات و کۆششی زیاتر تەرخان بکەین و بخەینەگەڕ و بڕیار بدەین لە چ ساتەوەختێکدا دەبێت ئێمەش جڵەوی بەرپرسیارێتی بگرینە دەست.

*** هەر لە پەیوەندی بە پرسی وزەوە، زۆرێك لە شرۆڤەکاران باسیان لەوە کردووە کە ئامانجی ڕووسیا لە بەکارهێنانی وزە وەك چەکێك ئەوەیە کە لێکترازانێك لە هەڵوێستی یەکێتیی ئەورووپادا دروست بکات. پێت وایە تا چەند ئەمە سیاسەتێکی کارا و کاریگەر بووە لەلایەن ڕووسیاوە؟**

- لە ڕاستیدا ئاشکرایە کە ڕووسیا دەیەوێت دابەشبوون و دووبەرەکی لە نێو ئەورووپادا دروست بکات بۆ ئەوەی سیاسەت و کارنامەی خۆی بباتەسەر، لەبەر ئەوە لەم ڕوانگەیەوە دەتوانم ئەوە بڵێم کە هەر هەڵوێست و سیاسەتێکی یەکگرتووی نێوان هاوپەیمانە ئەورووپییەکان لە ئاست پێشێلکردنی یاسای نێودەوڵەتی لەلایەن ڕووسیاوە خزمەت بە کار و کارنامەکانی سەرۆك پوتین ناکات، هەروەها ئەمە لە بەرژەوەندیی وڵاتی چینیش نییە، چونکە ڕاستە ڕەنگە بەرژەوەندییەکانی ڕووسیا و چین وەك یەك نەبن لە هەموو کاتێکدا، بەڵام هەر دوو بەرژەوەندییەکانیان لەوەدا یەك دەگرێتەوە کە ئەورووپا بەرەو لاوازی بچێت. بەڵام ئەوەی تا ئێستا لە وڵاتی چین بەدی کراوە ئەوەیە کە نایەوێت کارێك بکات کە ئابووریی جیهانی تووشی داکشان و پووکانەوە بکات. ئەگەرچی ئەوەی لە ئێستادا لە ئەورووپا بەدی دەکرێت بریتییە لە هەڵکشانی هەڵاوسان و ڕاوەستانی گەشەی ئابووری، کە هەموو ئەمانەش دەبنە هۆی ئەوەی پشێوی و نائارامی کۆمەڵایەتی بێتە ئاراوە کە ڕەنگە لە دەرئەنجامدا گۆڕانکاری



لە حکومەت و حوکمڕانیشدا دروست بکات.

*** ئایا دەکرێت بڵێین کە لە ئەنجامی ئەم شەڕەدا و ئەو ڕەنگدانەوەی هەیبووە لەسەر ئابووری و ئاسایشی وزەی ئەوروپا، ئەوا ئەوروپا لاوازتر بووە و لە ئێستادا پتر پێویستی بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە بۆ دەستەبەرکردنی ئاسایش و وزە، ئەمەش دۆخێکە کە سەردەکێشێت بۆ ئەوەی ئەمریکا باڵادەستتر و دەستڕۆیشتووتر بێت لە پرسەکانی پەیوەست بە ئاسایش و وزەی وڵاتانی ئەوروپاوە؟**

- لە ڕاستیدا پێشتریش ئەوروپا لە بواری ئەمنیدا پشتبەستوو بووە بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، هەروەها خودی یەکێتیی ئەورووپاش لەسەر بنەمای ئەم پرەنسیپە بنیاد نراوە کە پێی وایە پشتبەیەکبەستنی ئابووری سەردەکێشێت بۆ بەرپابوونی ئاشتی، چونکە لەو کاتەدا هەموان دەبنە بەشێك لە چوارچێوەیەکی گەورەتر کە یەکێتیی ئەوروپایە، کە ئەمەش دۆخێك دەخوڵقێنێت کە بەرژەوەندیی هەر وڵاتێك لەوەدایە کە بایەخ بە بەرژەوەندیی وڵاتانی دراوسێی بدات و بەم شێوەیە ئاشتی دێتەئاراوە و بەرپا دەبێت. ڕاستە ئەم دۆخە بۆ ماوەیەك، یان ڕۆژگارێکی دوور و درێژ بەردەوام بوو، سەرکەوتووش بوو، بەڵام هەڵەکە لەوەدا بوو کە ئەورووپییەکان پێیان وابوو ئەمە مۆدێلێکە کە درەنگ، یان زوو وڵاتان، یان هەرێمەکانی دیکەی جیهانی پیادە و پەیڕەوی دەکەن و زیاتر هاوشێوەی یەکێتیی ئەوروپا دەبن، کە ئاشکرایە ئەمە ڕووی نەدا. کەواتە ئەگەر بگەڕێمەوە بۆ وەڵامی پرسیارەکە، ئەوا بەڵێ ڕاستە کە لە سەروەخت و ساتەوەختی شەڕدا و کاتێك هەڕەشەی ئەمنی ڕووبەڕووی وڵاتانی ئەوروپا دەبێتەوە، ئەوا پشتبەستنی ئەم وڵاتانە بە زەمانەتەی ئەمنیی ویلایەتە یەکگرتووەکان پتر بەرچاو دەبێت، کە خۆی لە ڕێکخراوی ناتۆدا بەرجەستە دەکات، کە ئاشکرایە ئەمریکاش باڵادەستییەکی تەواوی بە سەر ناتۆدا هەیە، بەڵام لە حاڵەتی ئاشتی و ئارامیدا و کاتێك پرسەکان تەنیا پەیوەست دەبن بە ئاڵوگۆڕی بازرگانی و پشتبەیەکبەستنی ئابووری و پرسە داراییەکانەوە، ئەوا ئەم پێویستی و پشبەستنەی ئەورووپا بە ئەمریکا کەمتر دیار و بەرچاو دەبێت، ئەگەرچی بە مانای ئەوە نییە کە لە ئارادا نامێنێت.

ستیڤن زونێس پسپۆڕی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و پرۆفیسۆری سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە لە زانکۆی سان فرانسیسکۆ، شارەزا و تایبەتمەندی چەند بوارێکی گرنگە، وەك پرسی ناتوندوتیژی، چارەسەرکردنی ناکۆکی، سیاسەتی دەرەکیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و جیهانگەرایی. دامەزرێنەر و یەکەم بەڕێوەبەری پرۆگرامی دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بووە لە زانکۆی ناوبراو. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد کە پتر پەیوەست بوون بە شەڕی ئێستای ڕووسیا و ئۆکرانیا و پەرەسەندن و پێشهاتەکانی ئەم شەڕە و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار.

## ستیڤن زونێس

پسپۆڕی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی سان فرانسیسکۆ بۆ گوڵان:

# باسکردن لە ئەگەری شەڕی ئەتۆمی مایەی دڵەڕاوکێ و نیگەرانییە

# دیمانەی تایبەت



*** چۆن لە بارودۆخی شەڕی ڕووسیا و ئۆکرانیا دەڕوانن و پێتان وایە بۆچی شەڕەکە بەم چەشنە درێژەی کێشا، بەتایبەتی کە ڕووسیا ناوی لێ نابوو ئۆپەراسیۆنێکی سەربازیی تایبەت؟ ئایا پێتان وایە ئەم شەڕە زیاتر درێژە دەکێشێت، یان ئەگەری ئەوە هەیە یەکلا ببێتەوە، چ لە ڕووی سەربازییەوە، یان لە بە ڕێگاچارەی دیپلۆماسی؟**

- لە ڕاستیدا دەبێت سەرەتا ئاماژە بەوە بکەین کە سەرەڕای ئەوەی هاوسەنگییە سەربازییەکە لە بەرژەوەندیی ڕووسیا بوو و سەرباری ئەوەی ڕووسیا باڵادەستییەکی سەربازی هەبوو، بەڵام ئاشکرایە کە ڕووسیا نەیتوانی بە چەشنێکی کارا ئەم شەڕە بەرپا بکات، ڕەنگە هۆکارێکی ئەوە بووبێت کە ڕووسیا زیاد لە پێویست متمانەی بە خۆی هەبوو، هەروەها دەرکەوت کە کەرەستە سەربازییەکانیشی هێندە مەزن نین کە پێشبینی دەکرا، یان بانگەشەی بۆ دەکرا، سەرکردە و فەرماندە سەربازییەکانیشی توانا و کارامەییەکی ئەوتۆیان نەبوو. دواتر نابێت ئەوەش نادیدە بگرین کە وڵاتانی ڕۆژئاوا و لە سەرووی هەموویانەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە بەهای دەیان ملیار دۆلار چەك و کەرەستەی پێشکەوتووی سەربازییان بۆ ئۆکرانیا دەستەبەر کردووە. هەروەها ڕەنگە هۆکاری سەرەکی، یان هۆکاری هەرە سەرەکی لەم ڕووەوە بریتی بێت لە ئیرادە و ویستی ئۆکرانییەکان بۆ شەڕکردن و بەرگریکردن لە وڵاتی خۆیان و بۆ بەرپەرچدانەوەی داگیرکاری و دەستدرێژی. چونکە هاوکێشەی شەڕەکە ئەوەیە کە ئۆکرانیا تووشی داگیرکاری بووەتەوە و خەڵکەکەی گیان و وورەی بەرهەڵستی و شەڕکردنیان نییە، لە کاتێکدا

**وڵاتانی ڕۆژئاوا و لە سەرووی هەموویانەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە بەهای دەیان ملیار دۆلار چەک و کەرەستەی پێشکەوتووی سەربازییان بۆ ئۆکرانیا دەستەبەر کردوو**

ڕووسەکان داگیرکارن و ئەم گیانی شەڕکردنە بە چەشنی ئەوەی لە نێو ئۆکرانییەکاندا هەیە، لەماندا بەدی ناکرێت. هەر لەم ڕووەوە نابێت ئەوەشمان لەبیر بچێت کە چەندین جار ڕووی داوە کە سوپایەکی پێشکەوتوو و پڕچەکی وڵاتێکی دەرەکی و داگیرکار لە لایەن هێزێکی بەرگری و بەرهەڵستکارییەکە تووشی شکست و پاشەکشە کراون.

*** بەڵام ئەگەر ئەمە دۆخی سوپای ڕووسیا بێت کە تا ئێستا نەیتوانیوە ئامانجە ڕاگەیەندراوەکانی بەدی بهێنێت و ئێستاش کەوتووەتە باری بەرگرییەوە لە زۆر حاڵەتدا، بۆچی ڕووسیا هێندە پێداگری دەکات لەسەر درێژەپێدانی شەڕەکە و بۆچی بیر لەوە ناکاتەوە کە ڕێگاچارەیەکی دیکە بگرێتەبەر بۆ ئەوەی کۆتایی بەم دۆخە بهێنرێت؟**

- ئەمە ڕاستە و خۆی لە خۆیدا جێی سەرسوڕمانە، چونکە هەر چۆنێك بێت، سەرۆکی ڕووسیا ڤلادمیر پوتین دەیتوانی پەنا بباتە بەر گفتوگۆ بۆ ئەوەی جۆرێك لە ئۆتۆنۆمیی سنووردار بۆ ناوچەکانی ڕۆژهەڵات دەستەبەر بکات و هەروەها گفتوگۆ لەبارەی بێلایەنبوونی ئۆکرانیا و نەبوونی بە ئەندامی ناتۆ بکات و جۆرێك لە سەرکەوتن لەم شەڕەدا ڕابگەیەنێت، بەڵام لەبری ئەوە درێژەی بە هەوڵەکانی شەڕ داوە و بەردەوامە لەم هەڵمەتەیدا. لەبەر ئەوە پێم وایە زەحمەتە بتوانین لە چۆنیەتیی بیرکردنەوەی ئەو (ڤلادمیر پوتین) تێبگەین، بەتایبەتی ئەگەر ئێمە ئەوە لەبەرچاو بگرین کە ئەم شەڕە بووەتە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆری سەربازی سوپای ڕووسیا گیان لە دەست بدەن و سزا ئابوورییەکانی سەر ڕووسیاش بارگرانی و کێشەی گەورەیان بۆ ئابووریی ئەو وڵاتە دروست کردووە، هەموو ئەمانە بوونەتە هۆی دروستبوونی هەلومەرجێك کە تێیدا ڕووسیا تووشی گۆشەگیری و دابڕان بووەتەوە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و لە هەمان کاتدا شەڕەکە کێشە و ناکۆکی لە ناوخۆی ڕووسیاشدا زیاتر کردووە.

*** زۆر باس لە هۆکار و پاڵنەرەکان دەکرێت لە پەیوەندی بە بڕیاری ڕووسیا بۆ پەلاماردان و داگیرکردنی ئۆکرانیا، کە ئاماژە بەوە کراوە ڕووسیا دەیەوێت بە داگیرکردنی ئۆکرانیا پێگەی خۆی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی پتر پتەو بکات، بەڵام ئەوەی لە وەڵامی پرسیاری پێشووی ئێوە دەردەکەوێت، ئەوەیە ڕووسیا تووشی لاوازی و پاشەکشە بووەتەوە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی، کەواتە ئایا دروستە بڵێین ئەم شەڕە دەرئەنجامی دژ و پێچەوانەی خواستی ڕووسیای لێ کەوتووەتەوە؟**

- من پێم وایە ئەم شەڕە زیانی بە ڕووسیا گەیاندووە، چونکە ئەوەتا ناتۆ لە بری ئەوەی لاواز بێت، بەهێزتر بووە، بە تایبەتی ئەگەر دوو وڵاتە نوێیەکە (سوید و فنلەندا) ببنە ئەندام تێیدا، کە ئێمە دەزانین ئەم دوو وڵاتە لە سەردەم و ڕۆژگاری شەڕی سارددا هەڵوێستی بێلایەنیان هەڵبژاردبوو. هەروەها ئەوەتا وڵاتانی ئەورووپا خەرجی و بودجەی سەربازی زیاتر دەکەن، لە کاتێکدا کە خودی ڕووسیا تووشی چەندین سزای ئابووری و دارایی دەبێتەوە. دواتر ئێمە بینیمان کە لە دەنگدانی نێو کۆمەڵەی گشتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا تەنها پێنج وڵات لەگەڵ ڕووسیادا بوون، کە ئەمەش جێی هەڵوەستە و لەبەرچاوگرتنە. هەرچەندە دەبێت ئێمە لێرەدا ئاماژە بە پرسی دووڕووییش بکەین لە بواری پەیوەندی و سیاسەتی نێودەوڵەتیدا، چونکە ئاشکرایە کە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و وڵاتانی ئەورووپا پشتیوانییان لە هەڵوێستی وڵاتی مەغریب کرد بۆ ئەوەی سەحرای ڕۆژئاوا بخاتە سەر خاکی وڵاتەکەی، هەروەها ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پشتیوانی لە ئیسرائیل دەکات لە کرداری داگیرکاری و دەستەبەسەرداگرتنی خاکدا لە فەلەستین و سووریادا. خاڵێکی دیکەی جێی نیگەرانی لەم ڕووەوە ئەوەیە کە لە دەرئەنجامدا ببێتە هۆی زیادبوون و هەڵکشانی زیاتری هەژموونی ئەمریکا، کە دەبینین هەندێ لە وڵاتانی جیهان پشتیوانی لە سیاسەت و ئامانجەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکان ناکەن لەسەر ئاستی جیهان، ئەگەرچی لە هەمان کاتدا پاڵپشتیی ڕووسیاش ناکەن، چونکە ئومێدی ڕووسیا ئەوە بوو کە وڵاتانی زیاتر پشتیوانی لە هەڵوێست و سیاسەتەکانی بکەن، بەڵام تا ئێستا ئەمە ڕووی نەداوە.

*** چ شتێك زیاتر ئێوە نیگەران دەکات لەم کاتەدا، بە تایبەتی کە مشتومڕێکی زۆر دەکرێت**

**چەندین جار ڕووی داوە کە سوپایەکی پێشکەوتوو و پڕچەکی وڵاتێکی دەرەکی و داگیرکار لە لایەن هێزێکی بەرگری و بەرهەڵستکارییەکە تووشی شکست و پاشەکشە کراون**

**پوتین دەیتوانی پەنا بباتە بەر گفتوگۆ بۆ ئەوەی جۆرێك لە ئۆتۆنۆمیی سنووردار بۆ ناوچەکانی ڕۆژهەڵات دەستەبەر بکات و هەروەها گفتوگۆ لەبارەی بێلایەنبوونی ئۆکرانیا و نەبوونی بە ئەندامی ناتۆ بکات**

**ئەم شەڕە بووەتە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی زۆری سەربازی سوپای ڕووسیا گیان لە دەست بدەن و سزا ئابوورییەکانی سەر ڕووسیاش بارگرانی و کێشەی گەورەیان بۆ ئابووریی ئەو وڵاتە دروست کردووە**

**ڕووسیا تووشی گۆشەگیری و دابڕان بووەتەوە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و لە هەمان کاتدا شەڕەکە کێشە و ناکۆکی لە ناوخۆی ڕووسیاشدا زیاتر کردووە**



**لە بارەی ئەگەری پەنابردنەبەر بەکارهێنانی چەکی ناوکی، ئەگەرچی ئەوەی پێی دەڵێن چەکی ناوکی تەکتیکیش بێت؟ ئایا ئەگەر واقیعبینانە بڕوانین ئەم هەڕەشانە، یان باسکردنانە چەند جێی نیگەرانی و دڵەڕاوکێن و تا چەند ئەگەری ئەوە هەیە ئەم چەکانە بەکار بهێنرێن؟**

- سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێین کە ئەو لێدوان و باس و ئاماژەپێکردنانە بە ئەگەری بەکارهێنانی ئەم چەکانە مایەی نیگەرانی و دڵەڕاوکێن، چونکە تەنانەت باسکردن لە بەکارهێنانی چەکی ناوکی تەنانەت بە تەکتیکیش مایەی کارەسات و کاولکاری دەبێت، ئەگەرچی ڕەنگە نەبێتە شەڕێکی ئەتۆمیی بەرفراوان کە تێکڕای شارستانییەتی سەر هەسارەی مرۆڤ لە ناو ببات، ئەگەرچی ئەمەش یەکێکە لە ئەگەرەکان، چونکە هەر کاتێك چەکی ناوکی بەکارهات - ئەگەر تاکتیکیش بێت- ئەوا هیچ زەمانەتێك نییە کە لەم ئاستەدا بمێنێتەوە و زیاتر هەڵنەکشێت. بە گوێرەی ئەو شرۆڤەکارییانەی من خوێندوومنەتەوە، ئەوا باس لەوە دەکرێت لە سەتا ١٠ بۆ ١٥ ئەگەری ئەوە هەیە ڕووسیا چەکی ناوکی بەکار بهێنێت، ڕەنگە ڕێژەی لە سەتا ١٠ بۆ ١٥ لە بارودۆخێکی ئاساییدا زۆر نەبێت و ڕێژەیەکی بەرز نەبێت، بەڵام کاتێك تۆ باسی شەڕێکی ناوکی دەکەیت، ئەوا ئەم ڕێژەیە بە چەشنێکی قبووڵنەکراو بەرزە.

*** لایەنێك، یان پەرەسەندنێکی دیکەی ئەم شەڕە بریتییە لە بە ئامانجگرتن و وێرانکردنی ژێرخانی سەرەکی لە ئاو و وزە و کارەبای شارەکانی ئۆکرانیا لەلایەن ڕووسیاوە، کە باس لەوە دەکرێت هەر کاتێك ڕووسیا تووشی شکستێکی سەربازی بێت، تۆڵەی خۆی بەوە دەکاتەوە کە ژێرخانی ئۆکرانیا بکاتە ئامانج، ئایا پێت وایە تا چ ڕادەیەك وێرانکردنی کەرتی وزە و ئاو و کارەبای ئۆکرانیا کاریگەری لەسەر ڕەوتی شەڕەکە دەبێت؟**

- لە ڕاستیدا ئێمە پێشتر حاڵەتی هاوشێوەمان بینیوە لە هێرشکردنە سەر ژێرخانی کەرتی غەززە و وڵاتی لوبنان لەلایەن ئیسرائیلەوە، بە هەمان شێوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش ئەم کارەی کرد لە شەڕی کەنداوی ساڵی ١٩٩١ لە دژی عێراق. دواتر ئەگەر وەڵامی پرسیارەکەی ئێوە بدەمەوە، ئەوا بەڵێ پێم وایە ئەمە زۆر مەترسیدارە و لەم ڕووەوە دەتوانین بڵێین تاوانی جەنگ ڕووی داوە و دیمەنەکانیش ناخهەژێنن. هەرچۆنێك بێت شتێکی باشە کە دەبینین کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی سەرکۆنە و سەرزەنشتی دەکات و سەرنج بۆ ڕوودانی تاوانی جەنگ ڕادەکێشێت، بەڵام ئەوەی جێی داخە، ئەوەیە کە باس لەوە دەکرێت کە هۆکارەکە ئەوەیە کە ئەو کەسانەی بوونەتە ئامانج خەڵکی ڕەشپێست و کەسانی ئەورووپی و مەسیحین.

**شتێکی باشە کە دەبینین کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی سەرکۆنە و سەرزەنشتی دەکات و سەرنج بۆ ڕوودانی تاوانی جەنگ ڕادەکێشێت**



**دکتۆر هێمن میرانی**
بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی وەزارەتی ناوخۆ بۆ گوڵان:

# هاووڵاتی خۆی بە بەشدار لە پاراستنی ئاسایشی ناوخۆی وڵات دەزانێت و هاوکاریی پێویستی دامەزراوەکان دەکات

**پرسی دۆخی ئەمنی و ئاسایشی هەرێمی کوردستان و ڕۆڵی هاووڵاتی لەو بوارەدا، هەروەها داخستنی شوێنەکانی کڕین و فرۆشتنی چەك لە کوردستان و جۆرەکانی تاوان و سزای تاوانباران و چەندین پرسی دیکە لەم دیدارەی گۆڤاری گوڵان لەگەڵ دکتۆر هێمن میرانی بەڕێوەبەری گشتیی دیوانی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان تاوتوێ کران.**

*** هەرێمی کوردستان لە عێراق و ناوچەکە و جیهاندا چاوی لەسەرە، بەتایبەتی هەولێری پایەتەختی هەرێمی کوردستان کە وێڕای مەرام و پیلانی ناحەزان ئارام و سەقامگیرە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە چۆن ئەم ئارامییە دەپارێزرێت و ڕێگە نادرێت تیرۆر و کوشتن و تاوانکاری تەشەنە بکات؟**

- بوونی ئارامییەکی ناوخۆیی دەرئەنجامی کردارێکی هەموکییە Collective actions، زۆر هۆکار بەشدارن لە ئارامیی ناوخۆی هەرێمی کوردستان، کاتێك بەراورد دەکرێت بە بەشەکانی دیکەی عێراق بە ڕوونی ئەو ئارامی و پاراستنی ئاسایشی هاووڵاتییانە دەبینرێت. بوونی حکومەتێکی کارا و پاڵپشت بە هاوکاری و یارمەتیی هاووڵاتیان خاڵی یەکەمە کە هێزە سەرەکییەکان پاڵپشتی دەکەن و مەبەستیانە سەقامگیریی ئەمنی بە پلەی یەکەم بمێنێت، ئەمەش لەو ڕاستییەوە سەرچاوەی گرتووە کە بۆشایی ئەمنی دەرگا بە ڕووی کارەسات و کێشەی گەورەتردا دەکاتەوە و لە بەرژەوەندیی گشتی و هێزە دەسەڵاتدارەکانیشدا نییە. بۆیە ئەگەر جیاوازیی سیاسی وەکو یەکێك لە پایەی کێبڕکێی سیاسی لە نێوان پێکهێنەرەکانی حکومەتدا و لە نێوان پارتە سیاسییە گەورەکاندا هەبن، هاوکاری و هەماهەنگیی ئەمنی بەردەوام لە ئاستێکی گرنگتردا هەبووە. بوونی پەیوەندییەکی تووندوتۆڵ لە نێوان هاووڵاتی و دامەزراوە ئەمنییەکاندا خاڵێکی گرنگە، وێڕای سەرنجی هاووڵاتی لەسەر ئاستی خزمەتگوزارییەکان لە هەندێ بوار و ناوچەدا، بەڵام هاووڵاتی خۆی لە پاراستنی ئاسایشی ناوخۆیی وڵاتدا بە بەشدار دەزانێت و هاوکاریی پێویستی دامەزراوەکان دەکات، لاموبالات نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی هاووڵاتی هەرەشەی ئەمنی بە کێشەی خۆی نەزانێت و هەوڵ نەداتە دامەزراوەکانی ناوخۆ، لەلایەکی دیکەوە بوونی دامەزراوەی جۆراوجۆری ئەمنیی هەماهەنگ لەگەڵ یەکتردا، کە هەر یەکەیان لێهاتووانە ئەرکەکانی خۆیان بە باشی و دڵسۆزی جێبەجێ دەکەن و چاوکراوەن لە دەستنیشانکردنی سەرچاوەکانی ناسەقامگیریدا و زووتر دەستیان پێیان دەگات، خاڵێکی دیکەی ناو ئەو بازنەی ئارامی و ئاسایشەیە کە تێیدا سەروماڵی هاووڵاتیان پارێزراو دەبێت، هەروەها بوونی تەکنۆلۆژیای چاودێریی ئەمنیی پێشکەوتوو کە هاوکارێکی گەورەی دەستنیشانکردن و دۆزینەوەی تاوانکارانە، بەشدارە لەو کردارە پێکەوەییەی ئەو ئارامییەی دروست کردووە و لە سایەیدا خەڵك کار و کەسابەتی خۆی دەکات و هەست بە ئارامییەکی ڕێژەیی چاك دەکات.

بۆشایی ئەمنی دەرگا بە ڕووی کارەسات و کێشەی گەورەتردا دەکاتەوە و لە بەرژەوەندیی گشتی و هێزە دەسەڵاتدارەکانیشدا نییە

*** تاوانکاری لە هەموو جیهان و لە شارە گەورەکان ئەنجام دەدرێت. ئایا تاچەند دامەزراوەکانی وەزارەتی ناوخۆ و هێزە ئەمنییەکان هەماهەنگن و داواکاریتان لە هاووڵاتیان چییە؟**

- توێژینەوەکان باس لەو هۆکارانە دەکەن کە دەرفەت بۆ تاوان دروست دەکەن، بێگومان یەکێك لە هۆکارە گەورەکان بوونی بۆشایی ئەمنی و مامەڵەی خراپ و ڕێکنەخراوەیی دامەزراوەکانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆیە لەگەڵ خەڵك و دەرفەتەکانی تاوان، سوپاس بۆ پەیوەندیی باشی نێوان هاووڵاتیان و دامەزراوەکانی خۆیان و لێهاتوویی و چاوکراوەیی کارمەندانمان، کە ئەو بۆشاییە تا ئاستێکی بەرچاو نەك هەر پڕ کراوەتەوە، بەڵکو پەیوەندیی نێوان هاووڵاتییان و دامەزراوە ئەمنییەکان پتەوتر بووە. هەمیشە داواکاریی ئێمە لە خەڵك ئەوە بووە کە وەکو ئێستا

هەمیشە داواکاریی ئێمە لە خەڵك ئەوە بووە کە وەکو ئێستا پەیوەندییەکانیان لەگەڵ دامەزراوە ئەمنییەکانی خۆیان بەردەوام بکەن و بەرەو پێشتری ببەن



**نەتەوە یەکگرتووەکان ساڵانە لە ٢٤ تا ٣٠ی تشرینی یەکەم هەفتەیەکی ڕاگەیاندووە بە ناوی هەفتەی چەکداماڵین**

پەیوەندییەکانیان لەگەڵ دامەزراوە ئەمنییەکانی خۆیان بەردەوام بکەن و بەرەو پێشتری ببەن، لەگەڵ ئاسایش و بنکەی پۆلیسی گەڕەك با پەیوەندیتان توندوتۆڵ بێت، ئێمەش وەکو وەزارەت هەموو کارێك دەکەین تا بنکەکانی پۆلیس باشتر ببنە شوێن و جێگەی متمانەی خەڵك لە کاتی پێویست و ناپێویستیدا، بۆ ئێمە پاراستنی سەروماڵی هاووڵاتیان تەنیا ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەیی نییە، بەڵکو ئەرکێکی ئایینی و ئەخلاقییشە.

*** هەڵمەتی دەستبەسەرداگرتنی چەك و کەرەستەکانی دیکەی وەك چەقۆ بەردەوامە، ئایا لەو هەڵمەتەدا تاچەند سەرکەوتوو بوون؟**

- نەتەوە یەکگرتووەکان ساڵانە لە ٢٤ تا ٣٠ی تشرینی یەکەم هەفتەیەکی ڕاگەیاندووە بە ناوی هەفتەی چەکداماڵین لە پێناوی بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی زیاتر لە نێو خەڵك بۆ لێکەوتە خراپەکانی چەکی نایاسایی، ئێمەش بە باشمان زانی ئەمساڵ لە هەرێمی کوردستان وەکو پابەندییەکی مۆراڵیی نێودەوڵەتی ئەم بۆنەیە بە خەڵك بناسێنین، کە پێشتر باس نەکراوە، بە تایبەت کە ئەمساڵ یاسای چەك ژمارە ٢ی ساڵی ٢٠٢٢ دەرچووە و دوو ڕێنمایی بۆ جێبەجێکردنی لە وەزارەتی ناوخۆ دەرکراون و، بە فەرمانی جەنابی سەرۆکی حکومەت شوێنەکانی کڕین و فرۆشتنی چەك لە هەموو کوردستاندا داخراون. هەڵمەتەکە زیاتر بۆ هۆشیاری بوو، پارێزگار و سەرپەرشتیاری ئیدارە سەربەخۆکان ڕاسپێردران بەو جۆرەی کە خۆیان بە باشی دەزانن لێژنە ئەمنییەکانیان ڕابسپێرن، بۆ دەستبەسەرداگرتنی چەکی بێ مۆڵەت لە هەر جێگایەك بێت و، هۆشیاری بڵاو بکەنەوە کە ئەو پرۆسەیە بەردەوامە و تەنیا بۆ یەك هەفتە نییە.

*** لە پایتەختی هەرێمی کوردستان چەکدار و دامەزراوەی ئەمنیی وڵاتان و حزبە کوردستانییەکان هەیە، ئایا ئەم بارەگایانە لەلایەن چ بەشێکی پۆلیسەوە پارێزگارییان لێ دەکرێت؟ ئایا یاسایەکی تایبەت هەیە بۆ کارمەندانی وەزارەتی ناوخۆ و هەڵسوکەوتکردنیان و ئیجرائات چییە لە بەرامبەریان؟**

- بارەگای هێزە سیاسییەکان لەلایەن پۆلیسی پاسەوانی، هێزەکانی پێشمەرگەی زێرەڤانی، یان بەرگری و فریاکەوتن دەپارێزرێن، ئەمانە هەموویان کارمەندی وەزارەتی ناوخۆن، هەموو کارمەندانی وەزارەتی ناوخۆ کە لە سلکی سەربازین، بە یاسای تایبەت ڕێکخراون و هەڵسوکەوتەکانیان لەو چوارچێوەیەدا مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

*** کامێراکانی چاودێری ڕۆڵی گەورەیان لە کەمکردنەوە و ئاشکراکردنی تاوان هەیە، بۆچی هەڵمەتێکی ئیجباریی دانانی کامێرا لە ماڵ و دووکان و شوێنە گشتییەکان ئەنجام نادەن؟**

- وەزارەت خۆی پرۆژەیەکی پێشکەوتووی هەیە و هاوشێوەی وڵاتانی پێشکەوتوو ئەو پرۆژەیە لە کاردایە و، ڕۆڵێکی گرنگی لە ئاشکراکردنی تاوانەکان هەیە، لە پاڵ ئەوەش لە شوێنە گشتییەکان و ماڵان پرۆسەی دامەزراندنی کامێری چاودێری لە لایەن خەڵك خۆی لە بەر پێویستی لە زیادبووندان و، ئێمە پاڵپشتییەکی زۆری دەکەین و دانانی ئەو کامێرانە قەدەغە نییە. ئێمە هاووڵاتیان هان دەدەین کە بۆ پاراستنی خۆیان و بەشداریکردن لە پاراستنی سەلامەتیی تایبەتی و گشتیدا کامێرای چاودێری دابنێن. هەر بە هۆی کامێرەکانی چاودێرییەوە چەندین تاوانبار و تاوانکاریی دژ بە خەڵکی ئاشکرا بووە و ئیجرائاتی پێویست لە بەرانبەریان گیراوەتەبەر.

*** ڕێژەیەکی زۆر دز دەگیرێت، بەڵام لەبەر سوڵح و هەڕەشە و زۆرجار دەستتێوەردان، سکاڵاکەر داواکاریی خۆی دەکشێنێتەوە، یاساکانیش بۆ مافی گشتی توند نییە، ئایا پێویست بەوە ناکات یاساکان و دادگا سزاکان توندتر بکات؟**

- تاوانەکان بە وردی لە یاسای سزاکانی عێراقی ژمارە ١١١ی ساڵی ١٩٦٩ و هەموارەکانی ڕوون کراونەتەوە، ئەوانەی مافی گشتییان تێدا بێت، دادگا بە کاری خۆی هەڵدەستێت، لە لایەکی دیکەوە ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتیی هەموو جارێ خراپ نییە، بە تایبەت کە توێژینەوەی زۆر لەسەر ئەوە هەیە کە بەندیخانە دەکرێت ببێتە قوتابخانەی پێگەیاندنی تاوانباری گەورە، ڕەنگە کەسێك لە سەر تاوانێکی بچووك دەستگیر کرابێت و لە ئەنجامی تێکەڵبوونی لەگەڵ تاوانباری دیکەدا لە بەندیخانە فێری فۆرمی نوێی تاوان بێت، بۆیە هەندێ جۆری تاوان دەکرێت بە سزایەکی کەم و ڕێککەوتنی کۆمەڵایەتی چارەسەر بکرێت، بە بێ ئەوەی تاوانبار بچێتە بەندیخانە. لە زۆر وڵاتی پێشکەوتوودا سزای کۆمەڵگەیی Community sentences داهێندراوە کە بۆ هەندێ جۆری تاوان، تاوانکار ناچار دەکرێت لە دەرەوەی بەندیخانە هەندێ خزمەتی گشتی بە خۆڕایی پێشکەش بکات، وەکو پاککردنەوەی شەقامێکی گشتی بۆ چەند سەعاتێك بە گوێرەی جۆری تاوانەکەی، لە جیاتی ئەوەی بخرێتە بەندینخانەوە.

*** زۆر لە دزی و تاوانەکان بە ماتۆڕەکان دەکرێن، ئایا بۆچی ڕەقەم و سەنەوی ناکرێن؟**

- ماتۆڕ بووەتە سەرچاوەی داهاتی هەندێ چین و توێژ، بۆیە دەستبردن بۆ ڕێکخستنی ئەو بوارە پێویستی بە وریایی و بیرکردنەوەی باش هەیە، بۆ ئەوەی زیان بە داهاتی ئەو خەڵکە نەگات، لە گەڵ ئەوەش ناکرێت ماتۆرسکیل تۆمارکراو و خاوەن ژمارە نەبێت بۆ ئەوەی بناسرێتەوە، لە ماوەی ڕابردوو هەندێ هەڵمەت بۆ دەستگیرکردنی هەندێ لەو ماتۆڕانە ئەنجام درا، بەڵام لەبەر داهاتی هەندێ لەو خەڵکانە ئەو پرۆسەیە بە شێوەی کاتی ڕاگیراوە. داوا لە خاوەن ماتۆڕەکان دەکەین ئەوانەی دەیانەوێ کەسابەت بکەن، با ماتۆڕەکانیان بە گوێرەی یاسا و ڕێنماییەکان ڕێك بخەن، چونکە ئەوە بۆ ئەوان و بۆ سەلامەتیی گشتی باشترە و چیتر خاوەن ماتۆڕەکانیش بە هۆی کەسانێکی تاوانبار و دەرچوو لە ئادابی گشتی لەکەدار نابن، داواکاریشم لە شوفێری ماتۆڕەکان ئەوەیە کە ئەوەندە سەرپێچی لە یاساو ڕێنماییەکانی هاتوچۆ نەکەن و خۆیان و کەسانی دیکە نەخەنە مەترسییەوە.

**بە فەرمانی جەنابی سەرۆکی حکومەت شوێنەکانی کڕین و فرۆشتنی چەک لە هەموو کوردستاندا داخراون**

**بارەگای هێزە سیاسییەکان لەلایەن پۆلیسی پاسەوانی، هێزەکانی پێشمەرگەی زێرەڤانی، یان بەرگری و فریاکەوتن دەپارێزرێن**

**ئێمە هاووڵاتیان هان دەدەین کە بۆ پاراستنی خۆیان و بەشداریکردن لە پاراستنی سەلامەتیی تایبەتی و گشتیدا کامێرای چاودێری دابنێن**

**داوا لە خاوەن ماتۆڕەکان دەکەین ئەوانەی دەیانەوێ کەسابەت بکەن، با ماتۆڕەکانیان بە گوێرەی یاسا و ڕێنماییەکان ڕێك بخەن، چونکە ئەوە بۆ ئەوان و بۆ سەلامەتیی گشتی باشترە**

## خوێندنەوەیەک بۆ کتێبی:

# پارتی و بارزانی لە ئەرشیفی ڕۆژنامەی (ژین)ی سلێمانی

ڕۆژنامە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان، ئەو بابەت و ڕووداوانەی واقیعین، یان پڕوپاگەندە و ناڕاستی و بەشێك لە ڕۆشنفکریی سیاسیی سەردەمەکەیان پیشان دەدەن، لە هەمان کاتدا وێنەیەك بوون لە وێنەی پێنووس و تۆمارگەی مێژوونووسان، هەروەها بەڵگەی سەرچاوەی دیاری ڕووداو و کەسایەتییەکانن، سەرەڕای ئەمانە، ئاوێنەیەکی باڵانمای سەردەم و خاوەن قەڵەم و ئەقڵییەتی نووسەر و ڕۆژگار و خاوەندارەکانیان دەنوێنن.

یەکێك لەو ڕۆژنامە پڕشنگدار و خاوەن هەڵوێستی نیشتمانی و کۆمەڵایەتی و نەتەوەییانە، ڕۆژنامەی (ژین) بووە، کە لە ساڵانی نێوان ١٩٣٩-١٩٦٣ لە شاری سلێمانی چاپ دەکرا و دابەش دەکرا. ئەم ڕۆژنامەیە سەرەتا دوور بوو لە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و چالاکییە سیاسییەکان، چونکە لەلایەن دەسەڵاتی ئەو سەردەمەوە ڕێگەی ئەمەی پێ نەدەدرا، بەڵام دوای کودەتاکەی ١٤ی تەمموزی ساڵی ١٩٥٨ مۆڵەتی ئەمەی پێ درا، بە تایبەتیش دەستی کرد بە بڵاوکردنەوەی دەنگوباسی سیاسی و نەتەوەیی سەبارەت بە مێژوو و خەبات و ڕاپەڕینەکانی گەلی کورد، بۆیە توانی ببێتە ئاوێنەیەکی ڕاستەقینەی سەردەمەکەی خۆی، کە دەتوانرێت وەك بەڵگەیەکی متمانەپێکراوی ئەو سەردەمە بۆ نووسینەوەی مێژوو و ڕووداوەکان سوودی لێ وەربگیرێت و وەك سەرچاوە بەکار بهێنرێت.

پێشەکیی ئەم کتێبە بە وتەیەکی بە نرخی مستەفا بارزانی هاتووە، کە ڕۆژنامەی (ژین) بڵاوی کردووەتەوە و نووسیویەتی: ئیمزا، مەلا مستەفای بارزانی: «خزمەت لە لامان فەخرە و نەکردنی لەلامان شوورەییە». هاوکات لە وتەیەکی بارزانیی نەمردا بۆ ئەنجومەنی شارەوانیی سلێمانی کە فەرموویەتی: «سوپاسگوزاری و سڵاوی گەرمم بۆ دانیشتووانی بەڕێزی شاری سلێمانیی خۆشەویستمان، بە گەورە و بچووك و ژن و پیاویانەوە.»

دوای ئەم پێشەکییە دێینە سەر ناوەڕۆکی ئەم بابەتە، ئەویش بریتییە لە کتێبی «پارتی و بارزانی لە ئەرشیفی ڕۆژنامەی (ژین)ی سلێمانی» کە کتێبێکی تازە چاپکراوی دانسقەی نووسەری بەتوانا (زانیار سەردار قرگەیی)یە بە بەرگێکی قەبارە گەورە و لە دووتوێی (٧٢٠) لاپەڕەدا کتێبخانەی کوردیی ڕازاندەوە.


پارتی و بارزانی
لە ئەرشیفی ڕۆژنامەی (ژین)ی سلێمانی
زانیار سەردار قەرەگەیی

ئەم کارەی قرگەیی لە پەیبردن بۆ سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراودا ئەویش ڕۆژنامەی (ژین)ـە، ئەرکێکی زۆر قورس بووە، کە شانی داوەتەبەر لە بەکارهێنانی وەك کەرەستەی سەرچاوەیەکی متمانەپێکراو، بۆ تۆمارکردنی مێژووی گەڕانەوەی بارزانیی نەمر و هەڤاڵانی لە یەکێتیی سۆڤییەتی ئەوسا و، دواتر چالاکییەکانی (پارتی دیموکراتی کوردستان) لە دووتوێی کتێبێکی دانسقەدا بە ناوی «پارتی و بارزانی لە ئەرشیفی ڕۆژنامەی (ژین)ی سلێمانی» دا، لە ڕاستیدا ئەم کتێبە وەك بەڵگەنامەیەکی مێژوویی نرخ و بایەخێکی زۆری هەیە، کە تا ئێستا بەو شێوە ورد و زانستییە توێژینەوەی لەسەر نەکراوە.

ئەم کتێبە شایستەی ئەوەیە بخوێندرێتەوە، تا وەك سەرچاوەیەکی گرنگی زانستی و ئەدەبی و سیاسی، تەنانەت لەلایەن مامۆستایان و قوتابیانی زانکۆ و کادیرانی حزب و سەرجەم ڕۆشنبیرانی کوردستان سوودی لێ وەربگیرێت.

ئەم کتێبە وەك بەڵگەنامەیەکی مێژوویی پڕ بەهاترین کتێبە، کە تا ئێستا بەو شێوە ورد و زانستی و بەڵگەییەوە توێژینەوەی لەسەر کراوە و بووەتە سەرچاوەیەکی بەنرخ و وەك ئاوێنەنمای خەسڵەتەکانی مستەفا بارزانی گوزارشت لە وەفاداری و خۆشەویستیی نووسەران و خەڵکی خۆڕاگری شاری هەڵمەت و قوربانی دەکات، بۆ ئەو سەرکردە و ڕابەرە مەزن و مێژووییە.

پێش باسکردنی ناوەڕۆکی کتێبەکە، پێویستە ئاماژە بە ڕۆژنامەی (ژین) بکرێت، کە لەلایەن شاعیری گەورەی کورد (پیرەمێرد) لە سەرەتای ساڵی **١٩٣٩** دەرچووە، کە تا ساڵی **١٩٦٣** بەردەوام بووە، بەڵام لەلایەن حکومەتی ئەوسای عێراق لەسەر هەڵوێستی کوردایەتی داخرا. لەپاڵ بڵاوکردنەوەی چالاکیی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیدا، ئەم ڕۆژنامەیە دەنگوباس و ڕووداوو و بەسەرهاتی کوردستانیشی بڵاو دەکردەوە.

کارێکی پیرۆز و پڕبەهای ئەم کتێبە، خستنەڕووی قۆناغێکی گرنگی ژیان و خەباتی نەمر (مستەفا بارزانی) و کار و چالاکییەکانی پارتی دیکموکراتی کوردستان و هەڵوێستی نەتەوەییانەی ئەو پارتەیە لەو قۆناغە سەختەی خەباتدا، کە ئامانجی سەرەکیی نووسەرە و توانیویەتی ئەو مێژووە گەشە بە زیندوویی بخاتە بەرچاوی توێژەر و لێکۆڵەر و خوێنەران و هاونیشتمانیان، کە چۆن گەلەکەمان ئەو پێشوازییە گەرمەی لەو سەرکردە مەزنە کردووە، کە بە هەق مێژووی خەباتی ئەو نەمرە، بەشێکی گرنگی مێژووی گەلەکەمانە و، ڕۆژنامەی (ژین) چۆن ئەو ڕاستییەی پیشانی خوێنەرانی داوە، کە بارزانیی نەمر چەند گرنگیی پێ داوە و چەند خۆشحاڵ بووە بە بینینەوەی ئەو شارە قارەمانە (سلێمانی)، کە خودی بارزانی چەندین ساڵی ژیانی تێدا بەسەر بردووە و، چۆن شۆڕشگێڕان و خەباتکارانی ئەو شارە ڕۆڵی دەربازبوونی بازانییان لەو مەنفا زۆرەملێیە داوە، کە بووەتە زەمینەسازییەك بۆ ئەو ڕۆڵە مەزنەی کە لە خەباتی گەلەکەماندا، بەتایبەتی بەشداریی کارای لە کۆماری مەهاباد و، لەوەودواش سەرکردایەتیی خەباتی نەتەواویەتیی گەلەکەمان لە شۆڕشی ئەیلولدا.

ئەو زانیارییانەی زانیار قرگەیی کە لەم کتێبەدا ئاماژەیان پێ دەکات، زۆر پڕبایەخن، چونکە ئەستەمە زیاتر لە نیو سەدە ڕووداوەکان لە بیر و ئەندێشەی زۆر کەسدا مابن، تەنانەت ئەوانەی دوای (٦٣) ساڵ و بگرە زیاتریش ژیاون، ئاگاداری ئەو ڕۆژانە و دیدار و سەردانەکان نەبوون و نین، هەر بۆیە گەڕانەوە بۆ ئەو ڕۆژنامەیە و ئەو گۆڤار و بڵاوکراوانەی ئەو سەردەمە، سەرباری ئەوەی زانیاریی وردیان لەسەر ڕووداوەکانی ئەو دەمە پێ دەدەن، دەروازەیەکی گەورەش بە ڕوومانندا دەکەنەوە، بەتایبەتی ئەو زانیارییانەی باس لەوە دەکەن، کە لەو سەردەمەدا کوردی باشوور چۆن ژیاون و چۆن مامەڵەیان لەگەڵ سەردەمی کۆماری لە عێراقدا کردووە، هەروەها کەسایەتییەکی وەك مستەفا بارزانیی نەمر چۆن سەیر کراوە و چ پێگەیەکی هەبووە، بۆیە هەر کەسێك تەنیا ڕووپێوی (ڕۆژنامەی ژین)، یان هەر بڵاوکراوەیەکی ئەو دەمە و دواتریش بخوێنێتەوە، دەگاتە ئەوەی کە مستەفا بارزانیی نەمر کێ بووە و چی بووە؟ ئەوە لە کاتێکدا بووە کە بارزانیی نەمر تا ساڵی **١٩٥٨** تەنیا سەرکردایەتیی شۆڕشی بارزان و بەشداریی لە کۆماری کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردووە،

هەر بۆیە تۆمارەکانی ڕۆژنامەی (ژین) بکەوتایەتە دوای شۆڕشی ئەیلوول، ئەو کات پێناسەیەکی زۆر گەورەتریان بۆ دەنووسی، هەر بۆیە ئەو کارەی ئامادەکار و نووسەری ئەم بەرهەمە (زانیار سەردار قرگەیی) شایانی ئەو پەڕی دەستخۆشی و پێزانینە.

زانیار لەم کتێبەدا سەرکەوتوو بووە، توانیویەتی بە ماندووبوونێکی زۆر و گەڕان بەدوای ژمارەکانی ئەم ڕۆژنامەیە و هەڵدانەوەی ئەم ئەرشیفە کۆنە، ئەو هەوڵە پڕ لە زەحمەتی و شەکەتییە ئەنجام بدات. لەم کارەدا قرگەیی زۆر گەڕاوە بە دوای ئەرشیف و بەڵگەنامەکاندا، هەر لە کتێبخانەی گشتیی سلێمانی و کتێبخانەی ئەوقافی سلێمانی و بنکەی ژین و بەسەرکردنەوەی چەندین نووسەر، کە هەندێك ئەرشیفیان لا بووە و پاراستوویانن. ئەو بابەتانەی کە لەم بەرهەمەدا چاپ کراون و بەرچاو خراون، پەیوەستن بە بارزانی و بارزانییەکان و پارتی دیموکراتی کوردستانەوە، کە لە دووتوێی ئەم کتێبەدا خراونەتە بەردەستی خوێنەران و توێژەر و مێژوونووسانەوە. ئەم هەوڵەی کاکە زانیار دەستپێشخەرییەکی نووسین و ڕۆژنامەوانییە، کە کەم کەس توانیویەتی خۆی لە قەرەی بدات و بەم شێوەیە پێشکەش بە کتێبخانە بکرێت، چونکە هەموو ئەو بابەتانەی نێو کتێبەکە بەڵگەی زیندوون و خۆیان نمایش دەکەن و، بوونەتە ئەرشیفگەلێکی مێژوویی و نەتەوەیی، هەر چەندە ئێستا کۆمەڵێك بابەتی سادە و ئاسایین، بەڵام لە ڕۆژگاری خۆیدا گەلێ گرنگ و سەنگین بوون، لەگەڵ ئەوەشدا ئێستا دەبینین کە کۆمەڵێك مانا و مەغزای گرنگی ئەو قۆناغە هەستیارە دەردەخەن، بەمەش دەیسەلمێنێت کە بارزانی و سلێمانی دووانەیەکی لێکدانەبڕاون و هیچ هێزێك نییە لێکیان جودا بکاتەوە.




قرگەیی باس لەوە دەکات کە ئەو بابەتانەی پەیوەستن بە ئەوانەی ئاماژەی پێ کردوون و کۆی کردوونەتەوە و نووسیونییەتەوە، بێ دەستکاریی ناوەڕۆکی بابەتەکانی کتێبەکە بیخاتە بەردەستی خوێنەران و نووسەران و ڕووناکبیران و توێژەرانی بەئاگا، تاکو ئەم مێژووە گەشە بۆ ئێستا و داهاتوومان بە زیندوویی بمێنێتەوە و کۆمەڵێك ڕاستی بۆ نەوەی نوێ ئاشکرا بکەین، تاکو لەو ڕاستییانە تێبگەن و چیدی چەواشە نەکرێن و مێژوو ئاوەژوو نەکرێت.

خۆشەویستی و کوردپەروەریی خەڵکی شاری سلێمانی و هەموو سەرنووسەرەکان و ستافی ڕۆژنامەی (ژین) لەو کاتەدا بە ویژدانەوە ئەوە دەسەلمێنێت، کە بەرپرسیارێتییان بە ئەمانەتەوە بەجێ گەیاندووە، ئەوەی پەیوەست بووە بە بارزانی و بارزانییەکان و پارتی دیموکراتی کوردستان، ئەم ڕۆژنامەیە و ڕۆژنامەکانی دیکەی ئەهلی، بە شانازییەوە و بە ئەمانەتی مێژووییەوە بڵاویان کردووەتەوە و بە دیکیۆمێنت کراوە، بەبێ هەستکردنی جیاوازیی ناوچەگەرێتی و دوور لە هەموو جۆرە دەمارگیرییەك. ئەو کارانە لە ژینگەیەکی بێگەرد و بە دڵفراوانی و کوردایەتییەکی ڕاستەقینەی پاك و ئەمانەتپارێزی، وەك ئەرکێکی نەتەوەیی بەڕێ کراون، بۆ زیاتر پتەوکردنی هەستی نەتەوەیی و گەیاندنی دەنگی نەتەوەی کوردی ستەملێکراو بە ناوچەکە و بە جیهان.

لایەنێکی دیکەی ئەم کتێبە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کە پەیوەستە بە دەرخستنی ئەو زمانەی کە لەو کاتەدا ڕۆژنامەی پێ نووسراوە، یان زمانی ڕێککەوتننامەکان و کۆبوونەوەکان و بڕیارەکان و وتارەکان بووە، ئەمەش لە ڕووی بایەخی توێژەران بۆ زمانی بەکارهاتووی ئەو کاتەی سلێمانی و کوردستان گرنگە، ئەوەی مایەی تێڕامانە، ئەو کتێبە بە هێنانەوەی هەندێك لە بابەتەکان جارێکی دیکە ڕۆح بە بەری ڕۆژنامەی (ژین)دا دەکاتەوە.

# گەورەیی و گرنگیی کار و کاسبیکردن لە ئیسلامدا

(٢)

بە ناوی خوای گەورە ولێبووردە و بە بەزەیی

سوپاس و ستایش بۆ خوای تاك و تەنیا و بێ شەریك و دروود و ڕەحمەت و بەرەکەت ومیهرەبانیی خوا برژێتە سەر گیان ورۆحی هەمیشە زیندووی سەرداری پێغەمبەران و چاوی ساغ و تکاکاری مەحشەرمان محەمەد دروودی خوای لەسەر بێت و بۆ سەر ماڵ و خاوخێزانی و بۆ سەر یار و یاوەر و شوێنکەوتوانی هەتا ڕۆژی دوایی.


خوێنەرانی ئازیزو خۆشەویست سڵاو و ڕحمەتی خوای گەورەتان لێ بێت. خۆم بە خۆشحاڵ دەزانم جارێکی دیکەش لە خزمەتاندام کە تیشکێك بخەمە سەر بابەتێکی یەکجار گەورە وگرنگ لە چوارچێوەی فەرموودە بەرز و بەنرخەکانی خوای پەروەردگار لە قورئان و فەرموودە ئازیز و خۆشەویستەکانی نووری چاومان پێغەمبەری خوا محەمەد درودی خوای لەسەر بێت، کە ئەویش بریتییە لە «کار و کاسبیکردن».

خوای گەورە دەفەرموێت: (وَلَا تَنْسَ نَصِيبَكَ مِنَ الدُّنْيَا) واتە برۆ کاسبی بکە و هەوڵی خۆت بدە و پارەی حەڵاڵی خۆیشت لەم دونیایە بەدەست بێنە. ئایینی پیرۆزی ئیسلام خەڵك فێر ناکات لەبەر جێبەجێکردنی عیبادەتەکانی تەمبەڵ وتەوەزل بێت و هەر چاوی لە دەستی خەڵکەوە بێت وکار نەکات، بەڵکو مرۆڤایەتی هان دەدات کە بچن کار و کاسبی بکەن، چونکە کار و کاسبی عیبادەتە وعەیبیش نییە، جا هەر کاریك بێت، مادام لە چوارچێوەی شەرع دەرنەچێت، پێغەمبەری خوا دەفەرموێت: (لَأَنْ يَأْخُذَ أَحَدُكُمْ حَبْلَهُ ، فَيَأْتِيَ بِحُزْمَةِ الحَطَبِ عَلَى ظَهْرِهِ ، فَيَبِيعَهَا، فَيَكُفَّ اللَّهُ بِهَا وَجْهَهُ خَيْرٌ لَهُ مِنْ أَنْ يَسْأَلَ النَّاسَ أَعْطَوْهُ أَوْ مَنَعُوهُ ). واتە یەکێك لە ئێوە ئەگەر بچێت لە شاخ و کەژ و کێو بە حەبل، یان بە کۆڵ، یان بە هەموو ئەو ئامرازانەی گواستنەوە کە ئەمڕۆ هەن، دار بهێنێت و لە بازاڕ بیانفرۆشێت باشتر و چاکتر و گەورەترە لای خوا و خەڵکیش لەو کەسەی کە تەمبەڵە و کار ناکات و هەر خەریکی دانیشتنە لەماڵەوە و شەڕ لەگەڵ خێزان و منداڵەکانی دەکات و چاوی لە دەستی خەڵکەوەیە کە هاوکاری دەکەن، یان نا.

لە فەرمودەیەکی دیکەدا دەفەرموێت: (الْيَدُ الْعُلْيَا خَيْرٌ مِنَ الْيَدِ السُّفْلَى) واتە ئەو دەستەی کە دەچێت کار و کاسبی دەکات بۆ بژێوی ژیانی خۆی و ماڵ ومنداڵی و هاوکاریی هەژاران و بێنەوایانیش دەکات و دەبەخشێت لە پێناوی خوای باڵادەست، باشتر و چاکتر و گەورەترە لای خوای گەورە لەو کەسەی تەمبەڵ وتەوەزلە و چاوی لە دەستی خەڵکەوەیە و دەست لە بەر خەڵك داپان دەکاتەوە.

پێغەمبەری نازدارمان دروودی خوای لەسەر بێت دەفەرموێت: (مَا أَكَلَ أَحَدٌ مِنْ بَنِي آدَمَ طَعَامًا خَيْرًا لَهُ مِنْ أَنْ يَأْكُلَ مِنْ عَمَلِ يَدَيْهِ إِنَّ نَبِيَّ اللَّهِ دَاوُدَ كَانَ يَأْكُلُ مِنْ كَسْبِ يَدَيْهِ). واتە هیچ خواردنێك نییە و نەبووە و نابێت، چاکتر و باشتر بێت لەو خواردنەی کە مرۆڤ لە ڕێگای کار و کاسبییەوە پارە پەیدا بکات، پاشان بەو پارە خواردن بکڕێت. بەڕاستی داود پێغەمبەری خوا بە دەستی خۆی کار و کاسبی کردووە.

**ئایینی پیرۆزی ئیسلام خەڵک فێر ناکات لەبەر جێبەجێکردنی عیبادەتەکانی تەمبەڵ وتەوەزل بێت و هەر چاوی لە دەستی خەڵکەوە بێت وکار نەکات، بەڵکو مرۆڤایەتی هان دەدات کە بچن کار و کاسبی بکەن، چونکە کار و کاسبی عیبادەتە وعەیبیش نییە**



## مامۆستا هێمن شارەستێنی

پیش نوێژ و وتارخوێن لە مزگەوتی جافان/ رانیە

خوینـەری بەڕێـز وخۆشەویسـتم هیـچ کات کار و کاسـبی عـەیـب نەبـووە و نییـە، بەڵکـو تەمبەڵـی و بێکاری و ڕەجەب ئاسایی عـەیبە. کاتێك دەچینـە خزمـەت پێغەمبەرانـی خـوا بـاس لـە ژیانیـان دەکەیـن، ئـەوان گەورەترینی هەمـوو مرۆڤـەکان بـوون و سەرمەشـق و چاوسـاغیی ئوممەتەکانیـان بـوون، هەموویـان کار و کاسـبییان کـردووە، بـە ڕەنـج شـان و هێـز و بـازوو و قـوەت و دەسـتی خۆیـان کاریـان کـردووە، لـە ناویشـیاندا پێغەمبـەر داود سـەلامی خـوای لەسـەر بێـت. خـوای گـەورە لەقورئانـدا دەفەرموێـت: (وَعَلَّمْنَـاهُ صَنْعَـةَ لَبُـوسٍ لَّكُـمْ لِتُحْصِنَكُـم مِّـن بَأْسِـكُمْ ۖ فَهَـلْ أَنتُـمْ شَـاكِرُونَ) (الأنبيـاء ٨٠) . واتـە داودمـان فێـر کـرد کـە چەندیـن جۆر پۆشـاکی جەنگـی دروسـت بـکات، خـوا جۆرەهـا قەڵغـان و زرێی نیشـان دا کـە دروسـتی بـکات بۆ خۆپاراسـتن لـە کاتـی جەنگـدا. هەروەهـا خەیـات بـووە و دروومانـی جلوبـەرگ و پۆشـاکی کـردووە.

پیشەسازی و تەکنەلۆژیا هـەر لـە پێغەمبەرانەوە وردە وردە هەنگاوی هاویشتووە، ئەگەرچی بەیناوبەینیش پشوویەکی دابێت، بـەڵام نـەك وەك ئێسـتا موسـڵمانان بـە تـەواوی دەسـتیان لـێ شـۆردبێت! تـا لـە زەبـری یەکتـر لـە کاتـی جەنگەکانـدا بتانپارێـزێ، دە ئاخـۆ ئێـوە لـە بەرامبـەر ئـەو نیعمەتانـەوە سوپاسـگوزاری خـوا دەبـن؟ واتـە: دە سوپاسـی خـوای پـەروەردگار بکـەن.

پێغەمبـەری خـوا نـوح سـەلامی خـوای لـە سـەر بێـت دارتـاش بـووە و کەشـتی دروسـت کـردووە. هەمـوو پێغەمبەرانـی خـوا شـوانییان کـردووە، هەتـا پێغەمبـەری خۆشـمان دروودی خـوای لـە سـەر بێـت. لـە فەرمودەیەکدا(مـا بعـثَ اللـهُ نبيًّـا إلا ورعـى الغنـمَ قالـوا : وأنـت يـا رسـولَ اللـه ؟ قـالَ : نعـم كنـتُ أرعاهـا عـلى قراريـطَ لأهـلِ مكـةَ). واتـە هیـچ پێغەمبەریـك نەبـووە کـە خـوای گـەورە ناردبێتـی و شـوانی نەکردبێـت. گوتیـان: تـۆش؟ فەرمـووی: بەڵـێ منیـش ماوەیـەك لـە دەوروبـەری مەککـە شـوانیم کـردووە.

لەفەرمودەیەکـی دیکـەدا دەفەرموێـت: پێغەمبـەر داود ئاسنگر و شـوان بـووە و پێغەمبـەر مووسا شـوان بـووە، منیـش شـوان بـووم و ئەوانـی دیکـەش هەمـوو شـوان بـوون.

خوێنـەری بەڕێـز و ئازیـز ئـەوەی باسـمان کـرد، کورتەیـەك بـوو لەسـەر کار و کاسـبی، دەنـا چەنـدان ئایـەت و فەرمـوودەی دیکـە هـەن و زۆرن لەسـەر ئـەوەی کـە خـوای گـەورە و پێغەمبەرەکـەی هانـی ئێمانـداران و موسـڵمانان دەدەن کـە بچـن کار و کاسبی بکەن و چاوی خۆیـان شوڕ و زەلیل نەکەن و دەسـت پـان نەکەنـەوە لـە بـەر ئـەم و ئـەو، بەڵکـو بـە عیززەتـی نەفسـەوە لـە دونیـادا مامەڵـە بکـەن. لـە کۆتاییـدا داواکاریـن لـە خـوای گـەور هەمـوو لایـەك سـەربەرز و بەختـەوەر بـکات، کار و کاسـبییش لـەم هەرێمـە ئازیـز و خۆشەویسـتەماندا هـەر زۆر بێـت و خاك و وڵات و کوردستانی ئازیزمـان بپارێزێـت لـە و پیلانـی ناحـەزان و دوژمنانمـان، کوردستانیشـمان پڕ بـکات لـە ئەمـن و ئەمـان و خۆشـی خۆشـگوزەرانی و تەبایـی و برایەتـی و یەکڕیـزی بخاتـە نـاو دڵـی هەمـوو لایەنـە سیاسـییەکان و خەڵکـە گـەورە و مەزنەکـەی کوردسـتانیش.

والسلام عليكم ورحمة الله وبركاته

**کاتێک دەچینە خزمەت پێغەمبەرانی خوا باس لە ژیانیان دەکەین، ئەوان گەورەترینی هەموو مرۆڤەکان بوون و سەرمەشق و چاوساغیی ئوممەتەکانیان بوون، هەموویان کار و کاسبییان کردووە، بە ڕەنج شان و هێز و بازوو و قوەت و دەستی خۆیان کاریان کردووە**



# دروستکردنی پردی پەیوەندی لە نێوان پەرلەمان و زانکۆکان بە پێویست دەزاندرێت

لە پێناو چەسپاندنی زیاتری یاسا و دادپەروەری کۆمەڵایەتی و سەرخستنی پرسە هەنووکەییەکانیان و ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگە لە تێکڕای کایەکانی، دروستکردنی پردی پەیوەندی لە نێوان پەرلەمان و ناوەندە مەعریفییەکان بە تایبەت زانکۆکان، لەناویشیاندا توێژینەوەی بەشی یاسایی قوتابیان بە پێویست دەزاندرێت. قوتابیان ساڵانە توێژینەوەکانیان پێشکەش بە زانکۆ دەکەن بێ ئەوەی سوود لە توێژینەوەکانیان وەربگیرێت و ماندووبوونیان و توانای هزریان بە هەند وەربگیرێت. ئایا توێژینەوەی قوتابییانی بەشی یاسایی تاچەند گونجاوە بۆ ئەوەی لە پەرلەمان سوودی لێوەربگیرێت و یاسای پێ دەربکرێت؟ بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گۆڤاری گوڵان وەڵامی پرسیارەکە دەدەنەوە.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

سەرەتا تاڤگە عومەر بەڕێوەبەری گشتی یاسا و مافی مرۆڤ لە دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ، جەخت لەوە دەکاتەوە کە: «ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی و ئەکادیمی سەرچاوەیەکی بەهێز و بنەمایەکی پتەوە بۆ ئامادەکردنی رەشنووسی یاساکان، چونکە لە رێگەی توێژینەوە خاڵە لاواز و بەهێزەکان دەستنیشان دەکرێن، بابەتەکان شی دەکرێنەوە، سامپڵی پێویست وەردەگیرێت و بۆچوونەکانیان شی کردنەوەی زانستی بۆ دەکرێت. جگە لەوەی لە زۆربەی توێژینەوەکان بەراوردکاری لەگەڵ ئەزموونی وڵاتان دەکرێت، ئەویش لەسەر بابەتێکی پەیوەندیدار ئاستەنگەکان دیاری دەکرێت و راسپاردە و پێشنیاری گونجاو دەخرێتە روو، بۆیە لە توێژینەوە زانستی و یاساییەکان ئەرکی هاوڵاتی و مافەکانی و ئەرکەکانی دەوڵەت دیاری دەکرێت، هاوکات لێپرساوێتی دەستنیشان دەکات، بۆ هەڵسوکەوتی مرۆیی و کۆمەڵایەتی لە کێشەکانی تاك و کۆمەڵ دەکۆڵێتەوە».

هاوکات دەڵێت: «کەواتە لێرەوە دەردەکەوێت کە توێژینەوەی زانستی کۆمەڵە هەنگاوێکی رێکخراوە و ئامرازی بەکارهاتووە بۆ لێکۆڵینەوە لە بابەتێکی زانستی دیاریکراو، کە ئامانج لێی گەیشتنە بە دیارترین پێشکەوتن لەم بوارە، ئەو فاکتەرانەن کە پەیوەندییان بە بنەما یاساییەکان و دەستوورییەکان هەیە، کە پەیوەندی راستەوخۆیان بە ژیانی تاك و کۆمەڵگاوە هەیە و کارکردن بۆ پێشکەوتنی و هەروەها دۆزینەوەی رێگە چارەی گونجاو بۆ گرفتەکانی ناو کۆمەڵگە و هەوڵ دان بۆ چارەسەر کردنی بە شێوازی جیاواز لە ئێستا و داهاتوودا».

تاڤگە عومەر لە درێژەی قسەکانیدا گوتی: «هەر بۆیە زۆربەی ئەم توێژینەوانە بە سەرچاوەی زانستی باوەڕپێکراو دادەنرێت بۆ ئامادە کردنی پرۆژە یاساکان و پاشان دەرکردنی یاسای پێویست، چونکە ئامانج لە یاسا بریتییە لە رێکخستنی کۆمەڵگە و هەندێك جار لە خۆ گرتنی سزای پێویست بۆ سەرپێچیکارانی ئەحکامەکان کەواتە بەو پێیەی کە یاسا پێویستە هەڵقوڵاوی پێداویستی کۆمەڵگە بێت، ئەوا توێژینەوە زانستییەکانیش سەرچاوەی سەرەکی دارشتنەوەو دەرکردنی پرۆژە یاساکان بێت».

سەبارەت بە هەمان پرس شاخەوان خالید یاساناس و مافپەروەر لەم بارەیەوە گوتی: «ساڵانە لە زۆربەی کۆلێژەکان بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامە سەدان توێژینەوەی زانستی و ئەدەبی لە بوارە جیاجیاکان ئەنجام دەدرێت، لە کۆلێژی یاساش بەهەمان شێوە توێژینەوەی بەکالیۆریۆس و ماستەر و دکتۆرا پێشکەش بە سەرۆکایەتی زانکۆ دەکرێت، گومانی تێدا نییە ئەو توێژینەوانە بە کۆمەڵێك قۆناغ تێپەڕ دەبن، ئەویش بە سەرپەرشتی پسپۆڕ و مامۆستای تایبەت بەشێوەیەکی ئەکادیمی زانستی بەڕێوەدەچێت، ئەوەش گرنگە بۆ بەرەوپێشچوونی زانست و بڵاوکردنەوەی، کە وادەکات قوتابیان و خودی زانکۆکە سوودی لێوەربگرن، لەهەمان کاتدا ئەو توێژینەوانە سوودیان بۆ بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگە و چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی تایبەتن بەو بوارە هەیە».

هەروەها گوتی: «بەداخەوە تاوەکو ئێستا بەشێوەیەکی کردەیی سوود لە توێژینەوەی قوتابیان وەرنەگیراوە، تەنانەت سوود لە توێژینەوەی قوتابیانی یاساییش وەرنەگیراوە کە ساڵانە لەبوارە جیاکانی یاسا سەدان توێژینەوە دەکرێ، پێویستە خودی پەرلەمان خۆی لە رێگەی تایبەت لەو بوارانەی کاری لەسەر دەکات بۆ پرۆژە یاساکان داوای توێژینەوەکان بکات و سوودیان لێوەربگرێ، لەبەر ئەوەی لە هەموو دونیا هەر لایەنێك و دەزگایەك سوود لە توێژینەوەی قوتابیان و زانکۆکان وەردەگیرێت بۆ دانانی یاسا و چارەسەرکردنی گرفتەکان لە بوارە جیا جیاکان و بەرەو پێشبردنی کۆمەڵگە، بۆیە دەکرێ هەماهەنگی هەبێت لە نێوان کۆلێژی یاسا و لیژنەی یاسایی پەرلەمانی کوردستان بۆ ئەوەی هەردوولا سوود لەیەکتر وەربگرن، بەتایبەت پەرلەمانی کوردستان بۆ دەرکردنی یاساکان سوود لە توێژینەوەی قوتابیان وەربگرێ».

هەر لەمبارەیەوە پارێزەری راوێژکار هاودەنگ شێخ جەمال، هێما بۆ ئەوە دەکات: «توئژینەوەی قوتابیان ئەگەر لە ئینتەرنێت وەرنەگیرابێت و ناوەرۆکی توێژینەوەکە هەڵقوڵاوی واقعی کۆمەڵگەی کوردستانی بێت سوودی زۆری دەبیت، ئەویش بۆ دەرکردن و رێکخستنی یاساکان، هاوکات پەرلەمان دەتوانێت سوود لە توێژینەوەی پارێزەران ببینێت، چونکە بەپێی یاسای پارێزەران هەرکەسێك پلەی بگۆڕدرێت بۆ راوێژکار، لەسەر پێویست دەبێت توێژینەوەیەك پێشکەش بە سەندیکای پارێزەران بکات، ئەو توێژینەوانەی پارێزەرێك ئەنجامی دەدات لە رووی یاساییەوە توێژینەوەیەکی تەواو کاملە و سوودێکی زۆری دەبێت».

لە وەڵامی ئەو پرسیارەی کە پێتوایە ئەگەر توێژینەوەی قوتابی بۆ دۆخی ئەمڕۆی هەرێم گونجاو بێت، گرنگی پێبدرێت و بنێردرێتە پەرلەمان و یاسای پێ دەربکرێت؟ ئەو پارێزەرە گوتی: «دەرکردنی یاسا دەبێت بەپێی کات و شوێن بێت و لەگەڵ بارودۆخەکان بگونجێت، بێگومان توێژینەوەش سوودێکی زۆری دەبێت بۆ پەرلەمان بۆ دەرکرنی یاسا و رێکخستنەوەی یاسا بەرکارەکان. دەکرێ پەرلەمان ئەو بابەتانە بنێرێت بۆ زانکۆکانی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوەی قوتابیان لەسەر ئەو بابەتانە توێژینەوەکانیان ئەنجام بدەن، واتا هەماهەنگی لەنێوان پەرلەمان و زانکۆ هەبێت».

**زۆربەی ئەم توێژینەوانە بە سەرچاوەی زانستی باوەرپێکراو دادەنرێت بۆ ئامادە کردنی پرۆژە یاساکان و پاشان دەرکردنی یاسای پێویست**

**بەو پێیەی کە یاسا پێویستە هەڵقولاوی پێداویستی کۆمەڵگە بێت، ئەوا توێژینەوە زانستییەکانیش سەرچاوەی سەرەکی دارشتنەوەو دەرکردنی پرۆژە یاساکان بێت.**

**بەداخەوە تاوەکو ئێستا بەشێوەیەکی کردەیی سوود لە توێژینەوەی قوتابیان وەرنەگیراوە، تەنانەت سوود لە توێژینەوەی قوتابیانی یاساییش وەرنەگیراوە**

**پەرلەمان دەتوانێت سوود لە توێژینەوەی پارێزەران ببینێت، چونکە بە پێی یاسای پارێزەران هەرکەسێک پلەی بگۆڕدرێت بۆ راوێژکار، لەسەر پێویست دەبێت توێژینەوەیەک پێشکەش بە سەندیکای پارێزەران بکات**




ڕێناس خدر محەمەد

# سوپاس بۆ خوا توانیومە باڵانسێک لە نێوان کارەکەم و دایکایەتی و ماڵەوەمدا ڕابگرم

ئافرەتی کورد بە درێژایی مێژوو، سڵیان لە کارکردن و هەوڵ و تەقەلا نەکردۆتەوە، لە رابردوودا شانبەشانی دایکایەتی هاوکار و پاڵپشتی هاوسەر و خێزانەکەی بووە، تەنانەت لە ڕۆژانی سەختی پێشمەرگایەتی و ئاوارەیی کەسێکی فیداکاربووە هەم بۆ نیشتمان و هەمیش بۆ خانەوادەکەی. ئەمڕۆش لەگەڵ پێشکەوتنەکانی سەردەم و لەگەڵ گۆڕانی شێوازی ژیانکردن، ئافرەت بە هێز و توانایەکی زیاتر لە رابردوو لە هەوڵ و تێکۆشانن، وەك دەڵێن ئەوان بە دەستێك لانکە دەهەژێنن و بە دەستەکەی دیکەیان جیهان. ڕێناس خدر محەمەد، خانمە گەنجێکی دانیشتووی بازیانە و لە ئێستادا لە ماڵەکەی خۆیدا کاری بەرگدووری دەکات، لە دیدارێکی لەگەڵ گۆڤاری گوڵان ئەزموونی خۆی هەم وەکو دایك و هەم وەك پیشەوەرێك بۆ خوێنەران باس دەکات.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

ڕێناس خدر محەمەد لە ساڵی ١٩٩٢ لە بازیان لە دایك بووە، دەرچووی پەیمانگەیە بەشی کۆمپیوتەر، لە ساڵی ٢٠١٣ خوێندنی تەواو کردووە، بەڵام هەلی دامەزراندنی بۆ نەڕەخساوە، ژیانی هاوبەشی پێکهێناوە و دایکی دوو کچی نازدارە. وەك خۆی باسیکرد ماوەی نۆ ساڵە کاری خەیاتی دەکات و هەتاوەکو ئێستاش لە پیشەکەی بەردەوامە.

*** سەرەتا چۆن بیرت لەوە کردەوە کار بکەی و لەسەر پێی خۆت بوەستی؟**

– ئەنجامدانی هەموو کارێك لە سەرەتادا دەبێت حەز و خولیات بۆی هەبێت، منیش حەز و خولیایەکی زۆرم بۆ پیشەکەم هەیە، بۆیە دوای ئەوەی کە خوێندنم تەواو کرد و دانەمەزرام بیرم لەوە کردەوە پەرە بەو حەز و خولیایەی خۆم بدەم، سوپاس بۆ خوای گەورە تێیدا سەرکەوتو بووم و ڕۆژ بە ڕۆژ هەست بەوە دەکەم کە لە پیشەکەمدا سەرکەوتووترم .

*** کێ هاندەر و پاڵپشتت بوو لە سەرکەوتنەکانت؟**

– لە سەرەتادا دایکم وەکو ئافرەتێك زۆر پاڵپشتی کردم بۆ ئەوەی کەوا داهاتی خۆم هەبێت و لەسەر پێی خۆم بوەستم، لە هەمان کاتدا بتوانم یارمەتی هاوسەرەکەشم بدەم، لە ئێستاشدا هاوسەرەکەم زۆر پشتگیری و هاوکارمە لێرەوە زۆر سوپاسی دەکەم.

*** چۆن توانیوتە لە نێوان کارەکەت و دایکایەتی هاوسەنگی ڕابگریت؟**

– کارێکی زۆر قورسە، بەڵام سوپاس بۆ خوای گەورە کە ئەو هێزەی پێداوم کەوا باڵانسێك لە نێوان کارەکەم و دایکایەتی و ماڵەوەمدا ڕابگرم

، ئەویش دووبارە بە هاوکاری هاوسەرەکەم. دیارە پیاو ئافرەتی بەهێزی زۆر خۆشدەوێت، کاتێك داوام لە هاوسەرەکەم کرد مەکینەی دوورمان بۆ بکرێت، بە حوکمی ئەوەی ئێمە لە گەڕەکێکی چۆڵ بووین پێی گوتم کەس نایەت و جلی بۆ بدووریت، بەڵام بۆی کڕیم و دڵی نەشکاندم، منیش پێمگوت ڕۆژێك دێت لە هەموو شوێنێکەوە جلم بۆ دێنن و دەناسرێم، پێیگوتم منیش پاڵپشتیت دەکەم، کە ئەو هێز و توانایەی لە مندا بینی دڵخۆش بوو و پشتی گرتم، ئێستاش لە خوا بەزیاد بێ لە زۆربەی شارەکان تەنانەت لە دەرەوەی وڵاتیش جلم بۆ دێنن بیدوورم، لەبەر ئەوە ئافرەت زۆر بەهێزە و توانای ڕووبەڕوو بوونەوەی هەموو ئاستەنگێکی هەیە.

*** ئەو هەموو بڕوا بەخۆبوونەت لە چییەوە دروست بووە؟**

– بە حوکمی ئەوەی کەوا دایکم فەرمانبەر بووە، منیش کچی گەورەی ماڵەوە بووم، بۆیە هەموو کارێکی بە من دەسپارد هەنگاو بە هەنگاو ئەو بڕوا بەخۆبوونەم بۆ دروستبوو، کە دەتوانم لە هەر کارێ کەوا خۆم بمەوێت سەرکەوتووبم .

*** پاڵپشتی و هاوکاری خێزان بۆ کچەکانیان تاچەند بە پێویست دەزانیت؟**

– بێگومان هاوکاری ماڵەوە و خێزان زۆر گرنگە، گەر هاوکاری ماڵەوە و خێزان نەبێ لە هیچ کارێکدا سەرکەوتوو نابیت، بۆیە داواکارم هەموو دایك و باوك و هاوسەرەکان یارمەتیدەری کچ و خێزانەکانیان بن.

*** بوونی داهاتی سەربەخۆی ئافرەت چ خزمەتێك بە خودی خانمەکە دەکات؟**

– بێگومان داهاتی سەربەخۆی ئافرەت زۆر گرنگە، بەڵام من لەگەڵ ئەوەدانیم کەوا ئافرەت داهاتی خۆی لە داهاتی هاوسەرەکەی جیابکاتەوە، چونکە ژیانی خێزانی هاوبەشی و متمانەیە.

*** بۆ داهاتووی کارەکەت چ پڕۆژەیەکت هەیە؟**

– هەوڵم داوە پیشەکەم گەورەتر بکەم و سوپاس بۆخوای گەورە خانمانێکی زۆر لە کارەکانم ڕازین بۆیە پیشەکەم لە فراوانبووندایە.

*** ئایا پێتوایە داهاتی سەربەخۆ دەتوانێ ئافرەت لە توندوتیژی بپارێزێت؟**

– هیچ پەیوەندییەك لەنێوان توندوتیژی و ئافرەتی خاوەن پیشە نابینم، چونکە سیفەتی توندوتیژی پەیوەندی بە ئاستی ڕۆشنبیری کەسەکانەوە هەیە. ئافرەتمان هەیە خاوەن مووچەی خۆیەتی هاوسەرەکەی لەگەڵی توندوتیژە ئافرەتیشمان هەیە بێ ئیشە هاوسەرەکەی لەگەڵیدا زۆر باشە، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا پێویستە ئافرەتان هێزی خۆیان بۆ دەوروبەر و کۆمەڵگە دەربخەن.

*** ئافرەت چۆن دەتوانێ بەهێز بێت و سەرچاوەی بەهێزبوونی لە کوێدایە؟**

– بەهێزبوونی ئافرەت بە بڕوای من لە پەروەردەکردنییەوە سەرچاوەی گرتووە، پێویستە دایك و باوکان بەتایبەت دایك بۆ کچەکەی زۆرباش بێت، چونکە بوونی دایك لە ژیانی کچدا زۆر گرنگە، کاتێك دایك کچەکەی بە جوانی پەروەردە دەکات و هێز و توانایەکی لە ڕادەبەدەری پێدەبەخشێت و لە کاروباری ڕۆژانە ڕاوێژی پێدەکات و وای لێدەکات بڕوای بەخۆی هەبێت، ئەوکات کچ هەستدەکات کە کەسێکی سەرکەوتووە و متمانە بەخۆی و بە تواناکانی لە ژیانیدا ڕەنگدەداتەوە، ئەو کچانەی بەمجۆرە پەروەردە دەکرێن لە ژیانی هاوبەشیشیان سەرکەوتوو دەبن، چونکە بە پەروەردەکردنی دروست دەبنە کەسێکی کامل کە بڕیار بە عەقڵ بدەن نەك بە دڵ. هەمیشە دەڵێم گرنگە کە پیاو چ ئافرەتێك دەکات بە دایکی منداڵەکانی و ئافرەتیش چ پیاوێك دەکات بە باوکی منداڵەکانی.

*** وەکو خانمێکی بە توانا و بڕوابەخۆ بوو، چ پەیامێکت بۆ خوێنەرانی گۆڤارەکەمان هەیە؟**

– هیوادارم سەرکەوتووبن، خۆشحاڵم کە بەو بەسەرکردنەوانە ئەتانەوێت ئافرەتانی خاوەن پیشە بناسێنن، بۆ ئەوەی هانی ئافرەتان بدەن لەسەر پێی خۆیان بوەستن .

**دایکم وەکو ئافرەتێک زۆر پاڵپشتی کردم بۆ ئەوەی کەوا داهاتی خۆم هەبێت و لەسەر پێی خۆم بوەستم، لە هەمان کاتیشدا بتوانم یارمەتی هاوسەرەکەشم بدەم**

**بەهاوسەرەکەمم گوت ڕۆژێک دێت لە هەموو شوێنێکەوە دەناسرێم، پێیگوتم منیش پاڵپشتیت دەکەم، کە ئەو هێز و توانایەی لە مندا بینی دڵخۆش بوو و پشتی گرتم**

**بۆیە داواکارم هەموو دایک و باوک و هاوسەرەکان یارمەتیدەری کچ و خێزانەکانیان بن**

## (باکوری)

# زیاتر لە نیو سەدە خزمەت کردنی هونەری رەسەنی کوردی



**شەوی ٢٠٢٢/١١/٢ لە تەمەنی ٩٤ساڵیدا لە ماڵەکەی خۆی لە شارۆچکەی عەنکاوە، مامۆستا و هونەرمەندی گەورەی کورد «ئەندەریۆس ئیسرائیل خەمۆ» ناسراو بە مامۆستا (باکووری) کۆچی دواییکرد، باکووری کە ڕۆژانێک بە گۆرانی ( زێڕینێ و کچی دێ و مەلەنگێنە ) چەندین گۆرانی دیکەی خستە نێو هەگبەی هونەری کوردی، لەدوای سێوەی هونەرمەند دووەم هونەرمەندی کریستیانە کە زۆرترین تەمەنی لە نێو هونەری کوردیدا بەڕێکردووە.**

### ژیانی هونەرمەند :

باکووری هونەرمەند لەدایك و باوکێکی ئاسووری لەڕێکەوتی (١٩٢٨/١١/٥) لە قشڵەی شاری کۆیە لەدایکبووە، باوك و دایکی هونەرمەند لە دێی (صاتیبەگ) و (خەراشك) سەربەشاری وانی باکوری کوردستان لەدایکبوون، لەسەرەتای بیستەکانی سەدەی پێشوو دێنە شاری کۆیەو لە(قشڵەی کۆیە) نیشتەجێ دەبن.

مامۆستا باکووری لەساڵی (١٩٣٥) چۆتە بەرخوێندن و قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی لەشاری کۆیە لە (١٩٤٦) تەواو کردووە،لە قۆناغی سەرەتاییدا لەڕێی وانەی سروود و خوێندنی سروود لەگۆڕەپانی قوتابخانە هەست بەتوانا و دەنگخۆشیی هونەرمەند کراوەو مامۆستا (شەفیق سابیر) یەکەم هاندەری بووە، هەروەها ژینگەی خانەوادەکەی لەبەر ئەوەی باوکی دەنگی خۆش بووە و ئەو فەرهەنگ و هونەری ستران و لاوکەی باکووری کورستانی لەگەڵدا ژیاوەو شەوانە لەگەڵ هاوڕێکانی لاوك و سترانە کۆنەکانی دەڤەری (وان)ی خوێندووە و دەنگی هونەرمەند(کاوێس ئاغا) بەبەردەوامی لە ماڵەکەیاندا لەڕێی گرامافۆنەوە بیستراوە، ئەوەش هۆکارێکی دیکەیە لەسەر هونەرمەند باکوری، لەبەر ئەوەی قۆناغی ئامادەیی لە کۆیە نەبووە، باوکی هونەرمەند بەهۆی پیشەکەی (پۆلیس) بووە شوێنی کارەکەی دەگوازرێتەوە بۆشاری هەولێر و، لە هەولێر هونەرمەند پۆلی چوار و پێنجی ئامادەیی بەشی (وێژەیی) تەواو دەکات، بۆ درێژەدان بەخوێندن لەساڵی (١٩٥٢) ڕوودەکاتە شاری بەغداو لە کۆلیژی (دارالمعلمین العلیا) بەشی زمانی ئینگلیزی وەردەگیرێت،لەهەمان ساڵدا دەچێتە ڕادیۆی کوردی بەغدا، دوای چوار ساڵ خوێندن بەسەرکەوتوویی بڕوانامەی دەرچوون وەردەگرێت، لەساڵی (١٩٥٧) وەك مامۆستای زمانی ئینگلیزی، لەناوەندی کوڕانی کۆیە کەپێشتر خۆی قوتابی بووە لەو قوتابخانەیە دادەمەزرێت، هونەرمەند دەگەڕێتەوە بۆ شارەکەی (حاجی قادر و سێوەو تایەر تۆفیق و دڵدار ) بەڵام بەتەنیا تا ساڵی (١٩٥٩) خانەوادەکەی بەیەکجاری دەگەڕێنەوە کۆیە. دەستپێکی کاری هونەری مامۆستا باکوری دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای ساڵانی پەنجاکانی سەدەی پێشوو لەڕادیۆی کوردی بەغدا و ئاشنابوونی بە هونەرمەندانی کورد و عەرەب .

باکوری لە دیمانەیەکی پێشووتری لەگەڵ گۆڤاری گوڵان سەبارەت بە نازناوەکەی دەڵێ: کاتێك چوومە ئێزگەی بەغدا بە ناوی (ئەندریۆس)چووم. دوای دوو مانگ رۆژێك بەڕێوەبەری رادیۆ "کامل کاکە " بانگی کردم وتی: خەڵك نامەمان بۆ دەنرێن دەڵێن ئەندریۆس کێیە حەز دەکەین نازناوێکی کوردیت بۆدابنێین منیش وتم باش، ئەو کات هونەرمەندەکان بە لەقەب دەناسران یاخود لە چ شوێنێك هاتوون بەناوی ئەو شوێنە دەناسران. منیش دایك و باوکم لەلای تورکیاوە هاتوونەتە عێراق. ئەوەبوو نازناوی "باکوری"یان بۆ دانام.

سەبارەت بە عودەکەشی دەڵێ: دەتوانم بڵێم عاشقی عودەکەم بوومە ناتوانم بێ عودەکەم بژیم، چونکە بۆتە هاوڕێیەکی ژیانی رۆژانەم. کاتێك لەگەڵ هاوڕێکانم دادەنیشم پێمدەڵێن باکوری شتێکمان بۆ بڵێ دەڵێم ناتوانم، چونکە عودەکەم پێ نییە.

مامۆستا باکووری بەدامەزرێنەی تیپی مۆسیقای باواجی لەکۆیە دادەنرێت، یەکێك لەقوتابییەکانی مامۆستا هونەرمەند ( زاهیر محەمەد) سەبارەت بە سەرەتای هاتنەوەی





هونەرمەندبۆ شاری کۆیە دەکات (کاتێکیش مامۆستا باکووری لەساڵی (١٩٥٧) وەك مامۆستای وانەی ئینگلیزی بۆ ناوەندی کۆیە هات، بەهۆی ئەو مامۆستایەوە لەبواری موزیك و ئامێرژەنیندا زیاتر دەرکەوتین، ئێمە چەند کەسێك بووین لەقۆناغی سەرەتایی بووین مامۆستا باکووری هەوڵیدائێواران لەقوتابخانە کۆببینەوە)

هەر لەو دیمانەیەیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان سەبارەت بە چۆنیەتی دامەزراندنی تیپی باواجی کۆیە دەڵێ:

کە گەڕامەوە کۆیە دابڕام لەگۆرانی گوتن، چونکە هیچ شوێنێك نەبوو گۆرانیەکانم لێ تۆمار بکەم و بڵاویان بکەمەوە، ئەو کات تەنیا لەرێگەی ئێزگەوە گۆرانی تۆمار دەکراو بڵاودەکرایەوە. تەنیا کاتی ئاهەنگی نەورۆز دەمتوانی گۆرانی بڵێم، زۆرجاریش بەبۆنەی نەورۆزەوە لە ئێزگە میوانداریان دەکردین، ئەو کات گۆرانیەکانم تۆمار دەکردو بڵاو دەکرایەوە. دوای لە ساڵانی هەشتەکان تیپێکم دامەزراند بەناوی "باواجی" کە خۆم سەرپەرشتیم دەکرد، کۆمەڵێك لە گۆرانیەکانم لەسەر کاسێت تۆمار کرد کە تاکو ئێستاش ماومە. دەنا گۆرانی تۆمارکراوم نییە. بەڵام ئێستا بەنیازم دیسان لەگەڵ گروپی باواجی گۆرانییەکانم نوێ بکەمەوە بیکەم بەبەرهەمێك.

چالاکییە هونەرییەکانی مامۆستا باکووری لێرەوە زیاتر گەشە دەکات و دەناسرێت و پەیوەندی دۆستانەو هونەرییانەی لەگەڵ هونەرمەندانی ( تیپی مۆسیقای مەولەوی) و هونەرمەندانی دیکەی شاری کۆیەو هەولێر فراوانتر دەبێت، لەسەر دەستی هونەرمەند ئەم قوتابیانە بۆیەکەم جار فێری مۆسیقادەبن وەك :

١/ زاهیر محەمەد ئیبراهیم (ڤیۆلۆن)
٢/ئیبراهیم فەرەجوڵڵا (ڤیۆلۆن)
٣/ ئەکرەم باقی (عوود)
٤/ سەردار ئەحمەد(شمشاڵ)
٥/ جان تۆماس (دەف)
٦/ نەشئەت حەمید (دەف)
٧/ عەونی عەلی مەولود (تەپڵ)
٨/کاکە مەم قادر (عوود)
٩/حەمید ئیسماعیل (کەمان)
١٠/ یوسف باکووری ( ئۆکۆردیۆن)

یەکێکی دیکە لە قوتابییەکانی کە زۆر بەئەمانەت و بەئەمەکەو باس لەڕۆڵی مامۆستا باکوری دەکات کە ڕۆڵی هەبووە لەفێرکردنی ئامێری موزیکدا ئەویش هونەرمەند ( سەردار ئەحمەد عەبدوڵڵا ١٩٤٥ _٢٠١٩/٣/١٧) دەڵێت: (مامۆستا باکووری دەورێکی سەرەکی هەبوو کە بگەمە ئەو پایە و ببم بە هونەرمەند).

باکووری یەکێك بووە لەو هونەرمەندانەی شاری کۆیە لەگەڵ هونەرمەند (سێوە) بەشداری هەردوو ئاهەنگی شاری هەولێر و کۆیە کردووە لە ساڵی (١٩٥٧) بۆکۆمەك کۆکردنەوە بۆ زیان لێکەوتووانی لافاوەکەی شاری سلێمانی.

لەساڵی (١٩٦١) وەك کاری مامۆستایەتیەکەی ڕاژەکەی دەگوازرێتەوە بۆ شاری هەولێر و نیشتەجێ دەبێت، لەهەردوو بوارەکەدا وانە وتنەوەو هونەر بەردەوام دەبێت، باکووری خاوەنی کەسایەتییەکی هێمن و لەسەر خۆ بوو، هەمیشە حەزی لەگەشت و سەیران و کۆڕو کۆبوونەوەی دۆست و یاران بووە، لەهەر شوێنێك بانگهێشت کرابێت خۆی





و عوودەکەی لەوێ بوون و خۆشیی و شادی و خەندەی بە ڕۆحی ئامادەبووان بەخشیوە و هەمیشە ژیانی خۆشویستووە گەشبین بووە، هونەرمەند دوای ئەو مێژووە جوان و پرشنگدارە لەناوەڕاستی ساڵی نەوەدەکانەوە خۆی زیاتر سەرقاڵی نووسین کردووە، چەند کتێبێکی بەچاپ گەیاندووە، جگە لەڕۆژنامەو گۆڤارەکان وتار و نوسینی هەبووە، سوپاس بۆ خامەی جوانی و خەرمان بەرەکەت کەبەو بەرهەمە جوانانە کتێبخانەی کوردی ئاوەدان کردۆتەوە :

١/ یەکەم کتێبی، بابەتێکی وەرگێڕان بووە لەزمانی ئینگلیزییەوە بۆ کوردی بەناوی (چۆنیەتی گۆرانی گوتن)

٢/ سێ بەرگ لە کتێبی (گۆرانیبێژە نەمرەکان) کە پێکهاتووە لە (٦٩٩) لاپەڕە و، هەڵدانەوەی لاپەرە جوان و شیرینەکانی ( ٤٧) هونەرمەندی نەتەوەکەمان.

٣/ کتێبی چیرۆکی هەندێ گۆرانی کوردی ڕەسەن.

٤/ کتێبی تەمەنێك، گۆرانی و ئاوازو مۆسیقا و خۆشخوانی.

٥/ کتێبی تیپی مۆسیقای باواجی کۆیە لە (١٩٥٧ تا ٢٠٠٨)

٦/ کتێبی ئیزگە، مێژووی دامەزراندنی ڕادیۆی بەغدای عەرەبی و بەشی کوردی.

مامۆستا باکووری بەهۆی ئەو ئەزموونە دوورو درێژ و لێوریژە لەهونەر بۆتە سەرچاوەو هەمیشە سوود لەزانیارییەکانی وەرگیراوە و خاوەنی ئەرشیفێکی زۆر دەوڵەمەندی بواری هونەری موزیك و گۆرانی کوردییە وەك ( وێنە و قەوانی گرامافۆن)، هونەرمەند لەماوەی ژیانی هونەریدا چەندجارێك خەڵاتی ڕێزلێنانی پێ بەخشراوەو و ڕێز لەمێژووی هونەری گیراوە، هەروەها خاوەنی دووەمین خەڵاتی (ماملێ )یە لەساڵی (٢٠١٠) کەلەلایەن مەڵبەندی هونەری ماملێ وە پێبەخشراوەو، باکووری هونەرمەند یەکێکە لە دەستەی دامەزرێنەری (بنکەی مەقام) لەشاری هەولێر .

سەبارەت بەو هونەرمەندانەی لێی نزیک بوون و سەربوردەی خۆشەویستی خۆی و شەماڵ سائیب بەم شێوەیە باس دەکات:

یادگاریم لەگەڵ هونەرمەندە نەمرەکان هەیە، کاتێك کە چوومە ئێزگەی بەغدا هاوڕێیەتم لەگەڵ هەموویان پەیداکرد وەك "شەماڵ سایب و عەلی مەردان و نەسرین شێروان و تاهیر تۆفیق. شەوانە دەچووینە ماڵی "ئەڵماس محەمەد و نەسرین شێروان" گۆرانیمان دەگوت و قسەی خۆشمان دەکرد، بەڵام زیاتر لەگەڵ شەماڵ سایب هاوڕێ بووم و یادگاری خۆشم لەگەڵی هەیە. کچێک هەبوو من و شەماڵ سائیب خۆشمان دەویست، ئەو کچە (فەوزیە محەمەد)یە ئەویش هونەرمەند بوو لەگەڵمان زۆر جوان بوو من خۆشم دەویست لەبەر ئەوەی زۆر جوان بوو، بەڵام شەماڵ لەناخەوە خۆشی دەویست کاتێك دەچووە ماڵی ئەڵماس محەمەد منیش لەبەر شەماڵ دەچووم لەگەڵی، شەماڵ سایب گۆرانی (هەرێ لەیلێ)ی لەبەر فەوزیە گوت، چونکە شەماڵ پێش ئەوەی فەوزیە ببینێت و گۆرانیەکی هەبوو بەناوی (لەیلێ).

**تێبینی: سوود لە نووسینێکی بەڕێز جەمالی دەلاك وەرگیراوە کە رۆژی ٢٠٢١/٦/١٦ بڵاوکراوەتەوە**



### ئەحلام بۆ گوڵان:

# فەرەنسا پاڵێوراوێكی سەرەكیی بەدەستهێنانی مۆندیالە

شاجوانی پێشووی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و كچە راگەیاندكاری مەغریبی (ئەحلام حەجی) رایگەیاند كە لە ئێستاوە خەریكی خۆئامادەكردنە بۆ ئەنجامدانی چەند پرۆژەیەكی نوێ، كە جیاوازتر بێت لەو كارانەی پێشتری و، پێی وایە كەسێكە دەتوانێت بەرپرسیارێتی هەڵبگرێت.

سەبارەت بە كەسایەتیی خۆی، ئەحلام دەڵێت: «من بە سرووشتی خۆم كەسێكی هێمنم، تەنانەت كاتێكیش خۆشی دەردەبڕم، بینینی خەڵك بە دڵخۆشی، وا دەكات هەست بە كامەرانی و ئاسوودەیی بكەم، بەتایبەتی كاتێك من هۆكاری خۆشییەكانیان بم، جا ئەگەر ئەمە لە رێگەی راگەیاندنەوە بێت، یان لە رێگای كارە خێرخوازییەكانم كە لە چوارچێوەی رێكخراوی (احلام الطفولة)ەوە پێشكەشیان دەكەم».

ئەحلام باس لە هێڵە سوورەكان دەكات لە ژیانی پیشەیی خۆیدا و دەڵێت:

«من كەسێكی بە جورئەتم لە هەنگاوەكانم بەرەو دوارۆژ، نامەوێ كارێك ئەنجام بدەم كە قەناعەتم پێی نەبێت، ژیانێكی ئاسایی دەژیم بێ ئەوەی هیچ گۆڕانكارییەك لە سیستەمی ژیانی تایبەتیم ئەنجام بدەم، بۆ ئەوەی لە رەخنەی كەسانی دیكە دووركەومەوە، من چۆنم دەمەوێ هەر ئاوا بم».

لە وەڵامی پرسیارێك سەبارەت بە یارییەكانی مۆندیال كە بەردەوام سەیری یارییەكانی دەكرد، بەتایبەتی یارییەكانی مەغریب، ئەحلام حەجی دەڵێت: «بێگومان من یەكێك بووم لە هاندەرە سەرسەختەكانی هەڵبژاردەی مەغریب كە سەرەڕای ئەوەی سەركەوتوو نەبوون و خەونەكانی ئێمەیان نەهێنا دی، بەڵام شانازییان پێوە دەكەم، بەڵام لە دوای مەغریب من هاندەری هەڵبژاردەی فەرەنسام، چونكە لەو وڵاتە دەژیم و ساڵانێكی زۆری تەمەنم لەوێ بەسەر بردووە، هەروەها لە بواری یاریكردنیش هەڵبژاردەیەكی بەهێزە و پێم وایە پاڵێوراوێكی سەرەكیی بەدەستهێنانی مۆندیالە».



# هوما لە ئەنستاگرام وەڵامی جەماوەر دەداتەوە

لە ساڵیادی لەدایکبوونی خانمە ئەکتەری ناسراوی بۆڵیۆد (هوما قوریشی) ژمارەیەکی زۆری ئەستێرەکانی بۆڵیۆد ئامادە بوون و ژمارەیەکی زۆریشیان لە ڕێگەی بروسکەوە پیرۆزبایی خۆیان پێشکەش کرد.

هەر بەم بۆنەیەوە هوما لە ڕێگای تۆڕی کۆمەڵایەتی ئەنستگارامەوە بەردەوام وەڵامی جەماوەر و هەوادارانی خۆی دەدایەوە، هەرچەندە بەشێکی زۆری پرسیارەکانیان پەیوەندیی بە کەسایەتیی خۆیەوە هەبوو دوور لە هونەر و نواندن، یەکێك لەو بابەتانەی کە پرسیاری زۆر دەربارەی کرا، سیستمی خۆراکی تایبەتی خۆی بوو کە هۆکارێکی سەرەکییە لە هێشتنەوەی لەشی بە جوانی.

سەبارەت بەم بابەتە هوما لە ئەنستگارام دەڵێت: «لە دوای بابەتی نوێترین کارەکان و جلوبەرگ، جەماوەر زیاتر پرسیاری خۆراکی تەندروستیم لێ دەکەن و پرسیارەکانیش جۆراوجۆرن، بۆیە بە پێویستم زانی لیستی ئەو خۆراکانە بڵاوبکەمەوە کە لە سیستمی خۆراکیی مندا بە بەردەوامی هەیە، ئەمەش تا ئێستا وەك نهێنییەك بووە، بەڵام بەبۆنەی لە دایکبوونمەوە بۆ جەماوەر ئاشکرای دەکەم، هەرچەندە من پێموایە خواردنی تەندروست بابەتێك نییە کە ببێتە هۆی توڕەبوونی هونەرمەند، چونکە زۆر جار وا پێویست دەکات کە تەندروستی و تامی خۆشی خواردن تا ڕاددەیەك تێکەڵ بێت، ئەمەش وادەکات کە جاری وا هەیە قوربانی بە یەکیان بدەیت، لە نێوان تام یان خواردنی تەندروست».

هەر لە درێژەی پۆستەکەیدا هوما دەڵێت: «من هەمیشە هانی خواردنی تەندروست و پاك دەدەم، ئەمەش یەکێکی دیکە بوو لەو هۆکارانەی کە نهێنی خواردنە تەندروستییەکەم ئاشکرا بکەم.»


# هونەر لە نێوان نەوەی دوێنێ و نەوەی ئەمڕۆدا

هونەر داینەمۆی جوانکردنی ژیانی مرۆڤایەتییە، کە لە کۆنەوە تا ئێستا و بۆ داهاتووش، بەگوێرەی دۆخ و پێشوەچوونەکان، گۆڕانکاری بەسەرادا دێت، بەڵام پەیامەکەی پەیامی مرۆڤایەتی و خۆشەویستی و ژیاندۆستییە. نەوەی رابردوو، کە ئێمە بە باوان ناویان دەبەین، پێش ئەوانیش و تا دەگاتە سەردەمی فۆلکلۆر و دەستاودەست و دەماودەم هاتنی هونەرەکان، بەتایبەت کە لێرە مەبەست لە هونەری موزیک و گۆرانییە، سەرمایەیەکی زۆری هونەرییان بەسەریەکەوە ناوە و پێشکەشی نەوەی ئەمڕۆمانیان کردووە و، کارەکانیان گەوهەری بەنرخ و رەسەنن و رۆ چوونەتە ناو رۆحمان.

بەڵام گۆڕانکارییەکان لە ستایلی ژیان و پێشکەوتنەکانی تەکنەلۆژیا و ئامرازەکانی گەیاندن و ئەو جیهانگەراییەی هەموو مرۆڤایەتی لە دیوەخانێکدا کۆ کردەوە، وای کردووە گۆڕانکاری بەسەر شێوازی ئەم هونەرەشدا بێت و بەشێك لە رەسەنایەتی ون بکات و بەرگێکی دیکەی مۆدێرنی تەنانەتی نێونەتەوەیی بەبەر خۆیدا بکات، کە پێویستە لەم خاڵەدا زۆر هەستیار و هۆشیار بین و، نەهێڵین رەسەنایەتیی هونەری کوردی ببێتە قوربانیی پێشوەچوونەکانی رۆژگار و بکەوێتە ژێر کاریگەریی هونەری دەرەکی، بەتایبەت ئەو نەتەوانەی وڵاتەکانیان خاکی کوردستانیان داگیر کردووە.

ناکۆکی و گلەیی و گازاندە و تێبینی و سەرنجی ئەم دوو نەوەیەی باوان و نەوەی ئەمڕۆ لە کار و شێوازی کارەکانیاندا دەبینرێت و، زۆر لە هونەرمەندانی سەردەمی باوان، گلەییان لە رەوشی گۆرانی و موزیکی ئەمڕۆ هەیە، بەپێچەوانەشەوە زۆر لە هونەرمەندە گەنجەکانی ئەمڕۆش گلەیی و رەخنە لە ستایلی دوێنێ دەگرن. هونەرمەندانی دێرین و بەشێکیش لە گەنجەکان بە هەوای عاتیفیی بۆچوونەکانی دوێنێ دەڵێن موزیکی ئەمڕۆ تووشی ڤایرۆس و سەرلێشێواوی بووە، بە پێچەوانەی ئەم بۆچوونەش، هونەرمەندانی ئەمڕۆ، کە بەشی زۆریان دەرچووی ئەکادیمی و هونەرە جوانەکانن، دەڵێن نەخێر، بۆچی هونەری دوێنێ هێندە بێگەرد و ساف و جوان بووە کە ببێتە مایەی شانازی؟ ئەم تێکگیرانە هەرگیز رەوا و دروست نییە، دروست ئەوەیە، کە هەر نەوەیەك نەوەی سەردەمی خۆیەتی، بەڵام لەو نێوانەدا ئەزموون و یەکترتەواوکردن هەیە، هونەرمەندانی دوێنێ بەو هەموو بەرهەم و ئەدا و ئەزموونە زۆرەوە، دەبێ وەك پشتیوان و سەرچاوە و فەرهەنگ ببینرێن و سوود لە بەرهەمەکانیان و ئەزموونەکانیان وەربگیرێت، هونەرمەندانی ئەمڕۆش ئەوان وەك پێشەنگ و سەرچاوە بۆ خۆیان ببینن و پەندیان لێ وەربگرن و لێیانەوە فێر ببن، ئینجا بیانکەن بە ئیلهام بۆ کارەکانی خۆیان و ناتەواوییەکانی خۆیانی پێ پڕ بکەنەوە، بەمە دەتوانن باشتر هەنگاو بنێن و بەرزتر ببن.

هەرچی هونەرمەندانی پێشوون، ئەمانیش دەبێ ئەم واقیعە قبووڵ بکەن، کە نەوەی ئەمڕۆ سەر بە سەردەمێکی تەواو جیاوازە لە سەردەمی ئەوان و پێ بە پێ لەگەڵ گۆڕانکارییەکان لە





فەرهەنگ غەفوور

ستایلی ژیان، گۆڕانکاری لە هونەریشدا دەبێت و سەلیقەی هونەریی نەوەی ئەمڕۆ لەوەی پێشتر جیاواز دەبێت.
ڕەتکردنەوەی نەوەی سەردەمی ئەمڕۆ ڕەوا نییە، بەڵام دەکرێ بەرچاوڕوونی و زەخیرەی هونەرییان پێ بدرێت، بۆ ئەوەی پارێزگاری لە ڕەسەنایەتیی هونەری کوردی بکەن و پێشی بخەن.
دەکرێت هەردوو نەوە بەیەك بگەیەندرێن و بۆ ئەمڕۆ و ئایندەش سوودیان لێ وەربگرین، ئەو دووری و دڕدۆنگییەی نێوان ئەو دوو جەمسەرەی نەوەی ئەمڕۆ و دوێنێ، پێویستی بە دانیشتن و لێکتێگەیشتن هەیە، زۆر گۆڕانکاری لە کەشوهەوای موزیك و هونەر و تەکنەلۆجیادا ڕووی داوە، پێویستە هەردوولا سوود لەو بەخشش و ئەزموونە وەربگرن و جوانتری بکەن و پێشی بخەن.
بەڵام لە جێی خۆیەتی ئەگەر ئاماژە بە هەقیقەتێك بکەین، کە هونەر لە ڕابردوودا و هونەرمەندانی دوێنێ مۆرکێکی ڕەسەنایەتیی کوردییان هەبوو، هیچ هونەرمەندێك نەیدەوێرا لە ڕێچکەی ڕەسەنایەتی لابدات، مەگەر یەکێك کە داهێنانێکی کردبا و سوودی لە هونەری ئەوانی دیکە وەرگرتبا و خستبایە خزمەت هونەری کوردی، بەمەش هەموو لایەك چێژیان لەو هونەرە دەبرد، کە گوزارشتی لە خەم و سۆز و دیدگای کورد دەکرد، بەڵام بەشێکی نەوەی ئەمڕۆ، دەبینین دەکەونە ژێر کاریگەریی دەرەکی، یان ئاواز و تێکستی دەرەکی بەکاردەهێنن نەك خۆماڵی (هەڵبەتە گوتم بەشێکی نەك هەمووی)، بەمەش میزاجی کوردەواری تێك دەچێت و گوێمان لە شتی نامۆ و نا لایەق بە زەوقی کوردەواری دەبێت. ئەمە هەر لە هونەردا نییە، لە جلوبەرگ و ستایلی ژیانکردنیشدا هەیە، بەڵام ئەمە بەشێکە و زۆرینەی هونەر و هونەرمەندانی ئەمڕۆ، بە لەبەرچاوگرتنی پێشکەوتنەکانی ڕۆژگار و ئامرازەکانی تەکنەلۆژیا، هونەر دەکەن، بەڵام مۆرکی کوردەواریی پێوە دەهێڵن و نابن بە لاساییکەرەوەی کوێرانە و ناچنەسەر پارسەنگی بیانی.
ئەگەر یەکتروەرگتن و یەکترخوێندنەوە و یەکترتەواوکردن هەبێت، ئەم گلەییانەش لە شوێنی خۆیاندا چارەسەر دەکرێن، ئەو کەموکوڕییانەی دەشبن، تەواو دەکرێن، ئەو لادانانەی لە چوارچێوەی ڕەسەنایەتیی هونەردا ڕوو دەدات، دەهێنرێتەوە سەر ڕاستەڕێ و جارێکی دیکە ڕۆحێکی نوێ و تازە بەبەر هونەر و کەلەپوور و کولتووری کوردەواریدا دەکرێتەوە و دیوارێك لەسەر ئەو بناغەیە هەڵدەچنرێت، کە باوانمان لە دەستەبژێری هونەرمەندان لە دوێنێدا بناغەی پتەویان بۆ داناوە.

# هونەری کاریکاتێر

ئەم هونەرە بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە هێڵ و خاڵ دەبەستێت. هونەری ڕەخنە و تیر و تانە و توانج گرتنە. ڕۆژنامەگەری باشترین مەیدانی هاتنە دەستی هونەری کاریکاتێرە. هونەری گاڵتە و گەپە، زێدەڕۆیی لە پیشاندانی سیما و شێوەی ئاسایی کەس یان تەنێك یان بەشێکی کەس و تەنەکە دەکات، ئەم زێدەڕۆیی کردنەی بەو ئامانجەیە لە ڕووی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری، هونەری و هی دیکەوە، تیری ڕەخنە بهاوێژێت. هیچ وتار و ڕاپۆرت و تەنانەت ڕیپۆرتاژێکی ڕۆژنامەوانی لە ڕووی ڕەخنە گرتنەوە، شان لە شانی هونەری کاریکاتێر نادات. هێڵ و شێوە لە هونەری کاریکاتێردا نائاساییە و چەشنی تەلیسم کاری خۆی دەکات.

ئا/ تاریق کارێزی



مۆسینی وەك هونەرمەندێکی ئیتالی، یەکەمین کەس بوو ئەو هونەرەی لە سەدەی حەڤدەم داهێنا. نیگارکێش و پەیکەرتاش و کاریکاتێریستی فەرەنسی (لۆرینزۆ برنینی)ش، یەکەمین کەس بوو لەساڵی ١٦٤٦دا ئەم هونەرەی بە گەلی فەرەنسا ناساند. لەوە دوا، کاریکاتێر وەك هونەر سەرەتا بەرەو وڵاتانی ئەورووپا، پاشان بەرەو هەموو جیهان پەلی هاویشت. لەگەڵ گەشە کردنی ڕۆژنامەوانی، هونەری کاریکاتێریش گەشەی کرد.




ئەم هونەرە دەچێتە ژێر چەتری هونەری شێوەکارییەوە، تێکەڵەیەکە لە تەردەستی لە بەکار هێنانی هێڵ، بوێری لە گوتن و ڕەخنە گرتن بە زمانی ستاتیکا، لە پاڵ ڕۆحی گاڵتەخوازی و جەفەنگ. هونەرمەندی کاریکاتێر بە دوای خاڵێکی زەقی کەسەوەیە، کەم و کوڕی و کون و کەلەبەری باری کۆمەڵایەتی، سیاسی، ڕۆشنبیری، ئابووری و هەمەجۆر لایەنی دیکەی کۆمەڵ دەقۆزێتەوە، بۆ ئەوەی تیری خۆی بهاوێژێت.

لە سەدەی بیستەمدا لە ئامێزی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا هونەری کاریکارتێری کوردی پەیدا بوو، پاشان گەشەی کرد. ڕەنگە سەرەتای ئەو هونەرە لە نێو ڕۆژنامەوانیی کوردیدا بۆ ناوەڕاستی سەدەی بیستەم بگەڕێتەوە، بەڵام لە ساڵانی حەفتا و هەشتای سەدەکەدا، کاریکارتێریست پەیدا بوون. لە ساڵی ١٩٩١یش بە دواوە، لە سایەی ئەو ئازادییەی دوو لەسەر سێی باشووری کوردستانی گرتەوە، میدیا و ڕۆژنامەوانیی کوردستان گەشەیەکی زۆری کرد، لە ٣٢ ساڵی ڕابردوودا چەندین گۆڤار و ڕۆژنامەی تایبەت بە کاریکارتێر لە کوردستاندا دەرچوون. بەشێکی زۆر لەو پتر لە (٤) هەزار ڕۆژنامە و گۆڤارەی لە ساڵی ١٩٩١ بە دواوە لە باشووری کوردستان دەرچوون، کاریکاتێریان بڵاو دەکردەوە. بەم جۆرە هونەری کاریکاتێری کوردستان شەقڵی تایبەتی خۆی وەرگرت، گەلێك ناوی درەوشەدار لەم بوارەشدا پەیدا بوون.

وشەکە لە بنەڕەتدا لە هەردوو وشەی کاریکۆ (Carico) و کاریکاری (Caricare)ی زمانی ئیتالییەوە گەڵاڵە بووە. ئەو پەیڤە لە زمانی ئیتالی واتە زێدەڕۆیی و گەورە کردن. بۆیەش بەم هونەرە گوترا کاریکاتێر چونکە زێدەڕۆیی و شێواندن لە کێشانی وێنەی هەندێك



سیمای کەسدا دەکرێت، مەبەستیش لەو گەورە کردن و شێواندنە گاڵتە پێ کردن و پەلار وەشاندنە لە کەسەکە.
ئەم هونەرە، وەك گوتمان، لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکەی ئەورووپا گواسترایەوە، لە سەدەی بیستەمیشدا لە رێی رۆژنامەگەرییەوە بەرەو وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هات. رەخنەگران کاریکاتێر دابەشی سەر سێ جۆر دەکەن:
یەك: کاریکاتێری واقیعی: ئەم جۆرە کاریکاتێرە زادەی رووداوی رۆژانەیە، داب و نەریت و هەڵسوکەوتی کۆمەڵ لە رووی کۆمەڵایەتی و ئایین و سیاسەتەوە دەگوازێتەوە، مەرجیش نییە تیر و توانج بێت، بەڵکوو هەر بۆ کەیف و خۆشی دەکێشرێت و بڵاو دەکرێتەوە.
دوو: کاریکاتێری خەیاڵی: وێنە و بیرۆکەی نائاسایی دەکێشێت، وێنەی کەس بە شێوەیەکی خەیاڵی و لە شوێنی نابەردەست دەکێشێت، بۆ نموونە وێنەی کەسێك لە سەر هەور یان لە سەر مانگدا دەکێشێت.
سێ: کاریکاتێری سیاسی: بە شێوە و وێنەی گاڵتەجارانە رەخنە لە کاروباری سیاسی و رووداوی واقیعی دەگرێت، ئامانج پیشاندانی نارەزایی و رەت کردنەوەی رەوش و حاڵەتێکە.
هونەری کاریکاتێر لە رووی شێوە و ستایلەوە دابەش دەبێتە سەر سێ جۆر:
یەك: ئەو کاریکاتێرەی تەنیا بشت بە وێنە هێڵکارییەکی گاڵتەجارانە دەبەستێت، بێ ئەوەی نووسینی لەگەڵ بێت. ئەمەش بنەچەی هونەری کاریکاتێرە کە تێیدا وێنە و قەڵەمکێش خۆی قسە دەکات.
دوو: ئەم جۆرەیان پشت بە دەقی تەنزامێز دەبەستێت، بە نووسین تانە و توانج و پەلار تێ دەگیرێت، بۆ زیاتر روون کردنەوەش، وێنە و قەڵەمکێشییەکی دەخرێتە سەر.
سێ: لەم جۆرەدا زنجیرە وێنەیەکی کاریکاتێر بیرۆکە یان چیرۆکێك دەگێڕنەوە. ئەم ستایلەی کاریکاتێر پتر لە ساڵانی پەنجای سەدەی بیستەمدا باو بوو. چەشنی سیناریۆی کاریکاتێر بوو.
لە رووی شێوازیشەوە، هونەری کاریکاتێر دابەش دەبێتە سەر سێ تەوەر:
یەك: کاریکاتێری گاڵتەجار: ئەم شێوازی کاریکاتێرە لە جیهانی سیاسەتدا باوە. سیاسەتوان و سیاسەتمەداران بە زل کردنەوە و بچووك کردنەوەی ئەندامانی جەستەیان، دەخرێنە بەر تیر و تانەی کاریکاتێریست، ئامانج ئاراستە کردنی تیری رەخنە و گاڵتە کردنە بە کەسانی سیاسی کە لە هەڵوێست و کرداردا بە لاڕێدا دەڕۆن.
دوو: کاریکاتێری بێزەوەر: ئەم جۆرە کاریکاتێرە بە دەوری رووداوی کەسانی دارا و دەوڵەمەند و ئەرستۆکرات و سەرمایەداردا دەخولێتەوە، ئامانج گاڵتە کردن بە ئایدیا و بۆچوون و شێوەی بیر کردنەوە و ستایلی ژیان و داب و نەریتیانە، بە شێوەی ناشیرین و بێزەوەر وێنەیان دەکێشرێت، بۆ ئەوەی بکرێنە بەندی زەمانە و لە نێو خەڵك ناویان بزڕێندرێت.
سێ: کاریکاتێری نوێ: لە میدیای رۆژاوادا ئەم جۆرە کاریکاتێرە لە ساڵانی چلی سەدەی بیستەمدا برەوی پەیدا کرد. ئەم جۆرە کاریکاتێرە هەموو بوارێکی ژیان و ژینگە دەگرێتەوە، ئامانج گەشە پێدانی هونەرەکە و گەیاندنی بیرۆکەی پێکەنیناوییە بە خەڵکە.
لە رووی تەکنیکەوە ئەم هونەرە لە بنەرەتدا، وەك پێشتر گوتمان، پشت بە هێڵ و خاڵ دەبەستێت، کە تا چ رادەیەك کارامە و تەردەستی لە هونەرمەندی کاریکاتێردا خۆی دەنوێنێت. بە پێی گەشە کردنی هونەری رۆژنامەوانی و تەکنیکی چاپ، هونەری کاریکاتێر هاوشانی ئەوان لە رووی بابەت و تەکنیکەوە گەشەی کرد. لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا، لەگەڵ پەیدا بوونی تەکنیکی کۆمپیووتەر، ئیدی هونەرمەندی کاریکاتێریست تەکنیکی کۆمپیووتەر و بەرنامەکانی نێو ئەو ئامێرە کارامە و فرە کار و فرە نایابە، دەرفەتی ئەوەیان بۆ کاریکاتێریست رەخساند سوود لەو تەکنیکە وەربگرێت. بەشێکی زۆر لە کاریکاتێریستان ئەمرۆ کارامەیی خۆیان لە هونەری هێڵکاری و سەلیقەی کاریکاتێریانەی خۆیان تێکەڵ بە تەکنیکی کۆمپیووتەر دەکەن. بە تایبەتی لە رووی پڕ کردنەوەی رووبەری فیگەر بە رەنگ، سوودی زۆریان لە کۆمپیووتەر وەرگرتووە.
دەکرێ بڵێین تازەترین تەکنیکی کاریکاتێر ئەوەیە کە کۆمپیووتەر تێیدا ئامێرێکە تەواوکەری قەڵەمی دەستی کاریکاتێریست.



### لاڤان ئەحمەد:
سەرۆکی لقی سلێمانیی یەکیتی پاسکیلسواریی عێراقی

# پێویستە کەسانێک بێنە پێش
# کە ئاشنا بن بە گرفتی یاریزانەکان

یانەی نەورۆزی شاری سلێمانی هەمووکات گرنگیی بە یارییەکانی پاسکیلسواری داوە لە یانەکەی، تیپی پاسکیلسواریی کچانی یانەکەش یەکێك بووە لەو تیپانەی کە کارگێڕیی یانەی نەورۆز بەردەوام گرنگیی بە تواناکانی کچە یاریزانەکانی داوە، بۆ ئەوەی لە لووتکەی یانەکانی عێراقی و بگرە وڵاتانی عەرەبییش بن و، چەندین ئەستێرەش لەم یانەیە هەیە کە پاشە ڕۆژێکی پرشنگدار چاوەڕوانیانە، بۆ ئەوەی بگەنە لووتکەی ئەم یارییە لەسەر ئاستی یانەکانی کوردستان و عێراقیش. یەکیك لەم ئافرەتە وەرزشکارانەی کە هەم سەرپەرشتیاری تیپی پاسکیلسواریی یانەکە و هەمیش سەرۆکی لقی سلێمانیی یەکێتی پاسکیلسواریی عێراقییە و، بەردەوام ئاستی تیپەکەی لە بەرزبوونەوەدایە ئەویش (لاڤان ئەحمەد)ی یاریزانی پێشووی پاسکیلسواری هەڵبژاردەی عێراقە، کە بۆ ماوەی دە ساڵ یاریی بۆ یانەی نەورۆز کردووە و خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستەیە لەگەڵ یانەی نەورۆز و هەڵبژاردەی عێراقی و بەشداریی چەندین پاڵەوانێتیی ئەورووپی و ئاسیایی کردووە، لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان لێ کرد، ئەویش بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی



*** بە شێوەیەکی گشتی ئاستی یاریی پاسکیلسواری چۆن دەبینیت لە شارەکانی کوردستان؟**

- لە ئێستادا دەتوانین بڵێین لە ئاستێکی باشدا نییە، ئەگەر باسی باشییەکەی بکەین. ساڵانە پاڵەوانێتیی پاسکیلسواری دەکرێتەوە لەسەر ئاستی عێراق و، یاریزانەکانیش بەشداری دەکەن، لە رووی باشنەبوونیش بەهۆی نەخۆشیی کۆرۆناوە و نەبوونی بودجەوە پاڵەوانێتی دەرەوە کەم بووەوە.

*** کەمیی پاڵەوانێتی تا چەند دەبێتە هۆکار بۆ ئەوەی ئاستی ئەم یارییە بەرەوپێش نەچێت؟**

- زۆر گرنگە یاریزان بەردەوام لە مەشقدا بێت لە یەك هەفتە شەش رۆژ بە بەردەوام مەشقی هەبێت، ئەگەر ئەم مەشقەی هەبێت، بەردەوام یاریزان ئامادە دەبێت بۆ خول و پاڵەوانێتیی دەرەوە، پێویستە پاڵەوانێتی زۆر بکرێتەوە لە ناوەخۆ بۆ ئەوەی یاریزان دانەنیشێت.

*** پێت باشە چی بکرێت بۆبەرەوپێشبردنی ئەم یارییە لە کوردستان بۆ ئەوەی بگاتە ئاستێکی بەرز؟**

-زیاتر پشتگیریی ئەو یانانە بکرێت کە یاریزانی تاکیان هەیە، چونکە ئەم یارییە ئەگەری زیاتری هەیە بۆ بەشداریکردن، لە پاڵەوانێتیی دەرەوە ئەنجامی باشتریشی دەبێت، ئێستاش یاریزانە کوردەکان کە بەشداری پاڵەوانێتیی دەرەوە دەکەن، ئەنجامیان باشە لە چاو یارییە بە کۆمەڵەکان، زیاتر پشتگیریی یاریزانان بکرێت بە مادی، یان بە خەڵات بۆ ئەوەی ئارەزووی زیاتریان هەبێت لە دەرەوەی عێراق.

*** گرفتی ئەم یارییە لە چیدا دەبینیت؟**

- گرفتی زۆر زەق ئەوەیە کە هەندێك کات هەندێك خەڵك دادەنرێت بۆ ئەو مەجالە، کە ئەم وەرزشەیان نەکردووە بۆ هەموو یارییەکان نەك یاریی پاسکیلسواری، پێویستە کەسانێك بێنە پێش، کە خۆیان لە یارییەکەدا بن و بزانن گرفتی یاریزانەکان لە چیدایە و بتوانن زیاتر خۆیان بەرەوپێش ببەن.

*** هەست ناکەیت ئەرکت قورس بووە، کە ئێستا بوویتە سەرۆکی لقی پاسکیلسواریی شاری سلێمانی؟**

- لە راستیدا کاتێك ئەرکێك، یان بەرپرسیارێتییەك وەردەگریت، بێگومان ئەرکت زۆر زیاتر دەبێت، سوپاسی هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە متمانەیان بە من بەخشی، تا بتوانم ببمە جێگەی متمانەی ئەوان بۆ خزمەتکردنی زیاتر و، بتوانم پاڵەوانێتیی زیاتر بکەمەوە و یارمەتیی ئەو کەسانە بدەم کە پێویستە زیاتر خزمەت بکرێن.

*** بە نیازی چیت بۆ داهاتووی خۆت وەکو بەرپرسی یەکەمی ئەو یارییە لە شاری سلێمانی؟**

- بەپێی ئەو توانا داراییەی کە بۆمان دانراوە هەوڵ بدەین چالاکییەکان رێك بخەین.

*** لەگەڵ ئەوەی یانەکانی کوردستان پشت بە راهێنەرانی بیانی ببەستن؟**

- بەڵێ بەدڵنیاییەوە لەگەڵ ئەوەم یانەکانی کوردستان پشت بە راهینەری بیانی ببەستن، چونکە ئەو راهێنەرانە زۆر بە توانان و دەتوانن هاوکاریی راهێنەری خۆمان بکەین، بۆ نوێبوونەوەی راهێنەرانیش پێویستە زانیاریی زیاتریش وەربگرین.

*** داواکاری و پێشنیارت بۆ لایەنی بەرپرسی وەرزشی چییە؟**

- زیاتر پشتگیریی یاریزانە بەتواناکان بکەن، کە توانای ئەوەیان هەیە لە پاڵەوانێتی عێراق و دەرەوش ئەنجامی باش بەدەست بهێنن، و بە پاسکیلی باش و لەرووی ماددی پشتگیرییان بکرێت، بۆ ئەوەی ئەم وەکو داهات وەرزش بکەن و سوودمەند بن لەم وەرزشە.

*** خەونی وەرزشیت چییە وەکو وەرزشکارێکی پاسکیلسواری؟**

- بەردەوام بم و پاڵپشتی ئەو کەسانە بکەم کە دەیانەوێت بێنە ناو یاریی پاسکیلسواری، جگە لەوەش ساڵانە من سەردانی قوتابخانەکان دەکەم بۆ ئەوەی باسی ئەو یارییەیان بۆ بکەم، هیوادارم خێزانەکان پشتیگریی کچەکانیان بکەن لەم یارییەدا بۆ هەر وەرزشێکی دیکە.

*** بۆچی کچان ژمارەیان کەمە لەم یارییەدا؟**

- **ئەگەر** بەراوردی بکەین بە ساڵانی پێشتر لە ئێستادا زۆر باشتر بووە و کچانی زیاتر روو لەم یارییە دەکەن، بۆ هاندانی کچانیش پیویستە راگەیاندنەکان بەرنامەیەکی تایبەت بکەن، بۆ وەرزشە جیاوازەکان بۆ ئاشنا بوونیان بەم وەرزشە.

*** پاڵەوانبوون لای تۆ چی دەگەیەنێت؟**

- پاڵەوان بوون ئەوە دەگەیەنێت بەرهەمت هەبێت و بتوانیت بگەیتە ئەو شوێنەی کە مەبەستە.

*** تێڕوانینی کۆمەڵگە چۆنە بۆ ئەم یارییە؟**

- لە چاو ساڵانی رابردوو باشترە، لە ئێستادا هۆشیاریی خێزانی بۆ وەرزش زۆر کەمە، بە تایبەتی بۆ وەرزشی پاسکیلسواری، رێنمایی ئەو خێزانانەمان کردووە، بۆ ئەوەی نەبنە رێگر بۆ رۆڵەکانیان.

*** ئامانجتان چییە بۆ سەرخستنی یاریی پاسکیلسواری لە یانەکەتان؟**

- ئامانجمان ئەوەیە هۆشیاریی ئەوە بڵاو بکەینەوە کەوا هاووڵاتی زیاتر وەرزش بکات، بە تایبەتی پاسکیل سواری، سوپاسی ئەندامانی یانەکەش دەکەم کە هاوکاریی زۆری تیپی پاسکیلسواریی یانەکەن.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

- زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان، بۆ ئەو هەموو خزمەتە بەردەوامە، هیوادارم ئێوەش زیاتر پشتگیریی ئەو کەسانە بکەن کە بەردەوام و بە دڵ وەرزش دەکەن.





# فاتی هەڕەشە لە یانەی بەرشلۆنە دەکات

ئانسۆ فاتی هێرشبەری ئیسپانی یانەی بەرشلۆنە بەهۆی کەم یاریکردن لە پێکهاتەی یانەکەی نارازییە و هەڕەشەی جیابوونەوە لە یانەکەیان دەکات.

ڕۆژنامەی وەرزشی سپۆرتی کەتەلۆنیا زانیاری دەستکەوتووە، خۆرخێ مێندیز بەڕێوەبەری کارەکانی ئەو یاریزانە، کارگێری بەرشلۆنەی ئاگادار کردووەتەوە، ئەگەر ئەو یاریزانە بەمشێوەیە دەرفەتی کەم یاریکردنی پێبدرێت و بانگهێشتی مۆندیالی قەتەر نەکرێت، ئەوکات هاوینی داهاتوو بیر لە جیابوونەوە دەکات.

سپۆرت بڵاویشی کردەوە جیابوونەوەی فاتی لە بەرشلۆنە وا ئاسان نییە، چونکە ئەو یاریزانە بەم دواییە گرێبەستەکەی لەگەڵ یانەکەی تاوەکو ساڵی ٢٠٢٧ نوێکردووە و مەرجی هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستەکەشی یەک ملیار یۆرۆیە.

ئانسو فاتی تەمەن ١٩ ساڵ، سەرەتا لە ئەکادیمیای یانەی ئیشبیلیە پێگەیشت، دواتر لە تەمەنی ٩ ساڵی ڕوویکردە بەرشلۆنە، لەگەڵ تیپی یەکەمی یانەکەی لە کۆی ٧٤ یاری، ٢٢ گۆڵ و ٩ ئاسیستی کردووە.

# پرۆژەی ڕۆناڵدۆ ئاشکرابوو

کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ لەگەڵ تێن هاگی ڕاهێنەری مانچستەر یۆنایتد ڕێککەوتووە، کە پابەندی هەموو ئەو پلانانە بێت، کە ڕاهێنەرە هۆڵەندییەکە پەیڕەوی دەکات لەولاشەوە ڕۆناڵدۆ لە ئێستاوە کار لەسەر هەنگاوەکانی داهاتووی خۆی دەکات، لەم پێناوەشدا کارە بازرگانییەکانی لە پورتوگال زیاتر کردووە.

کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ لە هاوینی ڕابردوو هەوڵەکانی بۆ جێهێشتنی مانچستەر یونایتد دەستپێکرد، بەڵام هیچ ئۆفەرێکی دڵخوازی لە یانە بەشداربووەکانی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا پێنەگەیشت، بۆیە بە ناچاری لە ریزەکانی شەیتانە سوورەکان مایەوە.

بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی سەنی بەریتانی، کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ لە هاوینی داهاتوو لەگەڵ تەواوبوونی گرێبەستەکەی، ڕاستەوخۆ مانچستەر یۆنایتد جێدەهێڵێت و دەگەڕێتەوە یانەی سپۆرتینگ لیشبوونە پێشووی، کە پێشتر لەم یانەیە سەرەتای کاروانی وەرزشی دەستپێکردووە، بۆ ئەم مەبەستەش ڕۆناڵدۆ دەستی کردووە بە دروستکردنی کۆشکێکی گەورە لە پورتوگال، کە بەهایەکەی دەگاتە ١١ ملیۆن یۆرۆ، لە ئێستادا لە قۆناخی دروستکردن دایە و پێشبینی دەکرێت لە کۆتایی ئەمساڵ کارەکانی تەواو بێت، بەمەش دەبێتە گرانترین باڵەخانە لە پورتوگال، چونکە بەهایەکەی بۆ ٢١ ملیۆن یۆرۆ بەرز دەبێتەوە، ئەم کۆشکەش تەنیا ٤٠ خولەك لە شاری لیشبوونە دوورە.

کریستیانۆ ڕۆناڵدۆ جگە لە کۆشکە نوێیەکەی، خاوەنی چەندان پرۆژەی دیکەی وەبەرهێنانە لە وڵاتەکەی، خاوەنی زنجیرەیەك هۆتێل و هۆڵەکانی وەرزشی و سەنتەری چاندنی قژ، جگە لەوەش لەگەڵ چەندان کۆمپانیای گەورە پشکی هەیە و لە بوارەکانی جلوبەرگ و دیزاین و ستایل داهاتێکی زۆری دەستدەکەوێت.



# ئەستێرەیەک پەیوەندی بەخولی ئەمەریکا دەکات

داڤید ئۆرنیستن رۆژنامەنووسی بەریتانی ئاشکرای کردووە، کە بەرەوپێشچوونی زۆر لە رازیکردنی لیۆنێل مێسی رۆیشتووە بۆ ئەوەی پەیوەندی بە خولی ئەمریکی بکات.

داڤید ئۆرنیستن پێشتر بۆ ماوەی ١٢ ساڵ رۆژنامەنووسی وەرزشی بووە لە کەناڵی BBCـی بەریتانیا، ماوەی ٣ ساڵیشە پەیوەندی بە کەناڵی ئەتلەتیکی بەریتانی کردووە و لە دۆخی زۆربەی یاریزانەکانی ئەوروپا نزیکە.

ئەم رۆژنامەنووسە بۆمبێکی بەناوهێنانی لیۆنێل مێسی تەقاندەوە و رایگەیاندووە، کە ئەنتەر میامی چاوەڕێی وەڵامی لیۆنێل مێسی دەکات بۆ ئەوەی بە گرێبەستەکەیان رازی بێت.

بە گوێرەی هەمان سەرچاوە، ئەنتەر میامی ئەمریکی، کە خاوەنەکەی دیڤید بێکهامی ئەستێرەی پێشووی ئینگلیزییە متمانەی زۆری بە گواستنەوەی لیۆنێل مێسی هەیە و گەشبینە دەتوانن لە وەرزی داهاتوو رێککەوتنێکی مێژوویی بکەن.

داڤید ئۆرنیستن یەکێکە لە دیارترین پەیامنێرە وەرزشییەکانی بەریتانیا و پەیوەندی نزیکی لەگەڵ دیڤید بێکهام هەیە، جەخت لەوە دەکاتەوە، کە خەونی بێکهام گواستنەوەی لیۆنێل مێسییە و لە هەوڵەکانی بەردەوامە.

بە گوێرەی سەرچاوە میدیاییەکانی ئەوروپا، یانەی پاریس سانت جێرمان دەیەوێت گرێبەستی لیۆنێل مێسی نوێبکاتەوە، لە لایەکی دیکەشەوە یانەی بەرشلۆنە دەیەوێت ئەو یاریزانە بگەڕێنێتەوە، بەڵام هێشتا مێسی هیچ قسەیەکی لە بارەی چارەنووسی خۆینەکردووە و هەموو شتێکی بۆ دوای مۆندیالی ٢٠٢٢ هەڵگرتووە.

مێسی تەمەن ٣٥ ساڵ، لە هاوینی ٢٠٢١ گرێبەستەکەی لەگەڵ بەرشلۆنە تەواوبوو و بە گرێبەستێکی ئازاد و بە بەهای ٨٠ ملیۆن یۆرۆ روویکردە یانەی پاریس سانت جێرمان، ئەم وەرزە لەگەڵ یانەکەی لە کۆی ١٧ یاری ١٢ گۆڵ و ١٣ ئاسیستی کردووە.



# یانەی کەرکووک یاریگە و بارەگای وەرنەگرتووەتەوە



لە دوای رووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر تاکو ئێستا یانەی وەرزشیی کەرکووك نە یاریگەی تایبەت بە یانەکەی و نە بارەگای دەستەی کارگێڕیی تیپەکەی وەرنەگرتووەتەوە و، بڕیارە لەگەڵ پێکهاتنی حکومەتی تازەی عێراقی ئەم شوێنانەش وەربگرێتەوە، یانەی وەرزشیی کەرکووکیش تاکو ئێستا یاریگەی تایبەت بەخۆی نییە و، بۆ مەشقەکانی تیپەکەش یانەکە یاریزانانی دەباتە یاریگەیەکی دیکە، بۆ خۆئامادەکاری، لەم بارەشەوە نەوزاد قادر سەرۆکی یانەی وەرزشیی کەرکووك بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێمە تاکو ئێستا کێشەی یاریگە و بارەگاکانمان هەیە، کە لە دوای رووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر دربراین و وەرمان نەگرتووەتەوە و دەستی بەسەردا گیراوە، چاوەڕێین لە دوای پێکهاتنی حکومەتی نوێی عێراق و گەڕانەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ شاری کەرکووك، بارەگاکانمان وەربگرینەوە و دووبارە دەست بە مەشقەکانمان بکەینەوە و تیپەکان رێك بخەینەوە»، نەوزاد قادریش گوتیشی: «لەو بڕوایەدام بارودۆخی کەرکووك ئاسایی ببێتەوە و بارەگاکان بکرێنەوە و ئێمەش یاریگە و بارەگاکانمان وەربگرینەوە، لەو رێککەوتنانەی کە هەیە لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و عێراق، باسی داگیرکردنی هەموو بارەگاحزبی و بارەگا وەرزشییەکان و یاریگەکانی وەرزشی کراوە، جگە لەو کەلوپەلانەی کە دەستی بەسەردا داگیراوە، ئێستاش تیپەکانمان هەمووی ئامادەن و بە سوپاسەوە لە یاریگەکانی دیکەی یانەکانی سەورە و خاك و چالاکیی وەرزشیی مەشق دەکەن، تیپی تۆپی دەستمان بەشدارە لە خولی نایابی تۆپی دەستی کوردستان، چالاکییەکانمان راناگرین، بەڵام خۆشتان دەزانن کەوا مەرجیش هەیە بۆ بەشداریکردن لە چالاکییە وەرزشییەکاندا، دەبێ یاریگەکانیش نیزامی بێت، کۆمەڵێك مەرج هەیە لە هیچ یاریگەیەکی کەرکووك نییە، کێشەی وەرزشیی کەرکووك زۆرە، رەنگە ئەوەی لە نزیکەوە نەبێت رەنگە نەزانێ چی هەیە، بەهیوای ئەوەین دوای وەرگرتنەوەی بارەگا و یاریگاکانمان ئامادەکارییەکانمان باشتر بکەین و بە شێوەیەکی باشتر دەربکەوین».

# یاریزانانی شەترەنجی خانزاد ئەنجامیان بەرچاو بوو



لە دیمەشقی پایتەختی وڵاتی سووریا بە بەشداریی هەریەك لە وڵاتانی عێراق و ئەردەن و فەلەستین و یەمەن و سووریا و لیبیایە، پاڵەوانێتیی شەترەنجی وڵاتانی عەرەبی بۆ ئاستەکانی تەمەن (١٢-١٤-١٦-١٨-٢٠)ساڵ لە سەر ئاستی تاك ئەنجام درا، سێ یاریزانی تیپی شەترەنجی یانەی وەرزشیی خانزاد بەشداربوون لەم پاڵەوانێتییە، هەریەك لە یاریزانان سارا مەسعوود محەمەد، پەروا پشتیوان، ئاریکار ئومێد بەشدارییان کرد لە یارییەکانی ئاستە جیاوازەکان، لەم پاڵەوانێتییەشدا یاریزانە کوردەکان توانیان ئاستێکی بەرز پێشکەش بکەن و کێبڕکێ بکەن لەسەر بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە، هەریەك لە یاریزانان (سارا مەسعوود پلەی دووەم و مەدالیای زیو، پەروا پشتیوان پلەی سێیەم و مەدالیای برۆنز)ی بەدەست هێنا، لە بارەی بەشداریکردنیش لەم پاڵەوانێتییە دیار حەمە ساڵح ئەندامی دەستەی کارگێڕیی یانەی وەرزشیی خانزاد بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «توانیمان بەشداریی ئەو پاڵەوانێتییە بکەین، ئاستی پاڵەوانێتییەکە زۆر بەرز بوو و یاریزانانی ئێمەش توانیان ئاستی باش پێشکەش بکەین، هەرچی لە توانامانادا بێت، بۆ خزمەتکردنی یانەکەمان ئەنجامی دەدەین، بۆ ئەوەی یاریزانەکانمان بگەنە لووتکەی یانەکانی عێراق و عەرەبیش».

# یانەی هەندرێن هەوڵی باشتربوون دەدات



تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی هەندرێن ئەم وەرزە بە پێکهاتەیەکی تۆکمەی پڕ لە یاریزانی لاو و بەئەزموون بە سەرپەرشتی دڵشاد مەعرووفی راهێنەری یانەکە، تیپەکە چووەتە نێو کێبڕکێیەکانی وەرزی نوێی خولی نایابی یانەکانی کوردستان، تیپەکە ئەم وەرزە چاوی لە ئەنجامی شایستەیە و لە سێ یاریی رابردووش ئاستی وەکو پێویست بووە لە خولی نایابی کوردستان، لەم بارەشەوە دڵشاد مەعروف راهێنەری تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی هەندرێن بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئامادەکارییەکانمان بەردەوامە بۆ یارییەکانی خولی نایابی یانەکانی کوردستان، ئەم وەرزە بە پێکهاتەیەکی تۆکمە بەشدارین لە یارییەکان، یاریزانەکانمان بە رۆحییەتێکی بەرزی وەرزشییەوە یاری دەکەن، هەموومان بە یەك دەست چاومان لەوەیە ئەنجامی باش بەدەست بهێنین»، لە بارەی گرفتەکانیش راهێنەری تیپی تۆپی پێی یانەی وەرزشیی هەندرێن گوتی: «هیچ کێشەو گرفتێکمان نییە و سوپاسی دەستەی کارگێڕیی یانەکەمان دەکەین، کە هەموو کات پاڵپشتی تەواوی تیپەکەن، بۆ ئەوەی ئاست و ئەنجامی باش بەدەست بهێنین»، هەروەها گوتیشی: «تیپەکانی ئەم وەرزە هەموویان چاویان لەوەیە ئاست و ئەنجامی باش بەدەست بهێنن و کێبڕکێی تۆکمە هەیە لە نێوان یانەکان، بۆ ئەوەی بگەنە لووتکەی تیپەکان، ئەوەی لە سەر ئێمەشە، دەمانەوێت ناوی یانەی هەندرێن بەرز بکەینەوە و کێبڕکێ لە سەر بەدەستهێنانی ئەنجامی گەورە بکەین لە وەرزی ئەمساڵ و، لەوەش زیاتر لە یاریزانەکان چاوەڕێ دەکەم».

# پێویستە سەبارەت بە ڤیتامین E چی بیزانیت؟



# ئازاری پاشنەی پێ

ئازاری پاشنەی پێ Heel pain زیاتر لە ئەنجامی فشاری زۆر لەسەر ئێسکی پاشنەی پێ و شانەکانی دەوریدا پەیدا دەبێت، بۆنموونە لە ئەنجامی زەبر، زیاد پیادەڕۆیی یان راکردن، کەفشی تەسك و نادروست، هەروەها کێشی زیاد و قەڵەوی. زەبر و فشار لەسەر پاشنەی پێ دەبێتە ئەگەری هەوکردنی ژێی ماسوولکەی پاشنەی پێ یان شانەکانی بەری پێ، هەروەها بە تێپەڕبوونی کات لەوانەیە کە ببێتە هۆی دروستبوونی ئێسکی زیاد Bone spur لە پاشنەی پێدا. لە لایەکی دیکە نەخۆشیی هەوکردنی رۆماتۆیدی جومگە، نەخۆشیی گاوت Gout لەبەر زیادبوونی رێژەی ترشی یۆریك، هەوکردنی ئێسك، نەخۆشیی شەکرە، هەوکردنی جومگەی گۆزرینگ، هۆکارن بۆ ئازاری پاشنەی پێ. هەنگاوەکانی چارەسەرکردنی: حەسانەوە و دوورکەوتنەوە لە پیادەڕۆیی زیاد و وەستان بۆ ماوەیەکی زۆر، ئەنجامدانی مەشقی گورجکردنی ماسوولکەکانی قاچ، دانانی کەمادەی سارد، بەستنەوەی پاشنەی پێ بە باندێجی لاستیکی، کەفشی تایبەت، لەگەڵ بەکارهێنانی دەرمانی دژەئازار و کەمکردنەوەی هەوکردن، نەشتەرگەری زۆر بە دەگمەن و تەنیا لە هەندێك حاڵەتی تایبەتدا پێویست دەبێت.



ڤیتامین E خانەکانی لەش لە فشاری ئۆکسان Oxidative stress دەپارێزێت، هەروەها بەرەنگاری میکرۆبەکان دەبێتەوە هاوکات لەگەڵ ڕێگرتن لە مەیینی خوێن لە ناو بۆڕییەکانی خوێندا. سەرچاوە خۆراکییە دەوڵەمەندەکانی ڤیتامین E: گوڵەبەڕۆژە، گەنم، زەیتی گەنمەشامی، زەیتی پاقلەی سۆیا، هلیۆن، ئاڤۆکادۆ، کاکڵەکان، بەتایبەتی گوێز و باوی و کازو. بە گشتی زۆربەی خەڵك بڕی پێویستی ڤیتامین E لە خۆراکی ڕۆژانەیاندا وەردەگرن، پێویستیی ڕۆژانەی ڤیتامین E بۆ تەمەنی ١٤ ساڵ و بەسەرەوە بریتییە لە ١٥ ملگم (٢٨,٤ یەکەی جیهانی). کەمیی ڤیتامین E زیاتر لەو کەسانەدا بەدی دەکرێت کە گرفتیان لە کۆئەندامی هەرسدا هەیە، کە ڕێگە لە هەڵمژینی ئەم ڤیتامینە دەگرێت. کەمیی ڤیتامین E دەبێتە ئەگەری ئەم نیشانانە: تێکچوونی هەماهەنگیی نێوان جووڵەی ماسوولکەکانی لەش، تێکچوونی هاوسەنگیی لەش Ataxia، کزبوونی سیستمی بەرگریی لەش، ئازار و بێهێزبوونی دەست و پێیەکان لەبەر هەوکردنی دەمارەکانی دەوروبەر، هەروەها گرفت لە بینیندا. ڤیتامین E لە دەرمانەخانەکاندا بە شێوەی کەپسول دەست دەکەوێت کە ٩٠ ملگم واتە ٢٠٠ یەکەی جیهانی و ١٨٠ ملگم یان ٤٠٠ یەکەی جیهانی لەخۆدەگرن و، پێویستە تەنیا بە ڕێنمایی دکتۆر بەکار بهێنرێن.



# نیگەرانیی قوتابی لە یەکەم ساڵی زانکۆدا



نیگەرانی لەگەڵ چوونە زانکۆدا حاڵەتێکی ئاساییە و باوە لە نێو قوتابیانی نوێی زانکۆکاندا Freshmen، هەندێکیان بڕیار دەدەن کە بەشەکانیان بگۆڕن، یان بچنە زانکۆ و کۆلێژی دیکە. زۆربەی هەرە زۆری قۆتابییانی نوێی زانکۆ هەست بە نیگەرانی و دوودڵی دەکەن لەگەڵ دەستپێکی ساڵی یەکەمدا، لەوکاتەی کە قوتابی دەگاتە ئەو قۆناغەی کە ناچار دەبێت لەسەر پێیەکانی خۆی بوەستێت و پشت بە خۆی ببەستێت. چوونە زانکۆ هەنگاوێکی تا ڕادەیەك نیگەرانبەخش و پڕ سترێسە، بۆ کەمکردنەوەی نیگەرانیی ساڵی یەکەمی زانکۆ و ساڵەکانی دواتر، قوتابیان دەتوانن بە پەیڕەوکردنی ئەم هەنگاوانە نیگەرانی و سترێس تا ڕادەیەکی بەرچاو کەم بکەنەوە: لە زانکۆدا سەدان کەس لە قوتابی و مامۆستا و ستاف دەبینیت و درك دەکەیت کە هەموویان ئامادەن بۆ یارمەتیدانت و هەرگیز هەست بەمە ناکەیت کە تەنیایت، بۆیە هەوڵ بدە کە لێیان نزیك ببیتەوە، پابەندبە بە کاتەکانی دەوام و تاقیکردنەو و کۆبوونەوەکان، هەوڵ بدە کە بۆ زۆربەی زانیارییەکان پشت بەخۆت ببەستیت، بەشداری بکە لە هەموو چالاکییەکانی زانکۆ و کۆلێژەکەتدا، گرنیدان بە تەندروستیت هەرگیز لەبیر نەکەیت، بەتایبەتی خۆراکی دروست و مەشقی وەرزشی لەوکاتەی کە دوچاری هەڵبەزین و دابەزینی مەزاج دەبیتەوە، بەشدار بە لە یانەی قوتابیان بۆ فراوانکردنی پەیوەندییەکانت بە مەبەستی سووککردنی سترێس.



# زیاد دانیشتن شەکری خوێن بەرز دەکاتەوە

لە نوێترین لێکۆڵینەوەدا هاتووە کە زیاد دانیشتن هاندەرە بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی شەکری خوێن و زیادبوونی ئەگەری توشبوون بە نەخۆشیی شەکرەی جۆری دووەم. ئاماژە بەمەش کراوە کە هەڵسانەوە و پیادەڕۆیی بۆ ماوەی پێنج خولەك لەگەڵ هەر ٣٠ خولەك دانیشتندا، هەنگاوێکی ئاکتیڤە بۆ خۆپاراستن لەم ئەگەرە، بۆنموونە دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ئاستی شەکری خوێن تا ڕێژەی ٥٪ و کەمبوونەوەی ئاستی هۆرمۆنی ئینسولین تا ڕێژەی ٢٠٪ بەتایبەتی لەو کەسانەدا کە پیادەڕۆیی زیاتر لە دانیشتن ئەنجام دەدەن. لە لێکۆڵینەوەیەکی زانکۆی کالیفۆرنیا هاتووە کە زیاد دانیشتن جگە لە بەرزبوونەوەی ئاستی شەکری خوێن، هاندەرە بۆ نیشتنی بڕی زیادی چەوری لە دەوری دڵدا، هەروەها زیادبوونی کێشی لەش و قەڵەوی، زیادبوونی چەوریی لە دەوری کەمەردا، زیادبوونی ئاستی کۆلیستیرۆڵی خوێن و زیادبوونی ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ، ئازاری جومگەی نێك لەگەڵ ئازاری پشت. زانا و پسپۆڕانی ئوسترالی ڕوونیان کردووەتەوە کە ڕۆژانە دانیشتن بۆماوەی چوار کاتژمێر یان زیاتر، بە زیاد دانیشتن هەژمار دەکرێت و ریسکی تەندروستیی هەیە، هەر چەند ماوەی دانیشتن زیاتر بێت، هێندە ریسکە تەندروستییەکان زیاتر دەبن، بۆیە واباشە کە دانیشتن لە ماوەی ٢٤ کاتژمێردا هەرگیز لە ٤ کاتژمێر زیاتر نەبێت.

# کاتی گونجاو بۆ بەکارهێنانی ڤیتامینەکان

ئەگەر لەبەر هۆکاری تەندروستی دکتۆر بڕیاری لەسەر بەکارهێنانی ڤیتامین داوە، جا یەك جۆر یان چەند جۆر ڤیتامینێك بەیەکەوە، ئەوا پێویستە بەمەبەستی پێکانی باشترین ئەنجام و کەمترین زیانی لابەلا، بە کاتی گونجاوی بەکارهێنانیان ئاشنا بیت. کەپسولی مەلتی ڤیتامین Multivitamins لەبەرئەوەی کە تێکەڵاوێکی هەموو ئەو ڤیتامینانەیە کە لە ئاو و لە چەوریدا دەتوێنەوە، بەمەبەستی هەڵمژینی تەواو لە کۆئەندامی هەرسدا واباشترە کە لەگەڵ ژەمێکی سەرەکیی خۆراکدا وەربگیرێن، بۆنموونە لەگەڵ، یان راستەوخۆ پاش ژەمی بەیانی، یان ژەمی نیوەڕۆ، کە ژەمی گەورەن و خۆراکی جۆراوجۆر و چەوری لەخۆدەگرن، کە پێویستە بۆ توانەوەی ئەو ڤیتامینانەی کە تەنیا لە دەوروبەری چەوریدا دەتوێنەوە، ئینجا هەڵدەمژرێن، وەکو ڤیتامین A، D، E، K. لە لایەکی دیکە وەرگرتنی کۆمەڵە ڤیتامینەکانی B لەگەڵ ژەمی بەیانیدا گرنگە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی وزەی لەش و میتابۆلیزم، کە ئەگەر لەگەڵ ژەمی ئێوارە، یان پێش نووستن وەربگیرێن، ئەوا دەبنە ئەگەری شێواندنی خەو. بە گوێرەی ئەو ڤیتامینانەی کە لە ئاودا دەتوێنەوە وەکو ڤیتامینەکانی B و C، ئەوا دەتوانرێت کە لە هەر کات و ساتێکدا لەگەڵ خۆراك، یان لەسەر گەدەی بەتاڵ بەکار بهێنرێن.




# گواستنەوەی سییەکان تا چەند سەرکەوتووە؟

گواستنەوەی سییەکان Lung transplant بریتییە لە لابردنی ئەو سییەی کە دوچاری نەخۆشیی سەخت بووە و جێگیرکردنی سییەکی تەندروست لە شوێنیدا، کە لە کەسێکی خۆبەخش وەردەگیرێت پاش مردنی. دەکرێت کە نەشتەرگەریی گواستنەوەی سییەکان لە نزیکەی هەموو تەمەنێکدا ئەنجام بدرێت، هەر لە منداڵی تازەبووەوە تا دەگاتە تەمەنی ٦٥ساڵی و هەندێك جار زیاتریش. لەبەر ناسکیی شانەی سییەکان، رێژەی سەرکەوتن و ژیانی ئاسایی پاش گواستنەوەی سییەکان وەکو ئەندامە پتەوەکان بەرز نییە و بە تێکڕایی دەگاتە نزیکەی ٥ ساڵ بە رێژەی تەنیا ٥٠-٦٠٪، ئەگەرچی کەسێك بە ناوی پۆول Paul لە کالۆیفۆرنیا پاش ئەوەی کە گواستنەوەی یەکێك لە سییەکانی بۆ ئەنجام درا، تا ٣٠ ساڵ ژیانێکی تەندروستی بەسەربرد. هۆکاری سەرەکیی سەختی و سنوورداربوونی نەشتەرگەیی گواستنەوەی سییەکان بریتییە لە کەمیی ژمارەی کەسانی خۆبەخشی سییەکان، کە پێش مردن بڕیاری فەرمیی بەخشینی ئەندامەکانیان دابێت و پشکنینی شانەزانییان بۆ کرابێت، بە مەبەستی گونجان لەگەڵ کەسانی نەخۆش، کە پێویستییان بە یەك یان دوو لە سییە تەندروستەکان هەیە. بەراورد لەگەڵ گواستنەوەی ئەندامەکانی دیکەی لەشدا، رەتکردنەوەی درێژخایەن Chronic rejection گەورەترین گرفتە پاش نەشتەرگەریی گواستنەوەی سییەکان.





## سپیکەری حەمام بە ئـ

ئەگەر یەکێك دەنگی ناخۆش بێت و گۆرانی بڵێت، دەڵێن برۆ لە حەمام گۆرانی بڵێ. لەسەردەمی دیجیتالی نوێدا وای لێهاتووە، حەمام خۆی گۆرانیت بۆ بڵێ. سپیکەرێکی تایبەت دروستکراوە کە لە ڕەشاشەی حەمام دەخرێ و لەگەڵ خۆشوردندا گۆرانیش گوێ لێبگرە.

بۆ سوود وەرگرتن لە سپیکەری جۆری Shower Speaker پێویست بە بارگاوی کردن ناکات و هەر بە ئاوی حەمامەکە بارگاوی دەبێتەوە. بەهۆی بلوتوسەوە لەگەڵ مۆبایل یا هەر ئامێرێکی دیکە پەیوەند دەدرێت. چەند گلۆپێکی ڕەنگاورەنگی جۆری LED تێدایە

## کامێرای کـ



باڵندەی کوندەپەپۆ چاوەکانی لە باڵندەکانی دیکە جیاوازە، تیژتر و وردبینترن. بەهەر چواردەوری خۆیدا سەری دەسووڕێنێ. کامێرای جۆری Meeting Owl3 کامێرایەکی ٣٦٠ پلەییە، وەك چاوەکانی کوندەپەپۆ دەچێت و ناوەکەشی واتە کۆبوونەوەی کوندەپەپۆ.

کامێراکە فوول ئیچ دییە. کامێرای زیرەکە و بەکارهێنەرەکەی دەناسێتەوە. فۆکسی



## پایسکل هەم لـ

کۆمپانیایەکی نیوزلەندی پایسکلێکی ئەلکترۆنی بەرهەم هێناوە، جیاوازی هەیە لەگەڵ گشت پایسکلێك تا ئێستا بەرهەم هاتوون، پایسکلەکە تایبەتمەندی و دیزاینەکەی ناوازەیە. پایسکلی جۆری (Hydrofoiler SL3) هەم لە وشکایی دا دەڕوات و هەم لە ناو ئاودا. بەڕێوەبەری بەرهەمهێنی کۆمپانیای

## ...او بارگاوی دەبێت

دیزانینی سپیکەرەکەیان ئاوازە کردووە. جگە لەوەی بە ئاوی حەمام شەحن دەبێتەوە دەکرێت بە کارەباش شەحن بکرێتەوە. بەشێوەی خۆکار هەڵدەبێت و بەشێوەی خۆکاریش دەکوژێتەوە. خاڵی جێگای سەرنج لە سپیکەرەکەدا ئەوەیە بەهۆی ئایپێکەوە کە تایبەتە بە سپیکەرەکە ڕێژەی ئاوی بەکارهاتوو و هەروەها گەرمی ئاوەکە لەسەر مۆبایل نیشان دەدات، هەر بە هۆی ئەو ئاپەوە دەکرێت کۆنتڕۆڵی گڵۆپەکان بکرێت.

## ...وندەپەپۆ

خۆکارە و بڵندگۆ و زوومی سمارتە. کامێراکە تایبەتە بە کۆبوونەوەکان.

بۆ نموونە لە هۆڵێکدا لە هەموو لایەك خەڵك دانیشتووە، کامێراکە هەموو کەسەکان نیشان دەدا و کاتێك یەکێك دەدوێ ڕاستەوخۆ بەشێوەی زیرەك فۆکس دەخاتە سەر ئەو کەسە. دەنگی کامێراکەش ٣٦٠ پلەیە و زیاتر لە ٥مەتر لە دەوروبەری خۆی دەنگ دەداتەوە. کامێراکە هەم بۆ کۆمپیوتەر و هەم بۆ مۆبایل و تەبلێت دەبێت.

لەگەڵ گشت پرۆگرامەکانی تایبەت بە ڤیدیۆ کۆنفرانس دەگونجێت. لە ماوەی سیمینار و کۆبوونەوەکاندا ڕاستەوخۆ فۆکس دەخاتە سەر کەسێك و دەکرێت لەیەك کاتدا فۆکس بخاتە سەر چوار کەس.

## وەرگێڕە بچووکەکان

دەڵێن چەندە زمانان بزانی ئەوەندە مرۆڤەی! مرۆڤ هەتا زمان بزانێ لە ژیاندا و کاروباری ڕۆژانەیدا سەرکەوتووترە. هەرچەندە لەم سەردەمەدا بەهۆی تەکنەلۆژیای دیجیتاڵییەوە کارئاسانییەکی زۆر کراوە و مرۆڤ زمانیش نەزانێت، دەتوانێت کاروباری ڕۆژانەی لە هەر شوێنێکی گۆی زەوی بەڕێوە بەرێت.

وەرگێڕە بچووکەکان ئەو ئامێرانەن کە ئەرکی وەرگێڕان لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە دەکەن، زمانی هەردوو لا وەردەگێڕن. بۆ نموونە پێنووسی وەرگێڕ و خوێندنەوەی جۆری NEWYES کە هەم دەقەکان دەخوێنێتەوە و هەم دەقەکان وەردەگێڕێتەوە. سکانێرێکی بچووکی ١٦ گیگابایتییە. OCRی ١١٢ زمانی تێدایە. هەم وەردەگێڕێتەوە و هەم دەخوێنێتەوە. قەوارەکەی هەر بەقەد قەڵەمێکی ئاساییە بەڵام تۆزێك پانترە. کاری هەر وەرگێڕان و خوێندنەوە نییە، بەڵکو دەتوانێت لە خولەکێك دا ٣٠٠٠ کاراکتەر سکان بکات بۆ زمانی ئینگلیزی بە هەردوو شێوەی ئەمەریکی و ئینگلیزی دەیخوێنێتەوە. بۆ ١١٢ زمان وەردەگێڕێت. لەگەڵ ئینتەرنێت پەیوەند دەدرێت و پشتیوانی لە سیستەمی ئەندرۆید دەکا. لە کاتی خوێندنەوەدا ئەو دەقانەی بۆ بەکارهێنەر گرنگن بە یەك دوگمە تۆماری دەکات و تا دواتر بەکارهێنەر بەکاری بێنێتەوە.




## ...ە نێو ئاودا دەڕوات و هەم لە وشکانی

پایسکلەکە دەڵێت، بەکارهێنەر بەر لە لێخوڕینی پێویستی بە ٤٠ خولەك ڕاهێنانە.

پایسکلەکە لە کاربۆن فایبەرو ئەلەمینیۆم دروستکراوە. درێژییەکەی ٢مەتر زیاترە. بەرزییەکەی نزیك بە مەتر و نیوێك دەبێت و کێشی ٤٠ کیلۆیە. پایسکلەکە لە وشکایشدا پایسکلێکی ئاساییە. خێرایی ڕۆیشتنی لەناو ئاودا ٢٠ کیلۆمەتر لە کاتژمێرێکدایە. دەکرێت هەتا چوار کاتژمێر و نیو بەبێ بارگاوی کردنی باترییەکانی پایسکلەکە لە ئاو و لە وشکانیدا بازۆی.

شاشەیەکی لەسەرە کە ڕێژەی باتری، هەستەوەرەکانی بەربوونەوە نیشان دەدا. کاتێکیش بکەوێتە ناو ئاوەوە دەستبەجێ کارەباکەی لەسەر لادەچێت.



# کۆنترۆڵی گەیمی ئەلکترۆنی لەشێوەی دەمانچە

بەکارهێنەری یارییە ئەلکترۆنییەکان حەز دەکەن کاتێك یاری دەکەن، ڕێك هەمان کاراکتەری ئەو کەسەیان هەبێ لە ناو یارییەکەدایە و یارییەکە واقیعیتر بکەن. ریمۆت کۆنترۆڵی جۆری PG-9057 iPega Gun Game هەمان ئەو چێژەت پێدەبەخشێ کە لە یارییەکەدا هەیە. ڕێك وەك چەکێکی واقیعی لە ناو دەستتدایەو سێرە دەگری و دەیتەقێنی. بە سووڕاندنی چەکەکە بۆ هەر لایەك، کاراکتەری ناو یارییەکەش هەر بۆ ئەو لایە دەسووڕێت، ڕێك وەك خودی بەکارهێنەرەکە. کاتێك یاری لەسەر شاشەیەکی وەك تیڤی دەکەی لە چ گۆشەیەکەوە تەقە لە کاراکتەری یارییەکە دەکەی لەناو یارییەکەشدا ئاوایە. تەواو هەست بەوە دەکا لەناو شەڕێکی ڕاستەقینەدایە. دەکرێ بە پێوە بە دانیشتنەوە بە هەر جۆرێك حەزت لێیە یاری بکەی. بە ئاسانی مۆبایل یا تەبلێتی لەسەر دادەنرێ. بە دوو کاتژمێر بارگاوی کردن دەکرێت هەتا ٢٥ کاتژمێر کاری پێبکرێت.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت نازانم هۆکاری چییە Gmailم ناکرێتەوە؟**

خوێنەری بەڕێز زۆر هۆکار هەن بۆ ئەوەی جیمەیل نەکرێتەوە. یەکێك لە هۆکارەکان ئەوەیە بە وێبگەڕی google مەیکەوە و بە وێبگەڕی ئۆپێرا بیکەوە. هۆکارێکی دیکە ڕەنگە ئەوە بێت پێشووتر ئاگاداری کردبیەوە کە مەترسی بۆ جیمێلەکەت هەیە و پاسۆردەکەت بگۆڕە، بەڵام تۆ گوێت پێنەداوە. لەکاتی وادا پێویستە پاسۆرد بگۆڕی. هۆکارێکی دیکە هەیە پەیوەندی بە خودی جیمێلەوە هەیە و ڕەنگە کێشەی بۆ هاتبێتە پێش، ئەوکاتە نەك هی تۆ بگرە هی زۆر کەس ناکرێتەوە. بە هەڵە لێدانی پاسۆرد بۆ چەندەمین جار هۆکارێکی دیکەی نەکرانەوەی جیمێلە هەتا ئەگەر پاسۆردەکەش بە دروستی لێبدرێ. دەبینی کە گرفتێکی ئاوا بچووك چەندین هۆکاری هەیە و دەبێ هۆکارەکان تاقی بکەیەوە.

# مێزی دیجیتالی بەفرگریشە

مێزی پێشوازی واتە ئەو مێزەی کە لەماڵەوە لە پەنا مۆبڵەکان دادەنرێ، هەتا ئێستا بریتییە لە مێزێکی دار یا مێزێکی شووشەیی. مێزی پێشوازی دیجیتالی جۆری Sobro زۆر تایبەتە، هەم بەفرگری هەیە و هەم سپیکەر و پلاکی کارەبایی و گلۆپی ئیل ئیدی و شەحنکردنەوەی ئامێرەکان...

زۆر جێگای سەرنجە کاتێك مێزێك لە پێشوازی میوانەکان دادەنێی، پێویست ناکات بچی لەناو بەفرگر (سەلاجە) شەربەت و ساردی و کێك بێنی، هەر دەرگای مێزەکە بکەوە، هەموو ئەو شتانەی بۆ پێشوازی میزان پێویستن تێیدایە. یا میوانەکانتان پێویست ناکات بۆ شەحنکردنەوەی مۆبایل یا کامێراکەی بە دوای پلاکی کارەبا یا وایەری شەحنکردنەوەدا بگەڕێت لە مێزەکەدا ئەوانە هەن. دەکرێت لە ڕێگای بلوتوسەوە موبایل یا ئامێرەکانی مۆسیقی بە سپکەری مێزەکە پەیوەند بکەی و گوێ لە گۆرانی بگری.





# خوێندنەوە لەوەی ئاسانتر چ دەبێ؟

تەبلێتە کتێب خوێنەکان دەرگایەکی نوێیان لە خوێندنەوەدا کردەوە، ئیدی خوێندنەوەیان لە بازنەی کلاسیك هێنایە دەر بۆ خوێندنەوەی دیجیتالی. خوێنەر پێویستی بەوە نییە سەدان کتێب لە کتێبخانەکەی دا رابگرێ، ئامێرێکی Kindleی ئامازۆن بەسە بۆ هەڵگرتنی کتێبخانەیەکی هەزاران کتێبی. کتێبەکان هەر وەك کتێبی ئاسایی بە پەنجەی دەست لاپەڕەکانی هەڵدەدەیەوە. ئێستا ئامێرۆکەی SK SYUKUYU خوێندنەوەی لەوەش ئاسانتر کردووە. ئەو ئامێرۆکەیە دوو پارچەیە یەکیان وەك تۆقەیەکی بچووکی پرچ بە تەبلێتەوەکەوە دەنووسێت. ئەوەی دیکە وەك ریمۆت کۆنترۆڵێك سوودی لێوەردەگیردرێت، دەکرێت بەهۆی ریمۆ کۆنترۆڵەکە لاپەڕەی کتێبە دیجیتالییەکە بگۆڕی و سەرو خواری پێبکەی و لەو شوێنەی مەبەستتە رابیبگری. دەکرێت بۆ ئەوەی چاوەکانت کێشەیان بۆ نەیەتە پێش کتێبخوێنەکە لەخۆت دوور رابگری. یەکجار شەحنی بکەوە بۆ مانگێك بەسە.







## ماڵپەڕێکی پڕ لە داتا و زانیاری

ماڵپەڕەکانی تایبەت بە داتا و زانیاری لە جیهانی ئینتەرنێتدا گەلێکن، یەکێك لە باشترین ماڵپەڕەکان لە بارەی داتا و ئامار لەبارەی هەموو شتێکەوە پێموایە ماڵپەڕی nationmaster.comیە. ماڵپەڕەکە زۆر سادەیە کاتێك دەیکەیەوە بۆکسێکی بەدواداگەڕان نیشاندەدا و هیچی دیکە. بەڵام کاتێك شتێك لە بۆکسەکەدا دەنووسی ئیدی زانیاری تەواو لەبارەی ئەو شتەت پێدەبەخشێت. بۆ نموونە بنووسە (پەتاتە) ئیدی زانیاری تەواو لەسەر ئاماری بەرهەمهێنانی پەتاتە لە جیهاندا نیشان دەدا، وەك ساڵانە چەند تەن پەتاتە بەرهەم دێت، زۆرترین وڵاتی بەکارهێنەری پەتاتە کوێیە، چ وڵاتێك لە ریزی یەکەمی بەرهەمهێنانی پەتاتە دایە و زۆر شتی دیکە. بۆ هەر مەبەستێك چ وڵات بێ و چ کەلوپەل زانیاری گرنگی تێدایە.

# پرۆگرامێک بۆ دەستکاریکردنی فیلم

ئیدێت یا دەستکاریکردنی فیلم لە بەرهەمهێنانی فیلمدا گرنگی خۆی هەیە. گەلێك پرۆگرام هەن بۆ دەستکاریکردنی فیلم و پرۆگرامی Avid Media Composerیش یەکێکە لەو پرۆگرامانە و لە ریزی باشەکانیشیان دێت.

پرۆگرامەکە بۆ دەستکاریکردنی فیلم، کلیپی تەلەڤزیۆنی و ریکلامی بازرگانی لەریزی باشەکان دێت. پلاتفۆرمی پرۆگرامەکە کراوەیە و ئەو هەلە دەڕەخسێنێ لەگەڵ گشت ئەو پرۆگرامانەی تایبەتن بە ڤیدیۆ بگونجێ. بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە دەکرێت دەنگ لەسەر فیلم دابندرێ و پاشان دەستکاری فیلمەکە بکرێت. زیاتر ئەو کەسانەی شارەزای ئەو بوارەن سوود لەو پرۆگرامە وەدەگرن.

بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی پرۆگرامە ئەوانەن:

- پشتیوانی لە سیستەمی ٦٤ بیتی دەکا بۆ بردنە سەری کارایی زیاتر و دانانی ئێفێکتی جۆراوجۆر.
- هاوئاهەنگ بوونی لەگەڵ پرۆگرامی Nitris DX بۆ تۆمارکردن، دەستکاریکردن و نیشاندانی خێرا.
- دەستکاریکردنی فیلمی سێ ڕەهەندی.
- مێکسکردنی دەنگ بە هەموو جۆرێکەوە.





# کاریگەری جلوبەرگ و ئێکسسوارەکان لەسەر پێست

هەندێ جار ئافرەتان گلەیی ئەوە دەکەن کە پۆشینی جلوبەرگ و ئێکسسوارەکانیان دووچاری بێزاربوون و هەستەوەریی پێستیان دەکاتەوە، کە هەندێ جار بەرکەوتنی نێوان هەستەوەریی کەسەکە و ماددەی جلوبەرگەکان دەبنە ئەو هۆکارە، ئەو جلوبەرگ و ئێکسسوارانەی لە ئاسن و مس و کەرەستەی سادە دروست دەکرێن، هەندێ جار دەبنە مایەی دەرکەوتنی هەستەوەری و سوورهەڵگەڕان و سووربوونەوەی پێست، هەروەها حاڵەتیش هەیە کە دەبێتە هۆی دەرکەوتنی نەخۆشییەکانی پێست، بە تایبەت ئەو ئێکسسوارانەی کە دەچنە نێو پێست وەك: گوارە، خەزێن. بەشێکی دیکەیان پێست دەگرن و نێوانیان نابێ، وەك: ئەڵقەو ئەنگوستیلە، کە بۆشایی نێوانیان نامێنێتەوە، بەم چەشنە ڕێگە بە هەوا نادات کە بچێتە نێوانیان و هەر بۆیە هەستەوەری دەردەکەوێت.

چارەسەری ئەو گرفتە بریتییە لە: ماوە ماوە داکەندنی جلوبەرگ و ئێکسسوارەکان، بە تایبەت لە شەو و کاتی خەوتندا، هەروەها کاتێك هەستت کرد یەکێك لە ئێکسسوارەکانت دەبێتە مایەی سوورهەڵگەڕان و هەستەوەری، پێویستە بیگۆڕیت یان نەیپۆشیت.

# هەنگاوەکانی گەورە دەرکەوتنی چاوەکانت





زۆربەی کچان حەز دەکەن چاویان گەورە بێت، یان بە گەورەیی دەربکەوێت، بە تایبەت لە بۆنە و ئاهەنگەکاندا کە چاوەکان دەبنە جێی سەرنجی هەموان، پسپۆڕی جوانکاریی ئیسپانی (ئیزابێل پیدرۆ)، بۆ گەورە نیشاندانی چاوەکان چەند ڕێنماییەك پێشکەش بە خانمان دەکات و دەڵێت: «بۆ گەورکردنی چاوەکانت دەکرێت سوود لە پڕیی پرژانگەکانت وەربگریت، یان دەتوانیت برژانگی دەستکرد دابنێیت»، هەنگاوەکانی گەورەکردن و گەورە نیشاندانی چاوەکانت دەتوانی بەم ڕێگایانە بێت: سەرەتا پێویستە وردە مووەکانی دەوروبەری چاوت بکەیت، نابێت کل لە ناوەوەی چاو بدرێت، چونکە چاوەکانت بچووك و قەبارەشی بچووك دەکاتەوە، بۆیە باشترە لە دەرەوە بدرێت، بەم هۆیەوە پێویستە ئایلاینەر لە دەرەوەی برژانگ بدرێت، تا چاوەکانت گەورەتر دەربکەون، لە جێگەی قەڵەمی ڕەش، دەتوانیت قەڵەمی سپی لە نێو چاودا بدرێت، هەروەها دەکرێت ڕەنگی کراوەش بەکار بهێنێت، پێویستە قەڵەمی سپی لە چێوە ناوەوەی چاو لای لووت بدرێت، دوای ئەو هەنگاوانە پێویستە هێڵی چاو کە بەرەو دەرەوەی چاو دەچێت، بەرەو سەرەوە بچێت و شێوەی لاریشی پێوە دیاربێت، هەروەها پێویستە تا کۆتایی هێڵەکە باریکتر ببێتەوە.



# دەستە گوڵ بۆ ڕۆژی دەرچوون و بۆنە و یاد و هاوسەرگیری

گوڵ هێمای جوانی و خۆشەویستی و ناسکییە، ئافرەت وەك گوڵ وایە، تا چەند ئاگاداری ناسکیی خۆی بیت و بیپاریزیت، زیاتر گەشاوەتر دەبێت، هەمیشە گوڵ خۆشەویستی هەموانە، لە هەر بۆنە و یاد و زەماوەند و مارەبڕینێکدا گوڵ جێگەی خۆی هەیە، تەنانەت لە دیکۆریماڵیشدا جێگەی دەبێتەوە، هەروەها لە نێو ئۆتۆمبێلەکانی ئافرەتان و لاپەڕەی کتێبەکانیشیاندا گوڵێکی وشك بوو هەیە، هونەری هەڵبژاردن و هەڵگرتنی گوڵ گرنگە بۆ خانمان، بە تایبەت کاتێك لە بۆنە و یادێکدا بن، دەستەگوڵەکان لە شێوەی پاکێچ دادەنرێن، لەگەڵ گوڵەکاندا قردێلە و چنین و کاغەزی کۆریش و کریستاڵ بەکار دەهێنرێت، تاوەکو زیاتر ڕازاوە بێت، بۆ ئەوانەی کەسی نزیکی خۆتن و ڕۆژی زەماوەند و هاوسەری و مارەبڕینیان هەیە، یان ئەوانەی لە بۆنە و یادێکی تایبەتدا بانگهێشتت دەکەن، هەوڵ بدە دەستە گوڵێکیان وەك دیاری بۆ ببیەت، چونکە مانادارە و دیارییەکی نایابە، با دیارییەکەت گوڵی سرووشتی و زیاتر لە سێ گوڵ بێت، نەوەك دانەیەك و تەواو، دەستە گوڵەکان چەند ڕەنگاوڕەنگ بن، زیاتر سەرنجڕاکێشتر و جوانترن، گوڵەکان تەنیا بۆ بۆنە و یادەکان نین، بەڵکو دەتوانی بۆ کاتی گەشت و دەرچوونیش گوڵێکت بە دەستەوە بێت، کە جوانتر و ناسکترت نیشان دەدات.

# مارلین مۆنرۆ و کچە کوردێک گوێنی دەکەنە جلوبەرگ




لە ساڵی ١٩٥١ دوای ئەوەی مشتومڕ لەسەر جوانی کچە ناوداری ئەمریکی مارلین مۆنرۆ کرا، کە دەگوترا مارلین تەنیا بە جلوبەرگ خۆی جوان دەکات و دەڕازێنێتەوە، ئەویش لە بەرامبەر ئەو قسانەدا گوێنییەکی پەتاتەی کردە جل و لەبەری کرد، بەو جلە گوێنییە پەتاتەوە چەندین وێنەی هونەری و جوانی گرت و لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکاندا بڵاوی کردەوە، وەك وەڵامێك بۆ قسەکانی خەڵك و میدیاکاران، وێنەکانی هێندە جوان بوو کە سەلماندی جوانییەکەی هی بە جلوبەرگ نییە، بەڵکو ناخ و شێوە و ڕوخساری مرۆڤ گوزارشت لە جوانیی دەکەن، قسەیەکی خۆمانە هەیە کە دەڵێ: ئەگەر گوشیش (گونیە) لەبەر بکات هەر جوانە، بۆ ئەوانەیە کە جوانن، جوانییان بە جلوبەرگ ناشاردرێتەوە، بۆ ئەم مەبەستە کچێکی دهۆك کە دکتۆرەیە ناوی زینەیە، ئەویش هەڵساوە بۆ ئامادەکردنی جلێك لە کیسەی برنج، تەنانەت هێندە جوان و کەشخەیە، وەك ئەوە وایە جلێکی کاشواڵی لەبەر بێت، ئەوەی خۆمان گوێنیی برنجی کردووەتە بەری و مارلین مۆنرۆش گوێنیی پەتاتەی وەك جلێکی جوان لەبەر کردووە، مارلین مۆنرۆی کوردی دکتۆریە و ئەوەی دیکەش ئەکتەر و گۆرانیبێژە.






# جلوبەرگ
# لە تۆڕی جاڵجاڵۆکە

داهێنان لە کارامەیی بیرۆکە و کاری کرداری بەر هەموو کەسێك ناکەوێت، ئەوانەی بیر لە کاری جوان دەکەنەوە هەمیشە پێشەنگن، وەك ئەو دوو پیاوە کە ناویان (پیریس و گۆدلی) هەڵسان بە دروستکردنی تیمێك کە پێك هاتبوو لە ٨٠ کەس، دەستیان کرد بە کۆکردنەوەی زیاتر لە یەك ملیۆن ودوو سەد هەزار جاڵجاڵۆکەی زێڕین لە ماوەی پێنج ساڵدا، دواتر دەگمەنترین و جیاوازترین جلیان دروست کرد لەسەر زەوی، لە ئێستادا جلەکە لە (مۆزەخانەی مێژووی سرووشتیی نیویۆرك) هەڵگیراوە، کە یەکێکە لە سەرنجڕاکێشترین جلوبەرگ بە ڕەنگ و پێکهاتەیەکی نەرم و نیان.





## پاڵەوانی سەدان حاڵەتی خۆکوژی



زۆرن ئەوانەی پاڵەوانن و سەربازی ونن، لە کاتێکدا دەتوانن داستانێك تۆمار بکەن، تا ئەو کاتەی ناوبانگیان لە چاکە و کاری مرۆڤایەتی بڵاو دەبێتەوە، وەك ئەو پیاوە چینییە کە ژیانی خۆی تەرخان کردووە بە ڕزگارکردنی ئەوانەی لە هەوڵی خۆکوشتندان، پیاوێکی چینی بەناوی (چین سی هەمو) هەفتەیەکی لەسەر پردی ڕوباری یانگتسی بەسەر دەبات، بۆ ئەوەی ژیانی ئەو کەسانە ڕزگار بکات کە هەوڵی خۆکوشتن دەدەن، لە ماوەی ١٣ ساڵدا ژیانی ٣٢١ کەسی ڕزگارکردووە.

## هاوڕێیەتیی نێوان کچ و پشیلەیەک

هاوڕێتی و نزیکبوونەوەی نێوان مرۆڤ و گیانداران سنووردارە، کە جار جار وەك دیاردە دەردەکەون، کە گیاندارێکی ترسناك یان خۆماڵی لەگەڵ کەسێکدا ڕۆژانەی ژیانیان بەیەکەوە بەسەر دەبەن، وەك ئەو کچە ژیکەڵەیە کە ئەوەندەی لەگەڵ پشیلەکەی یاری دەکات، هێندە لەگەڵ دایك و باوکی نییە، ئەو کچە ناوی (کاترین)ە و تەمەنی (٤) ساڵە، پشیلەیەك بەر لە لەدایکبوونی ئەو کچە لەلایەن دایکی ئەو منداڵەوە پەروەردە و بەخێوکراوە، پشیلەکە بە (لیلۆ) بانگ دەکرێت و تەمەنی (٦) ساڵە، هاوڕێیەتی نێوان ئەو کچ و پشیلەیە، وای کردووە کە سەرنجی فوتۆگرافەرەکانیش ڕابکێشێت، ئەوەتا ناودارترین فۆتۆگرافەری شاری سانت بترسبۆرگی ڕووسی (ئەندی پرۆگ) وێنەی ئەو کچە و پشیلەی بڵاو کردووەتەوە.






## کاریکاتێر

ئەم کاریکاتێرە باس لە شێواندنی خەڵك دەكات لەلایەن دەسەڵاتدارانی جیهانەوە، كە ڤایرۆسێك بە چەندین شێوەی جۆراوجۆر بە خەڵك نیشان دەدەن، گوایە كۆمەڵێك ڤایرۆسن، بەڵام لە ڕاستیدا تەنیا دانەیەكە و گۆڕانكاریی پێ دەكرێت.

## میوزیك

### For My Hand - بۆ دەستەكانم

یەكێكە لە تراكە خۆش و بە جۆشەكان كە ئەمساڵ مانگی ١٠ بڵاو كراوەتەوە، لەلایەن تیمی Burna boy گوتراوە، ئەو تیمە پێك هاتووە لە دامینی ئیبوێلیوا ئۆگلۆ ئیم ئێف ئار، كە گۆرانیبێژی نێجیرییە و بەم دواییە لەگەڵ ئێد شیرین بەرهەمەكەیان پەرە پێ داوە، لە ساڵی ١٩٩١ لە شاری پۆرت هاركۆرت لە نێجیریا لەدایكبووە، تراكەكە لە ئەلبوومی Love، Damini بەرهەم هاتووە و لە جۆری ئەفرۆبیتسە.

# دووبارە زیندوو دەبێتەوە



ئەو ئافرەتە كە لە ساڵی ١٩١٥ ناوی ئیسی دنبار بوو بە جەڵدەی دەماغ دەمرێت و كفنی دەكەن، بەڵام یەكێك لە خوشكەكانی درەنگ دەگاتە سەر تەرمەكەی و داوا دەكات بۆ دوایین جار ڕوخساری ببینێت، دوای ئەوەی گۆڕەكەی هەڵ دەدەنەوە و تابوتەكە دەكەنەوە، دەبینن هێشتا لە ژیان ماوە، جێگەی سەرنجە ئیسی دنبار دوای دەرهێنانەوە ٤٧ ساڵی دیكە ژیا، بەڵام تووشی بارێكی تێكچووی دەروونی بووبوو، بەهۆی ئەوەی ئەو ماوەیە لەناو گۆڕدا بوو، تا چارەسەری پزیشكی و دەروونی كرا.

# یاسا



**میرانە رسوماتی قەرزار**

نابێت میرانە (رسومات) لە قەرزار وەربگیرێت لە بەڕێوەبەرایەتیی جێبەجێكردن، ئەگەر قەرزەكەی لە دەرەوەی بەڕێوەبەرایەتییەكە بە خاوەن قەرز درایەوە، بڕیارێكی گرینگی دادگای تێهەڵچوونەوەی ناوچەی هەولێر، بە سیفەتی تەمیزی، كە بڕیارێكی جێبەجێكاری هەولێر ڕەت دەكاتەوە، بە وەرگرتنی (میرانە) چونكە قەرزار لە دەرەوەی بەڕێوەبەرایەتییەكە قەرزەكەی دابووەوە، ناوەڕۆكی بڕیارەكە ئەوە دەخاتە ڕوو، كە میرانەی یاساییی نابێت لە قەرزار لە بەڕێوەبەرایەتیی جێبەجێكردن وەربگیرێت، ئەگەر قەرزەكە لە دەرەوەی بەڕێوەبەرایەتیی درابووەوە. ئەمەش بەپێی یاسا، بڕیارەكەی دادگا ئاماژە بە نایاساییبوونی ڕێنماییەكانی وەزارەتی داد دەكات (كە جێبەجێكاری داد، پشتی پێ بەستووە) و بەڕێوەبەرایەتییەكانی جێبەجێكردن پابەند دەكات بە كار نەكردن بەو ڕێنماییانە. نابێت میرانە(رسومات) لە قەرزار وەربگیرێت لە بەڕێوەبەرایەتیی جێبەجێكردن، ئەگەر قەرزەكەی لە دەرەوەی بەڕێوەبەرایەتییەكە بە خاوەن قەرز درایەوە. جێبەجێكاری داد دەڵێت: «ڕاستە بڕیاری تەمییزی هەیە بەڵام ئێمە كاری پێ ناكەین».

### كاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

هەمو ئاماژەكان ئەرێنین لە ژیانی تایبەتیتدا، ئەم ماوەیە بیر لەوەبكەرەوە كە گۆڕانكاری لە لایەنی پیشەیی ئەنجام بدەیت، ڕۆتین بشكێنە، چونكە ڕێگری دەكات لەوەی بیرۆكەكانت بەكار بهێنیت.، هەوڵ بدە وەك خۆت بیر بكەیتەوە و لە هەمان كاتدا سوود لە ئامۆژگاری كەسانی دیكەش وەر بگریت.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

كاتێكی گونجاوە بۆئەوەی پەیوەندییەكانی ڕابردووت لەگەڵ كەسە نزیكەكانتدا چاك بكەیتەوە، كە لەبەر چەند هۆكارێك نێوانتان تێك چوو بوو، لە ڕووی پیشەییەوە لە ئامانجەكەت نزیك دەبیتەوە، لە ڕووی تەندروستییەوە لە خواردنەوە گازییەكان دوور بكەوەرەوە.

### جمك ٥/٢١ - ٦/٢٠

ئەم ماوەیە چێژ لە كاتەكانت ببینە، بڕۆرە دەرەوە و كەسانی نوێ بناسە، ئەمەش وا دەكات پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكانت فراوانتر بێت، لەبری ئەوەی بیر لەوە بكەیتەوە كە بیركردنەوەی خۆشەویستەكەت بگۆڕیت، باشترە خۆت لەگەڵ جیاوازییەكانی ڕابهێنیت.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

ئەم پرۆژانەی ماوەیەكی زۆرە كاریان لەسەر دەكەیت، دوایان مەخە و لە كاتی خۆیدا ئەنجامیان بدە، لە ئەنجامدانی كارەكانتدا تەمەڵی مەكە، لەلایەنی سۆزدارییەوە خۆت بە كەسانی دیكە بەراورد مەكە و،وا باشترە ژیانی خۆتت بەو شێوازە خۆشبوێت كە هەیە.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

لە ڕووی پیشەییەوە باشترین هەوڵی خۆت دەدەیت، ئەمەش بەرەو سەركەوتنت دەبات، بیر لەوە بكەرەوە پەیوەندیت لەگەڵ هاوڕێكانتدا چاك بكەیتەوە و كۆتایی بە ناكۆكییەكانت بهێنیت، پێویستت بەوەیە گۆڕانكاری لە شێوازی ژیانتدا بكەیت و لە خووە ناتەندروستەكان دوور بكەویتەوە.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

دڵنیابەرەوە لەوەی كە نەیارەكانت ببەخشیت، ئەمەش وا دەكات هەست بە ئاسوودەیی بكەیت و چیتر لە دڵەڕاوكێدا نەژیت، متمانە هۆكاری بەهێزبوونی پەیوەندیی خۆشەویستی تۆ و هاوسۆزەكەتە، لە خواردنە ناتەندروستەكان دوور بكەوەرەوە.

بۆ زانیاریت

# ئەگەر مێشک ٪١٠٠ کار بکات



لە کاتێکدا مێشکی ئەنیشتاین ٪٤ ئیشی دەکرد، لەگەڵ زیرەکیی ئەو هەموو زانایانەدا، کەسیان نەگەشتووەتە ٪٤ تەنیا ئەنیشتاین نەبێت، ئەگەر مێشك ٪١٠٠ ئیشکات جڵەوی دڵی خۆی دەکەوێتە دەستی خۆی، دەتوانێت ١٠جار بەدەوری قەترە ئاوێك دا بسوڕێتەوە کە لە یەك مەتر بکەوێتە خوارەوە، باز دانت پێنج مەتر دەبێ، چاوەکانت ئەوەندە بەهێز دەبن دەتوانی لە دووریی ٥٠٠ مەتر شت بخوێننەوە، ڕاکردنت بەخێرای ٣٠٠ کم دەبێ لە سەعاتێکدا، دەتوانیت زۆر ئاسایی گوێت لە دەنگی دەمارەکانی خوێنی خۆت بێت کاتێ خوێنیان پیا دەڕوات، هەستی بۆنکردن پێنج هێندەی سەگێك بەهێز دەبێت، ڕێگەی پەیوەندیکردن ئیش دەکا لە مێشکی کەسێ بۆ کەسێکی دیکە هەرچەند لێت دوور بێت، بێ ئەوەی دەمت بجولێت، هێزی دەنگ ٧٦ هێندەی خۆی زیاد دەکات، کێشەی ئێسکت نابێت، دەکرێت بڵێین ئێسکەکان وەکوو ئاسن بەهێز دەبن و بەرگەی هەموو ڕووداوێك دەگرن، هێز و بازوی هەرکەسێك توانای هەڵگرتنی پێنج تۆنی هەیە، ڕەنگە ئەوکات مرۆڤ توانای فڕینیشی هەبێت.



## پەند و وتە

ویلیام سۆمێرسێت ماگوم نووسەری ئینگلیزی و ڕۆماننووس و نووسەری کورتە چیرۆك، لە ساڵی ١٨٧٤ لە پاریس لەدایکبووە و لە ساڵی ١٩٦٥ لە فەرەنسا کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی ماندووبوون دەڵێت: «مەزنەکان وا دەزانن کە ماندووبوون زۆر کارێکی وەرچەرخان و شایستەییە، هەروەها وەچەرخان و شایستەبوونیش شتێکی وا نییە، بۆیە ماندووبوون لە پێناو ئامانجێك ئاساییە».



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا ئافرەتێك بە ڕوونی دیارە، بۆ زانینی ئاستی زیرەکیت هەوڵ بدە لە ماوەی یەك خولەکدا ئافرەتێکی دیکەش لە وێنەکەدا بدۆزیتەوە.

## فیلم



### قوتابخانەیەك بۆ باش و خراپەکاران
### The School for Good and Evi

باس لە دوو هاوڕێی نزیك دەکات، کە ناویان (یۆفی و ئاگاتایە) فیلمێکی دراما و فانتازیایە، دوای ئەوەی ئەو دوو هاوڕێیە خۆیان لە نێو شەڕانگێزی و دووبەرەکیدا دەدۆزنەوە، ئەوانیش هەوڵ دەدەن کە یەکسانییەك دابنێن لە نێوان کەسە خراپ و باشەکانی نێو دووبەرەکییەکە و لایەنەکان بناسرێن، فیلمەکە لە مانگی ١٠ی ئەمساڵ نمایش کراوە، لە دەرهێنانی پاول فەیگ، نووسینی جۆن شوارتزمان، ماوەی فیلمەکە دوو کاتژمێر و ٢٧ خولەکە، لە نواندنی: (سۆفی ئان کۆرسۆ، سۆفیا وایلی، جەیمی فلاتێرز، چارلیز تیرۆن، کیت بۆنگ، میشیل یۆ)یە.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

بەشێك لە کارەکانت لە ڕووی پیشەییەوە بەو شێوازە ناڕوات بەڕێوە کە خۆت دەتەوێت، ئەم ماوەیە باشترە سوود لەو چانسانە ببینیت لە دێنە بەردەمت و هەموو شتێك ڕەت مەکەرەوە.، زۆرجار هاوکاریی کەسانی دیکە دەبنە پاڵپشت بۆ پلانەکانت.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

لە ڕووی پیشەییەوە کارەکان بەرەو باشی دەڕۆن، ئەم ماوەیە باشترە چاوت لەسەر جووڵەی هاوپیشەکانت بێت، ڕەنگە بیانەوێت زیانت پێ بگەیەنن، لە ڕووی تەندروستییەوە هەوڵ بدە دووربکەویتەوە لەو خواردن و خواردنەوانەی شیرینن و زیان بە تەندروستیت دەگەیەنێن.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

لە ڕووی پیشەییەوە ڕووبەڕووی چەند بەربەستێك دەبیتەوە کە چاوەڕوانی نەبویت، متمانەت بە بەهرە و تواناکانت هەبێت، لە ئێستادا پێویستە سەرنجت لەسەر ئەو شتانە بێت کە بۆت گرنگن، کارێك مەکە ئەم ماوەیە کە دڵی خۆشەویستەکەت بڕەنجێنێت.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١


لە ڕووی پیشەییەوە هەندێك جار پێویستە بڕیاری مەترسیدار بدەیت، بۆ ئەوەی بگەیت بە ئامانجەکەت، لە ڕووی سۆزدارییەوە ئەو پاڵپشتییەی بەهۆی خۆشەویستەکەتەوە هەتە، وا دەکات زیاتر متمانەت بە خۆت هەبێت، لە پێناو تەندروستیی دەروونتدا لە توڕەیی دوور بکەوەرەوە.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

لە ڕووی پیشیەوە وا دەردەکەوێت کارەکان زۆر باش نەڕۆن بەڕێوە، بەڵام بەهۆی لێهاتوییتەوە دەتوانیت چارەسەریان بکەیت، دەمەقاڵێی بەردەوام لێکتێنەگەشتن لە نێوان تۆ و خۆشەویستەکەت دروست دەکات، هەوڵ بدە بابەتەکان بە ئارامی تاوتوێ بکەن.


### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩


لە ڕووی پیشەییەوە هەوڵ بدە بە لێهاتویی خۆت گرفتەکان چارەسەر بکەیت، هەوڵ مەدە داوای یارمەتی لە کەسانی دیکە بکەیت و متمانەت بە خۆت هەبێت، لە ڕووی سۆزدارییەوە دوور بکەوەرەوە لەوەی ڕەخنە لە خۆشەویستەکەت بگریت.




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:
https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone

# ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:
https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulanmedia.com

Gulan Weekly
November 7, 2022 Issue,No.1340


# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:
Dedicated Internet Services
VSAT
..........Copper Wired Networking
.............Wireless Networking
.............Fiber Optic Networking
VoIP Video Streamnig
VPNs
CCTV Cameras
Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی ڕاستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626